# کـاروانـی
# 38 شۆڕشگێڕەکە

سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە ژێلەمۆی شۆڕشەوە

## مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری

ئۆرگانێکی کەلتوری و پەروەردەییە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی (ی.ن.ک) پەسەندکراو لە چوارەمین کۆنگرە لە ساڵی ٢٠٢٠ دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لەرەخساندنی زەمینەی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی لەسەر بنەماکانی سۆشیالیست دیموکرات، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی بابەتەکانی بیری هاوچەرخ و دابینکردنی ئەدەبیاتی رێکخراوەیی، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کادیران لە بوارە جیاجیاکاندا، نووسینەوەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و شۆڕشی نوێ و رۆڵی لە بووژاندنەوەی گیانی بەرگری و ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

# کاروانی 38 شۆڕشگێڕەکە

سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە ژیلەمۆی شۆڕشەوە

بڵند شاڵی

وەرگێڕان و داڕشتنەوە: بورهان حاجی سلێمان
2021

**ناوی کتێب: کاروانی 38 شۆڕشگێڕەکە**
نووسین : بڵند شاڵی
وەرگێڕان و داڕشتنەوە: بورهان حاجی سلێمان
دیزاین: هەرێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: 3000 دانە
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: 2021
شوێنی چاپ: کوردستان - سلێمانی
زنجیرە : 13/560

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٦٦٩ ) ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە

سەرپەرشتیاری زنجیرەی کتێب
**عوسمان حەسەن شاکر**

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی گەشەپێدانی بیروهۆشیاری

www.pukhoshiari.com info@pukhoshiari.com

## پێشەکی وەرگێڕ

مـێـژووی یـەکێتیی نیشتمانی کـوردسـتـان مـێـژووی دەستپێشخەری و قوربانیدانە، ئـەم کتێبەش لاپـەڕەیـەکی پرشنگدارو مشتێکە لە خەرواری ئەو مێژووە پەرجووئاسایە، دیـرۆکـی (٣٨ شـۆڕشـگـێـڕە) کـە رێـگـای پـڕ لـە مەترسیی و بەربەستەکانی نێوان ئێران و عێراق و تورکیاو سوریا دەبڕن، تا بـەدەنگ بـانـگـەوازە هیوابەخشـەکەی رەوانـشـاد سـەرۆک مـام جـەلالـەوە بچن و دوای مەشقێکی سەربازیی چڕوپڕو خولی فیکری لەبارەی ناساندنی ئامانج و ئاراستەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هۆشیارکردنەوەیان، بە ورەیەکی پۆلایین و ئاسۆیەکی فیکری روونــەوە دەگـەڕێنـەوە بـەرەو کوردستانی عێراق و لە ناوچەی بادینان چەخماخەی شۆڕشی نویێ لێدەدەن و مژدەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی خەبات دەدەن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئـەو (٣٨ شـۆڕشـگـێـڕە) کـە زۆربــەی هــەرە زۆریــان تا شـەهـیدبـوون و چـوون بـۆ بـەردەمـی پـەتـی سـێـدارە، یان زیندانیکردن، یان تاکۆتایی کاروانی خەبات بـەردەوام دەبن،

چیرۆکی زۆربەیان لە داستانێک دەچێت، بەتایبەتی چیرۆکی (ئیبراهیم عەزۆ) فەرماندەی مەفرەزەکەو (شەهید سەعید)و (عەبدولرەحمان شەنگالی)و ئەوانی دیکە، کە لەو شەوەزەنگ و کەشە پڕ لە بێهیواییەدا، دوای ئاشبەتاڵی ١٩٧٥ بەماوەیەکی کەم، مەشخەڵی هیوایان لە بادینان داگیرساند.

ئەم کتێبە بەنرخە کە برای بەڕێز (بڵند شاڵی) بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی و مەکتەبی گەشەپێدانی بیرو هۆشیاری ئەرکی لە چاپدانی گرتووەتە ئەستۆ، ئێمە لە مەکتەبی گەشەپێدانی و بیرو هۆشیاری بەباشمانزانی وەریبگێڕینە سەر زمانی کوردی تاکو خوێنەری کورد بەو لاپەڕە پرشنگدارەو بادینانی لانکەی شۆڕشی نوێ زیاتر ئاشنا بکەین و بە خۆشحاڵیەوە ئەو ئەرکەش بە بەندە سپێردرا.

لەم وەرگێڕانەدا بە راوێژو رێککەوتن لەگەڵ نووسەر، شێوازی نووسینەکەمان گۆڕیوەو ناونیشانی لاوەکیمان بۆ جیاکردنەوەی چیرۆک و قوناغەکان داناوە بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکە هەبێت، هەروەها بەهەمانشێوە هەندێ زانیاری و کەموکورتیی بچووک (کە هیچ لە بەهای بەرهەمەکە کەمناکاتەوە) بەرێککەوتن لەگەڵ نوسەرو لە هەندێک شوێن لەسەر داوای خۆی راستکراونەتەوە، لە پەراوێزەکانیشدا تیشکی زیاتر خراوەتەسەر جوگرافیاو کەسایەتییەکانی بادینان بۆ ئەوەی وێنەیەکی فراوانتر لە هزری

خوێنەر لەسەر ناوچەکەو ڕووداوەکانی دروست بێت.

هیوادارین بەم بەرهەمە توانیبێتمان تیشکێک بخەینە سەر ئەو داستانە کە سەلمێنەری ئەوەیە: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لە سەرەتاوە وەکو حیزبێکی مۆدێرن و گشتگیر و سەرتاسەری لە کوردستان هاتۆتە مەیدانی کۆڕو خەباتەوەو هەموو بستە خاکێکی ئەم نیشتمانەی بە خوێنی ئاڵی شەهیدەکانی ئاودراوە.

بورهان حاجی سلێمان

وەرگێڕ

□ وەرگێڕان و داڕشتنەوە: **بورهان حاجی سلێمان**

## پێشەکی

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سەختترین و تاریکترین بارودۆخدا دامەزرا، لەکاتێکدا بەبیری کەسدا نەدەهات.. نەدۆست و نە دوژمن لەو بڕوایەدا نەبوون کورد جارێکی دیکە بتوانێت ١٠ جەنگاوەر بنێرێتەوە چیاکان، بەتایبەتی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بە شێوەیەکی کتو پڕ و چاوەڕواننەکراو، کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد مام جەلال تاڵەبانیی سیاسەتمەدارو پێشمەرگەو و مافناس و دیپلۆماتی دێرینی کوردو ژمارەیەک لە هەڤاڵانی، بتوانن لە ماوەیەکی پێوانەییدا رێکخراوێکی حیزبیی سیاسیی بەرین دابمەزرێنن کە چەندین حیزب و گروپی سیاسی و سەربازی لەخۆگرتبوو، تەنانەت هاوڕێ کورد و عەرەبەکانی سەرسامبوون بە بوێری و پاڵەوانێتی ئەم پیاوە لە روبەڕوبوونەوەی بارودۆخی عێراقی و هەرێمایەتی، هەروەها بە قۆڵهەڵماڵینی لە نێو ئاستەنگ و ئاڵەنگارییەکاندا.

لە ماوەیەکی پێوانەییداو لەساڵی ١٩٧٥دا مام جەلال سەرکەوتوو بوو لە دامەزراندنی گەورەترین گردبوونەوەی سیاسی و حیزبی کوردیی و دروستکردنی پەیوەندی و

هەماهەنگی لەگەڵ هێزە عێراقییە ئۆپۆزسیۆنەکان، هەروەها دەستیکرد بە ئامادەسازی بۆ پێکهێنانی چەند مەفرەزەیەکی سەربازی بچوک و رەوانەکردنیان بۆ ناو خاکی عێراق بۆ شکاندنی لوتبەرزی رژێمی بەعس و بەدرۆخستنەوەی وتەیەکی سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەو کاتی عێراق کە تیایدا وتبووی»ئەگەر دارخورما لەسەری جەلال تاڵەبانی بڕوێت ناتوانێت ١٠ جەنگاوەر بنێرێتە چیاکان» .. ئەو مەفرەزە بچووکانە ئاراستەی رووداوەکانیان گۆڕی و گڕی شۆڕشی نوێیان لەدژی جەور و ستەم و دیکتاتۆریەت جۆشدا، یەکەمین چەخماخەی شۆڕشیش لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦دا لە بادینانەوە لێدراو ٣٨ شۆڕشگێڕ لە پێشەنگەکانی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی ئەندازیاری نەقیب (ئیبراهیم عەزۆ) ئالآی شۆڕشی نوێیان شەکاندەوە. ئەو ٣٨ شۆڕشگێڕە کە لە پێناو بەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد، هیوای دانانی بناغەی یەکەمی شۆڕشی نوێیان لە کۆڵنابوو.. بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشێک لە پێناو مرۆڤ لە پێناو هاوڵاتیبوون، لە پێناو ئازادی و دیموکراسی و شکۆمەندی، لە شاری قامیشلۆوە دەرچوون و بەناو سنووری تورکیادا گەیشتنەوە بادینان.

لەم لێکۆڵینەوە مێژووییەدا باس لە سەرەتاکانی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین، هەروەها چۆن پۆل پۆل هاوڵاتیان و کادرو پێشمەرگەکان چوونە ریزەکانیەوە،

چۆنیەتی ئامادەکردنی مەفرەزە چەکداریەکەو مەشقپێکردنیان لە دیمەشق و قامیشلۆ، کەی و چۆن لە ڕێگەی تورکیاوە چوونە ناو عێراقەوە، چۆنیەتی دابەشکردنی بۆ چوار مەفرەزەی بچوک و دابەشکردنیان لە چوار ناوچەی بادینان، تا بەئەرکی جاڕدانی شۆڕشی نوێ و ناساندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵبستن، هەروەها چۆن مەفرەزەکانی قیادە موەقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشداربوون لە کۆمەڵکوژی ئەم چوار مەفرەزەیە بە شێوازێکی نامرۆڤانەو لەڕێگەی غەدرو ناپاکیەوە.

لەم لێکۆڵینەوە مێژووییەدا زۆر هەوڵمداوە زۆرترین زانیاری لە شایەدحاڵەکان ئەوانەی نزیکی ڕووداوەکان بوون کۆبکەمەوە، هاوکات پشت بە سەرچاوە مێژووییە سەنگینەکان ببەستم، هەوڵیشمداوە ڕووداوەکان بە شێوەیەکی پاراوو سانا بگێڕمەوەو سەرچاوەکان بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بە دیکۆمێنت بکەم، بەشێوەیەک هیچ زانیارییەک بە بێ سەرچاوە نەهێڵمەوە، لەگەڵ ئەوەشدا داوا لە هەر کەسێک دەکەم کە زانیاری زیاتری سەبارەت بە ڕووداو و شوێن و هەڵوێست و کەسەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیەی لایە، هاوکارمان بن تاکو بۆ چاپی دووەم و دوای وردبینی و دڵنیابوونەوە لێی جێگەی بکەینەوە.

سوپاسی زۆرم ئاراستەی هەموو ئەوانە دەکەم بەشداربوون لە وردبینی زانیارییەکان و پێداچوونەوەی زمانەوانی ئەم

لێکۆڵینەوە، بەتایبەتی هەر یەک لە: (حاجی ئیبراهیم شاڵی باوکم و سەبیح محەمەد حوسێن و فەتحوڵا ئەلحوسەینی و عەبدوڵا عەلی سەعید).

دەمەوێت ئاماژە بەوەش بدەم کە تەنها بەم لێکۆڵینەوەیە ناوەستمەوە، بەڵکو بـەردەوام دەبم تاهێزی نوسینم ماوە بۆ نوسینەوەی لاپەڕەکانی دیکەی مێژووی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەناوچەی بادینان.

سەرکەوتن لە خواوەیە

## هەرەس و لەدایکبوونی هیوایەکی نوێ

(شۆڕشی ئەیلول[١]) بەسەرکردایەتی (مەلا مستەفای بارزانی[٢]) لە ساڵی ١٩٧٥ هەرەسی هێنا..

[١] دوای سەرکەوتنی شۆشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ عەبدولکەریم قاسم رابەڕی شۆڕشەکە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق بوو، داوای لە مستەفا بارزانی سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کرد کە لە ساڵی ١٩٤٥ەوە وەکو پەنابەری سیاسی لە یەکێتی سۆڤیەتی جاران دەژیا، بگەڕێتەوە بۆ عێراق و کۆتایی بە ژیانی دەربەدەری بهێنێت، بەڵام هەر زوو دۆخی سیاسی لە عێراق گۆڕانکاری بەسەردا هات و ناکۆکییەکانی نێوان سەرانی شۆڕشەکە کەڵەکە بوون، کرۆکی ناکۆکیەکانیش پەیوەندی بە نەخشەی سیاسی و پێناسەی دەوڵەتی نوێوە هەبوو، هەردوو جەمسەری ناکۆکیەکەش پێکهاتبوون لە بیری نیشتمانی دیموکراتی کە عەبدولکەریم قاسم رابەڕایەتی دەکردو بیری نەتەوەپەرستی شۆڤینی بە رابەرایەتی عەبدولسەلام عارف و پاڵپشتی جەمال عەبدولناسر، پاش ئەوە عەبدولکەریم تاکرەوی لە دەسەڵات و بڕیارەکاندا کرد، دۆخە سیاسیەکە بە ئاراستەیەکی پێچەوانەی داوا نەتەوایەتییەکانی کورددا رۆیشت، ئەمەش بووە هۆی راگەیاندنی شۆرشی چەکداری کورد لەئەیلولی ساڵی ١٩٦١ کە تاکو ساڵی ١٩٧٥ درێژەی کێشا، کە لەو ساڵەدا لەوڵاتی جەزائیر پیلانێکی نێودەڵەتی دارێژراو ناوی لێنرا رێککەوتننامەی جەزائیر، بە پێی بەندەکانی رێککەوتنەکەش عێراق بەشێکی شەتولعەرەبی عەرەبی دا بە ئێران لەبەرانبەر بڕینی هاوکارییەکانی بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەکوردستانی عێراقدا. بۆ وردەکاری زیاتر دەربارەی هۆکارەکانی هەرەسی شۆڕشی ئەیلول بڕوانە (د.مەحمود عوسمان هەڵسەنگاندنی کاروانی شۆڕشی کورد و هەرەس و وانەو پەندەکانی ١٩٦١ – ١٩٧٥، جنێڤ خانەی حقائق المشرق).

[٢] مستەفا بارزانی لە ١٩٠٣/٣/١٤ لە گوندی بارزان لەدایک بووە، دوای ئەوەی کورد لەکوردستانی ئێران ساڵی ١٩٤٥ بە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت یەکەم کۆماری کوردی لەناوچەی مهاباد دامەزراند، مستەفا بارزانی کرا بە سەرۆک ئەرکانی ئەو کۆمارە کە تەمەنی تەنها ١١ مانگ بوو، چونکە دوای لەشکرکێشی سوپای ئێران و کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە باکوری ئێران، کۆمارە ساواکە رووخاو بارزانیش لەگەڵ ژمارەیەک لەهاوڕێکانی چوونە یەکێتی سۆڤیەت و ١٩ ساڵ لەوێ مانەوە، لە ساڵی ١٩٥٨یش کاتێک سیستمی کۆماری لە عێراق راگەیەنرا، عەبدولکەریم قاسم داوای لە بارزانی کرد بگەڕێتەوەو گفتوگۆکان سەبارەت بە پێدانی هەندێک

بەڵام دوای ئەوەی لە نزیکبوونەوەی سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ لە هەمان ساڵ ئاگاداربوونەوە، کە (مام جەلال تاڵەبانی[1]) بەدەنگی خۆی لە ڕێگەی ئاژانسی هەواڵی سوریاوە

داواکاریی نەتەوەیی دەستپێکرد، بەڵام داواکارییەکانی بارزانی و گەلی کورد، لەگەڵ بۆچوونی سەرۆک عەبدولکەریم قاسم سەبارەت بەو مافانەی دەیدات بە کورد نەدەگونجان، بۆیە دووبارە ململانێ دەستی پێکردەوە، عەبدولکەریمیش هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر پێگەکانی بارزانی بەرپاکرد، ئەوەش بووە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی چەکداری بە رابەرایەتی بارزانی، پاش ئەوەی عەبدولسەلام عارف جڵەوی دەسەڵاتی گرتەدەست لەگەڵ ژمارەیەک سەرکردەی سیاسی و سەربازی کورد لەناویاندا بارزانی ڕێکەوت لەسەر دۆزینەوەی چارەسەری گشتگیری دۆزی کوردو لە نیسانی ساڵی ١٩٦٤ ڕێککەوتنێکی ئاشکرا کرد کە گرەنتی پێدانی مافە رۆشنبیرییەکان و بەشداری کورد لەحکومڕانی و هەندێک مافی دیکەی لەخۆگرتبوو، بەڵام دوای ئەوەی رەوتی عروبی توانی دزە بکاتە نێو دەسەڵاتەوە هەموو ئەو ڕێککەوتنانەی هەڵوەشاندەوە، لەدوای نۆ ساڵ لەجەنگیش لەنێوان کوردو حکومەتی عێراقی، حکومەت ناچاربوو لەساڵی ١٩٧٠ ڕێککەوتننامەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد واژۆ بکات، کە بەهۆی کودەتای سەرکرادیەتی حیزبی بەعس بەسەر ڕێککەوتنامەکەوە لەساڵی ١٩٧٤ و مۆرکردنی ڕێککەوتنامەیەک لەگەڵ شای ئێراندا درێژەی نەکێشا، بەپێی ئەو ڕێکەتنامەیەش عێراق سازشی لە بەشێک لە شەتولعەرەبی کردو وازی لەداواکردنی ئەهواز هێنا لەبەرانبەر راگرتنی هاوکاریی سەربازی و لۆجستی بۆ شۆڕشگێڕە کوردەکان، لەدوای ڕێککەوتنامەی جەزائیریش کە لەنێوان عێراق و ئێران بە دەستپێشخەری ئەمریکاو جەزائیر مۆرکراو عەبدولعەزیز بوتەفلیقە وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی جەزائیر ڕێکخەری بوو، بارزانی کە لەلایەن محەمەد رەزا شای پەهلەویەوە پشگیری دەکرا، بۆ ئەمریکا کۆچی کردو لەوێ مایەوە تا لە ساڵی ١٩٧٩ لە نەخۆشخانەی جۆرج واشنتۆنی ئەو وڵاتە بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی کرد.

[1] مام جەلال تاڵەبانی یەکێکە لە دیاریترین سەرکردەکانی کورد، دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و یەکەمین سکرتێریەتی، یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردە لە عێراق، لەنێوان ساڵەکانی (٢٠٠٥--٢٠١٤) لە دوو خولی سەرۆکایەتیدا هەڵبژێردرا، جەلال حوسامەدین نورولا تاڵەبانی لە ١٢ی تشرینی دووەمی ١٩٣٣ لە گوندی (کەلکان)ی دامێنی چیای کوسرەت کە دەڕاونێتە سەر دەریاچەی دوکان لە پارێزگای سلێمانی، لەدایک بووە، لەناو کوردو عێراقییەکان بە (مام جەلال) ناسراوە، ئەم نازناوەش هەر لەمنداڵیەوە پێی بەخشراوە، ساڵی ١٩٥٣ دەچێتە کۆلێژی ماف لەبەغدا، هەر لەهەمان ساڵداو لە کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، وەکو ئەندامی لێژنەی ناوەندی ئەو حیزبە هەڵدەبژێردرێت،

دواتر یەکێتی قوتابیانی کوردستان دادەمەزرێنێت و دەبێتە یەکەم سکرتێری ڕێکخراوەکە، لە ساڵ ١٩٥٦و چوارەمین ساڵی کۆلێژیدا ناچار دەبێت واز لە خوێندن بهێنێت، چونکە بەهۆی چالاکییەکانییەوە لە یەکێتی قوتابیان، بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت، لە تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و دوای ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، جارێکی دیکە مام جەلال گەڕایەوە بۆ کۆلێژی ماف و لەهەمان کاتدا وەکو ڕۆژنامەنووس و نوسەر لەهەردوو ڕۆژنامەی خەبات و کوردستان بەردەوام بووە، لەدوای تەواوکردنی کۆلێژ لەساڵی ١٩٥٩ بۆ خزمەتی سەربازی لە سوپای عێراق بانگهێشت دەکرێت و لە یەکەکانی تۆپخانەو زرێپۆش خزمەت دەکات و دەبێتە فەرماندەی یەکەی تانکەکان، کاتێکیش شۆڕشی ئەیلول دژی حکومەتی عەبدولکەریم قاسم لە ئەیلولی ١٩٦١ هەڵگیرسا، مام جەلال بەهۆی لێهاتوویی لەجێبەجێکردنی ئەرکە حیزبییەکانیدا دەبێتە بەرپرسی بەرەکانی جەنگی کەرکوک سلێمانی، لە کۆتایی پەنجاکانیش تا ناوەڕاستی شەستەکان، چەندین ئەرکی دیپلۆماتی پێسپێردراو نوێنەرایەتی سەرکردایەتی لە کۆبوونەوەکانی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، کاتێکیش پارتی لەساڵی ١٩٦٤ بووە دوو بەشەوە، مام جەلال لەبەرەی مەکتەبی سیاسی بوو، کە لە باڵی مەلا مەستەفا جیابووەوە...، لەدوای هەرەسی شۆڕشی کوردیش لە ئازاری ساڵی ١٩٧٥ کە بووە هۆی نەهامەتیەکی گەورە بۆ کوردی عێراق، وەکو باوەڕی تەواوی بەوەی کە کاتی ئەوە هاتووە ئاراستەیەکی نوێ بۆ بەرخودان و کۆمەڵگەی کوردی دیاری بکرێت، لەوسۆنگەیەوە لەگەڵ ژمارەیەک بیرمەندو چالاکوانی کورد، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی دامەزراند، لەساڵی دواتریش لەناو عێراق ئۆپۆزسیۆنی چەکداری ڕێکخست، بەوەش شۆڕشی نوێ بەسەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەستپێکرد، لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە لە ئازاری ٢٠٠٣، مام جەلال چووە ناو پرۆسەی سیاسیەوە و پێگەی سەرکردایەتی باڵای بەدەستهێنا، ئەوەی ئەو پێگەیەشی زیاتر بەهێز کرد، بردنەوەی هاوپەیمانی کوردستانی بوو کە وەک دووەمین هێزی عێراقی لەدوای ئیئتلافی شیعەوە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥دا بەدەرکەوت و مام جەلالیش وەکو سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرا، بۆ جاری دوەم لە تشرینی دووەمی ٢٠١٠دا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە بە بەدەستهێنانی زۆرینەی دەنگەکان جارێکی دیکە وەک سەرۆک کۆماری عێراق هەڵبژێردرایەوە، لە کۆتاییەکانی ژیانیشدا مام جەلال گیرۆدەی هەندێک نەخۆشی بوو، لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ داخڵی نەخۆشخانەی حوسێنی پزیشکی لە ئۆردن کرا، دواتر لە ئابی ٢٠٠٨ لە ئەمریکا نەشتەرگەریەکی دڵی بۆ ئەنجامدرا، دواتر لەساڵی ٢٠١٢ تووشی جەڵتەیەک دەبێت و دەچێت بۆ ئەڵمانیا بۆ چارەسەرو ماوەی ساڵ و نیوێک لەوێ دەمێنێتەوە، لەتەمموزی ٢٠١٤ جارێکی دیکە دێتەوە بۆ وڵات، پاش ماوەیەک جارێکی دیکە دەچێتەوە بۆ ئەڵمانیا تا لە کۆتاییدا و لەتەمەنی نزیک ٨٤ ساڵیدا لە نەخۆشخانەیەکی ئەڵمانیا کۆچی دوایی دەکات.

(سانا) داوای لە تێکۆشەرو پێشمەرگەو روناکبیران کرد بێنە ریزی بزافە نوێیەکەوە بەسەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە ١ی حوزەیرانی هەمان ساڵ دامەزرابوو..

ئەو بانگەوازەش دڵخۆشی خستە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، بەتایبەتی تێکۆشەرو پێشمەرگەکان، لەناو ئەوانەی بەدەنگی بانگەوازەکەوە چوون (ئیبراهیم عەزۆ[1])

---

[1] ئیبراهیم عەزۆ کە لەناو هاوڕێ پێشمەرگەکانی بە (جەبار) ناسراو بوو، لەساڵی ١٩٤٩ لە گوندی گرفرٍ سەر بە ناحیەی زوماری پارێزگای نەینەوا لەدایک بووە، ساڵی ١٩٥٥ لەهەمان گوند دەچێتە بەر خوێندن، قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری موسڵ تەواو دەکات، لەساڵی ١٩٧٠ کۆلێژی ئەندازیاری بەشی کارەبا لە زانکۆی موسڵ تەواو دەکات، لەسەردەمی کۆلێژدا بەهۆی زیرەکی و نیشتمانپەروەریی و داکۆکییەکانی لە مافە زەوتکراوەکانی گەلەکەیەوە، دەبێتە لێپرسراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، دوای تەواوکردنی زانکۆ دەبێتە ئەفسەر لە سوپای عێراق، چەندین خول و مەشقی سەربازی لە میسرو یەکێتی سۆڤیەت دەبینێت، پلەی ئەندازیاری نەقیبی لە بەشی موشەکی سوپای پێدەبەخشرێت، لەگەڵ دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینیندا ساڵی ١٩٧٠ لە کوردستان، دەبێتە ئەندامی لیژنەی یەکێتی لە بەغداو هەر یەک لەسەرکردەکانی رێکخستن (شێخ شەهاب شێخ نوری - خاڵە شیهاب و ئەنوەر زۆراب و جەعفەر عەبدلواحید – م.جەعفەر و جەبار فەرمان) سەردانی ماڵەکەیان دەکرد، لەچوارچێوەی رێکخستنەکانی کۆمەڵەدا شەهید ئیبراهیم عەزۆ پیاوێکی بەهێز و چالاک بوو، لەدوای ئاشکرابوونی ئەو گرووپە لەلایەن دەزگای هەواڵگری رژێمی ئەوکاتی عێراقەوە، لە ١٨ی ئەیلولی ١٩٧٥ ناچار بوو لەگەڵ ژمارەیەک لە هەڤاڵانیدا هەڵبێت بۆ سوریا، لەوێش چاوی بە مام جەلال دەکەوێت و دەبێتە سەرەتایەک بۆ دەستپێکردنی کاری رێکخستن لەگەڵ گرووپەکەیدا، جێگەی ئاماژەیە شەهید ئیبراهیم عەزۆ یەکەمین کەس بوو بەرپرسیارێتی یەکەم گرووپی سەربازیی پێکهاتوو لە چوار مەفرەزە وەرگرت کە شۆڕشی نوێی رایگەیاند، لەکاتێشکدا چیاو ناوچەکانی کوردستان لەلایەن پێشمەرگەوە چۆڵ کرابوون، هەر ئەو مەفرەزانە بوون لەسوریاوە خۆیان گەیاندەوە چیاکانی کوردستان لە دەڤەری بادینان و کۆڕو کۆبوونەوەیان لەگەڵ جەماوەردا ئەنجام داو مژدەی هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێیان پێدان، ئەو قۆناغەش قۆناغی بانگەشەی چەکداری بوو، شەهید ئیبراهیم عەزۆش رۆڵی گەورەی هەبوو لەناساندنی شۆڕشی نوێ و حیزبە نوێیەکە (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بە جەماوەر، لە ١٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦دا ئیبراهیم عەزۆ لەسەر دەستی ژمارەیەک چەکداری قیادە موەقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان، شەهید کرا

و دەیان ئەندامی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی مارکسی – لینینی کوردستان (کۆمەڵە) لە بەغداو تەواوی عێراق و کوردستان بوون، هاوکات سەدان پێشمەرگەو کادری شۆڕشی ئەیلول بەدەنگ بانگەوازەکەوە چوون، هەروەها گروپێکی گەنجی ١٦ کەسی لە ئۆردوگای زێوە کە ئێران لەنزیک سێگۆشەی (ئێران، عێراق، تورکیا) بۆ پەنابەرانی کورد لەدوای نسکۆ، دروستی کردبوو، گوێبیستی بانگەوازەکە بوون.

## ئەو گوتارەی رۆحی کردەوە بەر گەنجان

گوتارەکەی مام جەلال کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر ١٦ گەنجەکە، فرمێسکی شادی و نیگای پڕ لەهیوا لە روخساریان بەدیدەکرا، (جەلیل عەبدولا شاباز[١]) یەکێک بوو لەو گەنجانە، یەکێکیان بە دەنگێکی خەمناکەوە پرسی: «ئێمە چی دەکەین لەم ئۆردوگا سامناکە؟ بۆچی بەدەنگ بانگەوازەکەوە نەچین و نەڕۆین بۆ سوریا و بزانین لەوێ چی روودەدات، ئایا باشتر نییە لەوەی لێرە دانیشین و ئاخ بۆ شۆڕسی هەرەسهاتووی خۆمان هەڵکێشین لەکاتێکدا شۆڕشێکی نوێ وادەستپێدەکات؟».. دوای چەند رۆژێک لە راوێژو وتووێژ لەنێوان گەنجەکاندا، ١٢یان لەناویاندا (شاباز و فوئاد مەلا موسلیح[٢] و نوری محەمەد ئەمین حـەداد) بڕیار دەدەن بەناو خاکی تورکیادا خۆیان

[١] جەلیل عەبدولا شاباز لەدایکبووی ١٩٥٨/٨/١ه، لەگوندی کورەمارکی سەر بە ناحیەی سەرسەنگ-ی قەزای ئامێدی هاتۆتە دونیاوە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە دهۆک تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٦ لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکێکی نهێنی حیزبیدا لەناو شاری دهۆک، لەلایەن ئەمنی رژێمی عێراقیەوە دەستگیر دەکرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی هیچ دانپیانان و نهێنیەکی پێبدرکێنن، ئازادی دەکەن، دوای ئەوە درێژە بە خوێندنی ئامادەیی دەدات، بەڵام جارێکی دیکە دوای ئاشکرابوونی وەک پێشمەرگەیەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەستگیر دەکرێتەوە، پاش دەستبەسەراگرتنی دەسەڵات لەلایەن سەدام حوسێن و لادانی ئەحمەد حەسەن بەکرەوە، بەر لێبوردنی گشتی دەکەوێت و ئازاد دەکرێتەوە، پاش ئەوە ئامادەیی تەواو دەکات و لەساڵی ١٩٧٩ دەچێتە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری – بەشی ئابووری زانکۆی موسڵ، ساڵی ١٩٨٤ زانکۆ تەواو دەکات، دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، ساڵی ١٩٩٤ وڵات جێدەهێڵێت و کۆچ ئەکا بۆ ئەڵمانیاو لە شاری بەرلین دەگیرسێتەوە، پاشتر بڕوانامەی ماستەر لە ئابووری سیاسی لە زانکۆی ئازادی هۆڵەندا بەدەستێنێت.

[٢] رەهبەری سەید ئیبراهیم، سایەی هەیبەسوڵتان، ٢٠٠٨، ل١٦٩-١٧٠.

بگەیەننە سوریا... کاروانێکی سەخت و درێژو پڕ لەمەترسیان دەستپێکرد بەبێ ئەوەی بزانن لە سوریا چ دەگوزەرێ یان کێن سەرکردەکانی بزووتنەوە نوێیەکەو ئامانج و مەبەستەکانی چییە؟ بەڵکو تەنها بڕوابوون بە مەزڵوومیەت و دۆزی کورد هانیدان بەرەو نادیارێکی جوان بڕۆن.. نادیارێک هۆکاری هیواو شادی ئەو گەنجە دەروون نائاسوودانەبوو[١].

گەنجەکان خۆیان سازداو بە چیاکاندا هەڵشاخان، بە پیادەو بەبێ رێنیشاندەر دۆڵ و دەشتیان بڕی، تەنها هەست و تینیان بەس بوو بۆ بڕینی ڕێگە بەبێگوێدانی ئاقیبەت و ئەو مەترسیانەی دێنە بەردەمیان، ١٢ گەنجەکە بەدەم ڕێگاوە گۆرانی نیشتمانی و ورەبەرزکەریان دەچڕی، (بەرزنجی) بەپێکەنینەوە وتی: «چەندە گێل و شێتین، لەبرسا قۆڕەی سکمان دێ ، ئەمە دەیەمین جارە لەم گوند و دەشت و دەرە ڕێگە ونبکەین، پارەی ژەمە خواردنێکمان نییە ئەم کاروانەی پێببڕین، نازانین ڕۆژانی داهاتوو چیمان بەسەردێ، کەچی وا گۆرانی دەڵێین و گەمە دەکەین!».

دوای چەند ڕۆژێک لە کاروانێکی سەخت لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٧٥ گەیشتنە سنووری ئێران – تورکیا، تەنها چیایەکی بەرز و ڕێچکەیەکی سەخت، ئیتر دەگەنە تورکیا، بەبێ ڕێنیشاندەر بە چیاکەدا هەڵشاخان، کەشەکەی زۆر سارد

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، ٥ / ٣ / ٢٠١٨ لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات لە شاری دهۆک.

بوو، تەنها هەندێک نانە رەق و ئاو لە توێشوویاندا هەبوو، لە نیوەی رێگە بەهۆی شەکەتی و تینوونیەتیوە شەش کەسیان پەکیانکەوت و بڕیاریاندا لە پاڵ تاشە بەردە گەورەکاندا بمێننەوە تا لە بای ساردی ناو چیاکە بیانپارێزێت، ئەوانی تر بەردەوام بوون لەسەرکەوتن، بەڵام بەر لەوەی سەر چیاکە بکەون چواری دیکەیان پەکیانکەوت، بەوەش تەنها (شاباز و حەداد) مانەوە کە تا لوتکە نەوەستانەوە، هەر کە دەستیانکرد بە دابەزین لەودیوی شاخەکەوە کانییەکیان لە نێوان دارە چڕەکان بینی، وەکو ئەوە بوو گەنجینەیەکیان دۆزیبێتەوە، چونکە چەندین کاتژمێر بوو، قومە ئاوێکیان نەخواردبووەوە، دوای پشوویەکی کورت لەدەم کانیەکە، گوندێکی جوانی بچوکیان لەو نزیکانە بینی، کە لێینزیکبوونەوە رەبایەیەکی سەربازی تورکییان بینی، بۆ چەند خولەکێک لە شوێنی خویان مانەوە، دواتر بەناو دارو دەوەنەکاندا دزەیان کردو بۆ ئێوارەی ئەو رۆژە گەیشتنە گوندەکە، چوونە ماڵی ئەنجومەنی گوند و داوایان لێکرد یارمەتیان بدا لەبەهاناوەچوونی هەڤاڵانیان لەودیوی چیاکە، بەڵام ئەنجومەن و پیاوماقوڵانی گوند، داوایان کرد تابەرەبەیان چاوەڕێ بکەن بۆ ئەوەی نەکەونە بۆسەی چەکدارانی پاسەوانی سنووری تورکییەوە[١].

ئەو شەوە (شاباز و حەداد) میوانی ماڵێکی گوندەکە بوون، ئەوان نیگەرانی هاوڕێکانیان بوون، بەهۆی ماندوویەتی زۆرەوە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

خەوێکی قووڵ بردنیەوە، لەگەڵ سپێدەی ڕۆژی دواتردا ژمارەیەک لە خەڵکی گوندو (شاباز و حەداد) بەرەو چیاکە کەوتنە ڕێ و لەگەڵ خۆیاندا ئاو و خواردنیان بۆ هاوڕێکانیان برد، کە گەیشتنە دامێنی چیاکە هاوڕێکانیان بینی کە بەهۆی شەکەتی و برسێتی و توونیەتیەوە لە دۆخێکی زۆر خراپدا بوون.. بڕوایان بەچاوانی خۆیان نەدەکرد فریادەڕەسەکانیان بگەن، هەروەها زۆر لەوە دەترسان لەلایەن پاسەوانانی سنووری تورکیاوە بەئامانج بکرێن یان لەو شاخ و دۆڵانە ون بن و لە برساو تینوویێتیدا بمرن[١].

هەڤاڵان بوونە میوانی خەڵکی ئەو گوندەی کە لایەنگری قیادە موەقەتەی (ق.م[٢]) پارتی دیموکراتی کوردستان بوون

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢] دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بوونیان نەما، ئەوەش گۆڕەپانی کوردی بۆ سەرجەم ئاراستە فکری و سیاسییەکان واڵاکردبوو، کە هێدی هێدی ئەو بۆشاییەیان پڕدەکردەوە، لەو کەشە بارگاوی بە گرژی و ئاڵۆزیەدا بنەماڵەی بارزانی لە ڕێگەی کوڕەکانی مستەفا بارزانی (ئیدریس و مەسعوود)ەوە لەگەڵ سامی عەبدولڕەحمان بڕیاریان دا باری حیزب ڕاستبەکەنەوەو بە توانا مادییە زۆرەکانی حیزبە کۆنەکەوە حیزبی نوێ دابمەزرینن، ئەو هەوڵانەش لە ئەیلولی ١٩٧٥ بە پێکهێنانی سەرکردایەتیەکی نوێ بۆ حیزب بە(ناوی قیادە موەقەتە) کۆتاییهات کە بە کورتکراوەی (ق.م) ناسرا، ئەوەش بانگەوازێک بوو بۆ گەڕانەوەیان بۆ گۆڕەپانی سیاسی، پاش ئەوە بوونەوە خاوەن ڕێکخستن و خاوەن هێزی چەکداری لە ناوخۆو دەرەوە ، بارەگاشیان لە لەسنوورەکان لە دیوی تورکیا کردەوە، قیادە موەقەتە هەستی بە مەترسی لە ڕێخستنی نوێی (یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) بە ڕابەرایەتی (مام جەلال) کردبوو کە بە کورتکراوەی (ی.ن.ک) ناسراو مەودای چالاکی سیاسی و سەربازی زۆربەی ناوچەکانی گرتبووەوە بەتایبەتی بادینان کە پارتی بە پێگەی قایمی خۆی دادەنێت، بۆیە کاردانەوەی توندی نواندو جەنگێکی ڕاگەیاندنی دژی (ی.ن.ک)و سکرتێرە گشتیەکەی بەرپا کرد کە هاوکات بوو

بەدیاریکراوی لایەنگری (ئیدریس بارزانی[1]) بوون، بەڵام پێیانوابوو ئەمانیش لایەنگرانی قیادە موەقەتەن، بەبێ ئەوەی بزانن دەڕۆن تاکو بچنە ریزی حیزبێکی نوێوە کە دواتر دەبێت بە رکابەری حیزبە هاوپەیمانەکەیان، بۆیە هاوکاریان بوون لە گەیشتن بە شاری (جەزیرەی بۆتان[2])[3]

---

لەگەڵ پێکدادانی سەربازی نێوان مەفرەزەکانی هەردوولا لە ناوچەی بادینان و ناوچە سنوورییەکان و ناو تورکیا، لەمەشیاندا (ق.م) پشتی بە خێڵە کوردەکانی تورکیا بەستبوو. سەرچاوە صلاح الخرسان التیارات السیاسیە فی کردستان العراق، قراءە فی ملفات الحرکات والاحزاب الکردیە فی العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١، بیروت مؤسسە البلاغ للطباعە والتوزیع ط١/ ٢٠٠١، ص ٢٤٥ – ٢٤٩.

[1] ئیدریس مستەفا بارزانی، ساڵی ١٩٤٤ لە گوندی بارزان کە یەکێکە لە گوندەکانی ناحیەی مێرگە سووری سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە، کوڕی سەرکردەی شۆڕشی ئەیلول مستەفا بارزانییە، دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول وازی لە خوێندن هێناوەو پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردووە، سەرپەرشتی چەندین بەرەی گەرمی جەنگی کردووە، هاوشان لەگەڵ مەسعودی برای، لێپرسراوی بەڕێوەبردنی نوسینگەی باوکی بوو، لە کۆنگرەی هەشتی حیزب لە ساڵی ١٩٧٠ بە ئەندامی لیژنەی مەرکەزی پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵبژێردرا، دواتر لەساڵی ١٩٧٦ بووە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، رۆڵێکی گەورەی گێڕا بۆ دروستکردنەوەی رێکخستنەکان لەدوای ئەو نسکۆیەی بەهۆی رێککەوتننامەی جەزائیرەوە ساڵی ١٩٧٥ بەسەر شۆڕشدا هات، لە ٣١ی کانونی دووەمی ١٩٨٧ لە گوندی سیلڤانیای ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێران بە جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

[2] شاری یان قەزای (جەزیرەی بۆتان) یەکێکە لە ناودارترین و دێرینترین شاری کوردی کە دەکەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ (کوردستانی باکور) یان کوردستانی تورکیاوە لەنزیک سنووری عێراق و سوریا، هێڵی سنووری سوریا لەگەڵ پارێزگای شەرناخ پێکدێنێت، پێشتر پایتەختی میرنشینی بۆتانی کوردی بووە لە ساڵی ١١٦١ تا روخانی لەلایەن حکومەتی عوسمانیەوە لە ئابی ساڵی ١٨٤٧، شارەکەش لە باکورو رۆهەڵات و باشورەوە بە روباری دیجلە دەوردراوە ،بۆیە پێی دەوترێت (جزیرە) واتە دورگە

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گروپەکە لەگەڵ ڕێنیشاندەرێکدا کەوتنەڕێ، لە هەر ناوچەیەک رادەستی ڕێنیشاندەرێکی نوێ دەکران، کاروانە سەخت و پڕ لەمەترسیەکە بە پێ و بە سواری وڵاغ ٢٠ ڕۆژی خایاند تاگەیشتنە شاری (جزیرەی بۆتان)، بەڵام پێش گەیشتنیان بە چەند ڕۆژێکی کەم، شەش کەسیان بەهۆی شەکەتی جەستەیی و دەروونی و لەترسی کوشتن یان دەستگیرکردن لەسەر دەستی هێزەکانی تورکیا، پاشگەزبوونەوە لەبیرۆکەی پەیوەندیکردن بە بزووتنەوە کوردییە نوێیەکەوە، بۆیە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە ماڵەکانیان لە شاری (دهۆک[1]).

پێش گەیشتنیان بە جزیرەی بۆتان، ڕێنیشاندەری ئەو شەش هەڤاڵەی مابوونەوە بڕیاریدا لە گوندێکی نزیک شاری (شرناخ[2]) بمێننەوە، لە میوانداری کەسێکی بوێر و کوردپەروەر، کەسێکی دەوڵەمەندی خاوەن موڵک و زەوی و زار کە لە ژیانیدا سیاسەتی نەکردووە، بەڵام خێرخواز و خاوەن هەڵوێست لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی، ئەو کەسەش ناوی (ئەحمەد کەڕۆ) بوو کە بە گەرمیەوە پێشوازی لە شەش هەڤاڵەکەو ڕێنیشاندەرەکە کرد،

[1] شاری دهۆک دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوری ڕۆژئاوای عێراقەوە، ناوەندی پارێزگای دهۆکە، کە یەکێکە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە رووی گەورەییەوە لە دوای هەولێر و سلێمانییەوە سێیەمین شارو یەکەی ئیداری هەرێمی کوردستانە، لە سێ لاوە بە شاخ دەوری دراوە، ئەوەش دیمەنێکی دڵگیری پێبەخشیوەو بە یەکێک لە جوانترین ناوچە گەشتیارییەکانی عێراق دادەنرێت.

[2] شاری شرناخ، ناوەندی پارێزگای شەرناخە لە تورکیا، دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەڵاتی تورکیاوە، یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردستانی تورکیا.

دوای چەند ڕۆژێکیش پشوودان، پیاوەکانی (کەڕۆ) بڕیاریاندا بیانگوازنەوە بۆ شاری شرناخ[١].

شەش هەڤاڵەکە دوو ڕۆژ لە شەرناخ مانەوە، لەوێوە بە هاوڕێیەتی ڕێنیشاندەرێکی نوێ بە پیادە بەرەو شاری جەزیرەی بۆتان کەوتنەڕێ، بەهۆی زۆری مەفرەزەو ڕەبایەکانی سوپای تورکیاوە سێ ڕۆژ بەڕێگاوە بوون، بەرگەی کەشوهەوای نالەبارو برسێتی و تینوویەتیان گرت،...

لەپشوویەکی کورتدا ڕێنیشاندەرەکە پێیوتن: «بۆچی ژیانی خۆتان دەخەنە مەترسیەوە لەپێناوی شتێک کە هیچی لەبارەوە نازانن؟! من سەرسامم بە گڕو تین و ئارامی و بوێریتان»،... سەیری ڕوخساری یەکتریان کرد، ماندوویەتی و برسێتی بە چاوو جووڵەکانیانەوە دیار بوو... (حەداد) وەڵامی دایەوە: «تەنها بڕوامان بەوە هێناوە کە لە سوریا تروسکاییەکی هیوا بۆ بزووتنەوە کوردییە نوێیەکە بەدی دەکرێت، ئێمەش دەڕۆین ئەوە ببینین»..شەش هەڤاڵەکە بە یاوەری ڕێنیشاندەرەکەیان گەیشتنە ماڵی سیاسەتمەداری ناوداری ئەوکاتی کورد (سەبری نەواف ئاغا[٢]) کە لایەنگری (مام جەلال تاڵەبانی) بوو، چەند ڕۆژێک لە میوانداریدا مانەوە، (نەواف ئاغا) پشتگیری لە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢] سەبری نەواف ئاغا کەسایەتیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردیی دیار بوو، لەو کاتەدا بەڕێوەبەری شارەوانی (جەزیرەی بۆتان) بوو، هاوکات سەرکردەیەکی پارتی گەلی شۆڕشگێڕ بوو بە سەرۆکایەتی (عومەر چەتین)، لایەنگری (ی ن ک)و ئاراستە نەتەوەیی و نیشتمانیەکەی بوو، هەروەها پەیوەندیەکی هاوڕێیەتی بتەوی لەگەڵ مام جەلال تاڵەبانیدا هەبوو.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەکرد کە تازە بە سەرۆکایەتی (تاڵەبانی) دامەزرابوو، هەروەها هاوکاری ئەوانەیشی دەکرد کە دەیانویست پەیوەندی بەو بزووتنەوە سیاسیی و سەربازییە نوێیەوە بکەن، بە یارمەتیدانیان لە تێپەڕاندنی سنوورەکانی تورکیا بەرەو سوریا[١].

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک و خێزان و کەسایەتی کوردو پێشمەرگەو خێزانەکانیان، کە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول پەنایان بردبووە بەر ئێران، بـەردەوام لە ڕێگەی تورکیاوە دەچوون بۆ سوریا، تا لەوێ لەگەڵ خزمەکانی خۆیاندا بژین، زۆربەیان لە خێڵی (میران و هەسەنیان[٢]) بوون، ژمارەیەکی باشیشیان پەیوەندیان بە (ی ن ک)ەوە دەکرد.

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢] هـەردوو خێڵی (میران و هەسەنیان)، خێڵی میران شوانکارەی کۆچەرین، ناوچەکانیان دەکەوێتە نێوان قەزای دێرک تا تەل رمێلان لەکوردستانی سوریا، چەند گوندێکیشیان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەیە لە بەری راستی روباری دیجلە لە ناحیەی زوممارى سەر بە قـەزای تەلەعفەر – رۆژئـاوای موسڵ.. سەبارەت بە خێڵی هەسەنیانیش بەهەمانشێوە دابەشی سەر چەند وڵاتێک بوونە، لەعێراق لەگەڵ خێڵی میراندا لە بەری راستی روباری دیجلە لە ناحیەی زوممار دەژین، لەسوریاش بە دیاریکراوی لەناوچەی سنووری لەگەڵ عێراق و سوریا دەژین، چەند گوندێکیان لە قەزای دێرک و دەشتی هەسەنیان لە کوردستانی سوریا هەیە، ئەم خێڵە رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە حوکمی میرنشینی بۆتان، میرەکانی بۆتان پشتیان بە خێڵی هەسەنیان دەبەست بۆ ملکەچکردنی خێڵەکانی سنووری قەڵەمڕەویان، هەروەها لە جەنگە دەرەکەییەکاندا بۆ گرتنی قەڵاو پێگە قایمەکان، بەگشتی پێشەواکانی هەسەنیان، زۆر دڵسۆز و کوێرانە گوێڕایەڵی میرەکانی بۆتان بوون، بۆیە ئەوانیش زیادڕەویان دەکرد لە پێدانی زەوی و زاری دەشتاییەکانی باشوری رۆژئاوای میرنشینەکەیان.

زۆر جار گروپەکەی (نەواف ئاغا)چاوەڕێیان دەکرد ١٠٠ کەسێک کۆببنەوە ئینجا ڕێوشوێنیان دەگرتەبەر بۆ پەڕینەوەیان بۆ ناو خاکی سوریا تەنانەت ئەگەر پێویستیشی بکردایە تفەنگ و ئاربیجیشیان بەکاردەهێنا. دوای چەند ڕۆژێکی کەم لەمانەوەیان لە میوانداریی (نەواف ئاغا)، هەر شەش هەڤاڵەکە لەگەڵ نزیکەی ٨٠ کەسی دیکەدا کە دەیانویست پەیوەندی بە شۆڕشە نوێیەکەوە بکەن کە زۆربەیان ژن و منداڵ بوون، بەیاوەری شەش چەکداری (نەواف ئاغا) بەرەو سنووری سوریا کەوتنەڕێ، لەدیوی تورکیا ڕێوشوێنە ئەمنییەکان بەدرێژایی سنوور توندبوون، وەکو ڕێگەی پەرژینکراو، تاوەری چاودێری، ناوەبەناوەش لەسەر ڕێگەکە مەفرەزەی سەربازی گەڕۆک هاتوچۆی دەکرد، هاوەڵە چەکدارەکان بە وردی کات و ساتی تێپەڕبوونی ئەو مەفرەزانەیان دەزانی، بۆیە داوایان لەخەڵکەکە کرد لەکاتی تەق و تۆقدا لە شوێنەکانی خۆیان نەجووڵێن، لەسەر سنوور چەکدارەکان بۆ سەرلێشێواندن تەقەیان لە تاوەرو دەوریە سنوورییەکان کرد، بەوەش بە سانایی خەڵکەکە توانیان سنوور ببڕن و بچنە دیوی سوریاوە، چونکە لەدیوی سوریا چاودێریەکی ئەوتۆی لەسەر سنوورەکان بوونی نەبوو[١].

بەمشێوەیە شاباز و پێنج هەڤاڵەکەی گەیشتنە سوریاو هەناسەیەکی قوڵیان هەڵکێشا، باوەشیان بەیەکدا کرد، هەموو ئەو ناخۆشی و مەترسیی و دەردەسەرییانەیان لەبیرچووەوە،

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو

وەک ئـەوەی لەسـەر سیراتێکی راسـت گەیشتبنە بەهەشت، هەرچەندە نەیاندەزانی رۆژانی داهاتوو چی بۆ هەڵگرتوون!

دوای پەڕینەوە، لەگوندێکی نزیک شاری قامشلۆ[١] مانەوە، بۆ بەیانیەکەی چەند کەسێک لە رێکخستنەکانی (ی ن ک) گەیشتنە لایـان و دەستیان بە گواستنەوەیان کـرد، سـەرەتا لە خوێندەوارو رۆشنبیرو خـاوەن بڕوانامەکانەوە دەستیان پێکرد، تابەشێوەیەکی خێراتر دوای تەواوکردنی خولی کادران سوودیان لێببینن و لە ئۆدوگاکانی پەنابەرە عێراقییەکاندا کار بکەن، ( جەلیل شابازو فواد مەلا ساڵح و نوری حەداد) لەوانە بوون هەڵبژێردران بۆ گواستنەوە بۆ قامشلۆ، بەوەش قۆناغێکی نوێ لە ژیانی حیزبی و سەربازیان دەستیپێکرد[٢].

---

١ قامیشلۆ شارێکی کـوردی سوریە لە (کوردستانی سوریا – رۆژئاڤا) دەکەوێتە باکوری رۆژهـەڵاتـەوە نزیک سنووری تورکیاو بەرانبەر بەشاری نسێبینی کوردستانی تورکیا، پێشتر لـەڕووی کارگێڕیەوە سەر بە پارێزگای حەسەکە بوو، لەئێستادا پارێزگای (قامشلۆ)یە، روباری چەق چەق بە ناوەڕاستی شارەکەدا تێدەپەڕێت، خاکی قامیشلۆ خاکێکی بەپیتە بۆ کشتوکاڵ، چونکە تەنها ١٠ کم لە چیاکانی تۆرۆسەوە دوورە.

٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## کاروانێکی دیکەی هیوا

هاوکات لەگەڵ دەرچوونی (شاباز)و هەڤاڵەکانی لە ئێرانەوە بۆ سوریا، خەڵکێکی دیکەش بە ڕێگەیەکی ترداو بۆ مەبەستێکی دیکە نەک بۆ پەیوەندیکردن بە شۆڕشەوە دەچوون بۆ سوریا، ئەو ڕێگەیەش بەهەمانشێوە لە ئێرانەوە بەڕێگەی تورکیاوەو لەوێوە بۆ سوریا پڕ لەمەترسی بوو، یەکێک لەوانە (سعود عەلی خالید[١]) بوو کە دواتر بە (شەهید سەعید) ناسرا (لەدرێژەی چیرۆکەکەیدا هۆکاری ناونانی دەزانین)، هەروەها لەمەودوا ئێمەش لەبری ناوە راستەقینەکەی، نازناوەکەی بەکاردەهێنین.

پێش هەرەسی شۆڕشی ئەیلول، (شەهید سەعید) لەهەرەتی لاویدا بوو، لەناوچەی حاجی ئۆمەرانی سەر بە پارێزگای هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان و نزیک سنووری ئێران پێشمەرگە بوو، (شەهید سەعید)و پێشمەرگەکانی دیکە بێئاگابوون لەو پیلانە نێودەوڵەتییەی لە کۆشکی سەرۆکایەتی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران دادەڕێژرا،

---

[١] سعود عەلی خالید ساڵی ١٩٥٢ لەگوندی ئێسکا لەدایکبووە، لە خێڵی میرانە. لەهەرەتی لاویدا چووەتە ریزی شۆڕشی ئەیلولەوە، سەر بە هێزی هەڵگورد بوو کە بەر لە هەرەسی شۆڕشی ئەیلول لە ناوچەی حاجی ئۆمەرانی هاوسنووری ئێران بوو، بەهۆی پێشمەرگایەتیەوە نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، لەپاش هەرەسی شۆڕش، سەعید پەیوەندی بە شۆڕشە چەکدارییە نوێیەکەوە دەکات، کە بە رابەرایەتی (ی ن ک) هەڵگیرساو مەفرەزە سەرەتاییەکانی لە سوریاوە بەرەو کوردستانی عێراق کەوتنەڕێ، (سەعید) یەکێک بوو لە شۆڕشگێڕەکانی ئەو مەفرەزانە کە بەسەختی بریندار دەبێت و بەهۆیەوە ناسناوی (شەهید سەعید)ی پێدەبەخشرێت.. درێژەی چیرۆکەکەش لە دووتوێی ئەم کتێبەدا باس دەکەین.

ئـەو پیلانەش (ڕێککەوتننامەی جـەزائـیر[١])ی لێکەوتەوە، کە بەپێی بڕگەکانی لە بەرانبەر ڕاگرتنی هاوکاری ئێران بۆ شۆڕشی ئەیلول، عێراق سازشی لە بەشێک لەخاکی خۆی بۆ ئێران کرد، پاش ماوەیەکی کەمیش لە چوونی ڕێککەوتننامەکە بۆ بواری جێبەجێکردن، بەشێوەیەکی خێراو کتوپڕ شۆڕش بەتەوای هەرەسی هێناو ئاگرەکەی خامۆش بووەوە.. شڵەژان و پاشاگەردانی لە ریزەکانی پێشمەرگە دروستبوو، دیمەنێکی

---

[١] ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ لەنێوان سەدام حوسێن جێگری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق و محەمەد ڕەزا پەهلەوی شای ئێران، بەسەرپەرشتی هواری بو مەدین مۆرکرا، لە مێژووی عێراقدا کێشەی سنوور لەگەڵ ئێران بووەتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکی و ململانێی زۆر، لەساڵی ١٩٣٧ کاتێک عێراق لەژێر دەسەڵاتی بەریتانییەکاندا بوو، ڕێککەوتنی سنووری لەسەر شەتولعەرەب لەنێوان عێراق و ئێران مۆرکرا، بەڵام حکومەتەکانی دواتری ئێران ڕێککەوتنەکەیان بە (دروستکراوی ئیمپریالیزم) داناو گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنێکی ساڵی ١٩١٣ی نێوان ئێران و عوسمانییەکان کە بە پێی بەندەکانی هێڵی زەوی ژێر ڕوبارەکە لەو شوێنەی لە قووڵترین ئاستدایە سنووری نێوان هەردوو وڵاتەکەیە، لەساڵی ١٩٦٩ش حکومەتی عێراق بە ئێرانی ڕاگەیاند کە شەتولعەرەب بەتەواوی ئاوی عێراقە و دانی بە بیرۆکەی هێڵی ژێر ڕوبارەکەدا نەنا، ڕێککەوتننامەی جەزائیریش ئەم خاڵە سەرەکیانەی لەخۆگرتبوو: – یەکەم: هێڵکاری کۆتایی سنووری وشکایی نێوان هەردولا بەپێی پرۆتۆکۆلی قوستەنتینیەی ساڵی ١٩١٣و ڕاپۆرتی لیژنەی دیاریکردنی سنوور لەساڵی ١٩١٤، دووەم: دیاریکردنی سنووری ڕوباریی بە پێی هێلی تالۆگ (هێڵی زەوی ژێر ڕوبارەکە)، سێیەم: هەردولا ئاسایش و متمانەی بەرانبەر بە درێژایی سنووری هاوبەش فەراهەم بکەن و چاودێری توندو تۆڵ بکەن بۆ کۆتایی پێهێنانی هەموو دزەکردنێکی تێکدەرانە.... ئەم ڕێککەوتننامەیە لەسەر حیسابی دۆزی کورد و بۆ کۆتایی پێهێنانی بوو، هەروەها بۆ ڕاگرتنی هەموو جۆرە پاڵپشتیەکی شا بوو بۆ شۆڕشگێڕانی کورد، بەڵام عێراق لە ساڵی ١٩٨٠ پابەندی ڕێککەوتنامەکە نەبوو، بەوەش جەنگی یەکەمی کەنداو لە نێوان هەردوو وڵات هەڵگیرساو هەشت ساڵی خایاند، بۆ زیاتر بڕوانە:
www.algardenia.com. Terathwatareck/15228–1975.html

ناخهەژێن بوو، گەلی کورد تووشی شۆکێکی گەورە بوو، فرمێسک بەچاوانی سەدان هەزارەوە هاتەخوارێ، کورد تووشی بێهیوایی بوو، پارتی دیموکراتی کوردستان فەرمانی بە هێزی پێشمەرگەدا چەک دابنێن و بچن بۆ ئێران، ئەوەی هەڵهات هەڵهات، ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەش لەگەڵ خێزانەکانیان پەنایان بۆ ئێران برد، دیمەنێک بوو ناخی مرۆڤی دەهەژاند.

لەو کاتانەداو لەناو ئەو گێژاوەدا، (شەهید سەعید) بڕیاریدا لە بری ئێران روو لە سوریا بکات، چونکە خزم و عەشیرەتەکەی لەوێ بوون، بەبێ ئەوەی بزانێت چەخماخەی شۆڕشیکی نوێ لەسوریاوە هەڵدەگیرسێت و ئەویش دەبێتە یەکێک لە شۆڕشگێڕەکانی[١].

(شەهید سەعید) لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەدا لە حاجی ئۆمەرانەوە بەرەو ناوچەی بارزان کەوتنەڕێ، دوای ڕێکردنێکی سەختی چەند رۆژی لەنێو دیمەنە خەمناکەکاندا، گەیشتنە گوندێک کە زۆربەی دانیشتووانەکەی خۆیان بۆ دەرچوون ئامادە دەکردو ماڵ و موڵکیان لە دوای خۆیان بەجێدەهێشت و پشتەکۆڵیان تەنها خۆراکی ڕێگاو هەندێ پۆشاکی تیادا بوو، ئەوان خۆیان دابووە دەستی چارەنووسەوەو بە پێ بەرەو ئێران دەچوون، (شەهید سەعید)و هاوڕێکانی گەیشتنە بارزان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە یەکیانگرتەوە، لەوێ گردبوونەوە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد ناسراو بە (شەهید سەعید)، لە ٢٠١٨/٦/١٢، لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات لە شاری دهۆک.

و پرسیاری ئەوەیان دەکرد: ئەو شۆڕشەی قوربانییان بۆ داوە بەرەو کوێ دەچێت؟ لەناو ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بینین پێشمەرگەی ئازاو چاونەترس (حوسێن باباشێخ[1])یان لەگەڵدابوون.

دوای پشوویەکی کورت و درک کردن بە ڕووداوە خێراو مەترسیدارەکان، پێیانڕاگەیەنرا کە ڕێگەی سوریا لەناو خاکی عێراقەوە گیراوەو پڕ لە مەترسییە، نیمچە مەحاڵیشە لەدۆخێکی

[1] حوسێن باباشێخ ساڵی ١٩٤١لە شارۆچکەی شێخانی ناوەندی قەزای شێخان لە بنەماڵەیەکی ئایینی ئێزدی ناسراو لەدایک بووە، لەسەرەتای لاویەوە تێکەڵی سیاسەت بووە، لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەم کاتێک لە خوێندکاری دواناوەندی بوو، دەبێتە ئەندامی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش ماوەیەکی کەم وەکو یەکێک کە کادرە چالاک و دیارەکان دەردەکەوێت، لەدوای تێکچوونی پەیوەندی حکومەتەکەی عەبدولکەریم قاسم و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٦١ بەتۆمەتی پێشکەشکردنی کۆمەکی سەربازی بە عەشیرەتی بارزان لەدژی چەند عەشتیرەتێکی کوردی نەیاری ئەو عەشیرەتە، لەلایەن هێزەکانی ئەمنی عێراقەوە دەستگیردەکرێت، دوای ئازادکردنی لە ساڵی ١٩٦٤ هەمان ساڵ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، ..چەندین پۆست و بەرپرسیارێتی حیزبی و سەربازی پێ دەسپێردرێت، دوا بەرپرسیارێتی لێپرسراوی لقێکی ڕێکخستنەکانی پارتی بوو، دوای نسکۆی ١٩٧٥ لە ئێران دەبێتە پەنابەر، دوای کەمتر لە سێ مانگ ئێران بەجێدەهێڵێت و لە ڕێگەی تورکیاوە خۆی دەگەیەنێتە سوریاو پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەکات، ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ئامادەکردن و تەیارکردنی مەفرەزە چەکدارەکان.. بەشێوەیەکی خێرا پلە حیزبی و سەربازییەکانی بڕی، وەک ئەندامی سەرکردایەتی (ی ن ک) هەڵبژێردرا، لەساڵی ١٩٧٨ دوای شەرێکی سەخت لەدیوی تورکیا لەگەڵ خێلە کوردییەکانی ئەو دیو کە لایەنگری قیادە موەقەتە بوون، لەگەڵ ژمارەیەک ئەندامی لیژنەی سەرکردایەتی (ی ن ک) بەدیل دەگیرێت و رادەستی قیادە موەقەتە دەکرێن، لیژنەیەکی حیزبی دادگاییەکی روکەشیان بۆ سازدەکات و بڕیاری کوشتنیان دەردەکات، تا ئێستاش گۆڕ بزرن.. بۆ وردەکاری زیاتر بڕوانە ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم بەرگی یەکەم، ٢٠١٦ ل ل ٣٥٨-٣٦٠

وادا بگەیتە ئەوێ، بۆیە لەگەڵ پێشمەرگەو خێزان و خەڵکی ئەو گوندانەی خۆیان و ناوچەکانیان ئامێزی شۆڕش بوون گەڕانەوە بەرەو ئێران، دوای گەیشتنیان بەو وڵاتە خۆیان رادەستی دەسەڵات کردو گواسترانەوە بۆ ئۆردگایەک لە ناوچەی (کرماشان[1]) کە تایبەت بوو تەنها بە پیاوان و هەشت هەزار کەسی تێدابوو، لەوێ بۆ ماوەی پێنج مانگ مانەوە، دۆخەکە لە ناو ئۆردوگاکە زۆر نالەبار بوو، کەمی خزمەتگوزاری، کەشوهەوای پڕ لەخەمۆکی، هەرەسی دەروونی و گەمارۆدانیان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، تەواو هیوابڕی کردبوون، بۆیە (شەهید سەعید) بڕیاریدا بڕوات بۆ سوریا کە خزم و کەسەکانی لەوێن[2].

لە سەرەتای ئەیلولی ١٩٧٥ (شەهید سەعید)خۆی یەکلایی کردەوەو لەگەڵ ژمارەیەک هاوڕێیدا ئۆردوگاکەیان بەجێهێشت و بەیاوەری رێنیشاندەرێکی ئێرانی شارەزا لە رێگە شاخاوییەکان کە سەروو بڕێک پارەیان پێدابوو، بەرەو تورکیا کەوتنەڕێ، دوای بڕینی رێگەیەکی دوورو درێژی چەند رۆژێ لەکەشێکی ساردا، گەیشتنە سنووری ئێران - تورکیا، لەوێدا رێنیشاندەرە

[1] شاری کرماشانی کوردستان دەکەوێتە ئەوپەڕی رۆژئاوای ئێرانەوە، لەنزیک سنووری هەرێمی کوردستانی عێراق، ناوچەیەکی نیمچە شاخاویە و زنجیرە چیاکانی زاگرۆس پێدا تێدەپەڕێت، لەم پارێزگایەدا چەندین شوێنی گەشتیاری هەیە، دانیشتوانەکەی بە زمانی فارسی و کوردی دەدوێن، هەردوو زمانەکەش شێوەزاری تایبەت بەخۆیان هەیە: شێوەزاری کرماشانی فارسی، شێوەزاری کرماشانی کوردی.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئێرانییەکە رادەستی رێنیشاندەرێکی تورکی کردن، بەبێ هیچ ئاستەنێگ چوونە ناو سنووری تورکیاوە، لەوێشەوە دوای بڕینی رێگەیەکی دوورو درێژی چەند رۆژیی پڕ لە ناخۆشی و ماندوویەتی و مەترسیدار، گەیشتنە شاری (جزیرەی بۆتان)، چەند رۆژێکیش لەوێ مانەوە تاکو رێنیشاندەرێکیان دەستکەوت بیانبات بۆ سوریا لە بەرانبەر بڕێک پارە، ئەوان نزیکەی ٣٠ کەسێک دەبوون، دوای چەند رۆژێک لە رێکردن بەبێ بەربەست گەیشتنە سوریا[١].

لەدوای ماندووبوونێکی زۆر و لەدۆخێکی دەروونیی خراپدا (شەهید سەعید) گەیشتە (دێرک[٢]) لە سوریا، خزمەکانی دانیشتووی ئەوێن، دوای چەندین مانگ هەستی بە دڵنەوایی و ئاسوودەیی کرد، بەڵام ماوەی پشووی دەروونی و جەستەیی زۆری نەکێشا، چونکە بە بیستنی هەواڵی دامەزراندنی حیزبێکی

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢ شاری دێرکی کوردی دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوری رۆژهەڵاتی سوریاوە، لە رووی کارگێڕیەوە سەر بە پارێزگای قامشلووە، پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە، چونکە دەکەوێتە سێگۆشەی سنووریی سوریا عێراق تورکیاوە، لە باکورو رۆهەڵاتەوە تورکیا هاوسنوورییەتی، لە باشوری رۆژهەڵاتیشەوە هاوسنووری عێراقە، دێرک لە ساڵی ١٩٢٨و بە پێی رێککەوتنامەی سنووری نێوان سوریاو تورکیاو بە ئامادبوونی نوێنەری فەرنسا کە ئەوکاتە سوریای داگیرکردبوو، خرایە سەر سوریا، پێش ئەو مێژووەش گوندێکی سەر بە میرنشینی بۆتانی کوردی بوو، کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی بژێوی خەڵکەکەیەتی، گەنم و پەموو گرنگترین ئەو بەروبوومانەن کە پشتیان پێدەبەستن، روباری دیجلە بەدووری ١٢ کم لە رۆژهەڵاتی دێرکەوە تێدەپەڕێت، زۆربەی کێڵگە نەوتییەکانی سوریا دەکەونە ناوچەکانی دێرکەوە وەکو کێڵگەکانی رمێلان و سویدیە و قەرەچۆک.

نویّ لە سوریا بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بە رابەرایەتی مام جەلال تاڵەبانی، (شەهید سەعید)جارێکی دیکە ئاگری کوردایەتی و پێشمەرگایەتی لە سینەیدا کڵپەی دایەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی زانیی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی چەک و پێشمەرگایەتیی پەیوەندیان بە بزووتنەوە نوێیەکەوە کردووە، لەناویاندا (حوسێن باباشێخ) کە لە ناوچەی بارزان لەکاتی هەرەسی شۆڕشدا بینیی، هەروەها (مام بۆزی میرانی) و نەقیب (ئیبراهیم عەزۆ) کە دواتر دەبێتە ناودارترین سەرکردەی پێشمەرگەو سەرکردەی ئەو چوار مەفرەزەیەی کرد کە یەکەمین جار لە سوریاوە گەڕانەوە بۆ عێراق کە پێکهاتبوون لە (شەهید سەعید، جەلیل شاباز، نوری حەداد، فواد مەلا موسڵیح و خەڵکی دیکەش).دوای بیرکردنەوەیەکی کورت و راوێژکردن بە خزم و برادەرانی و زانینی ئامانجەکانی (ی ن ک)، (شەهید سەعید) پەیوەندی بە بزووتنەوە نوێیەکەوە دەکات و دەچێتە ریزی ئەوانەوە کە بڕیاریانداوە جارێکی دیکە ئاگری شۆڕش هەڵگیریسێنن و بۆ ئەوەش بەتەواوەتی پشتیان بە گەل بەستووە[1].

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## هەڵاتن لە دۆزەخ

نەقیبی ئەندازیار (ئیبراهیم عەزۆ)، بەر لە (شەهید سەعید) و (شاباز) و هاوڕێکانیان پەیوەندی بە (ی ن ک)ەوە کرد، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەرو لە ماوەیەکی کورتدا لە دەستی بەعس هەڵهات و خۆی گەیاندە سوریا، چیرۆکی گەیشتنی بە سوریا تەواو جیاوازە لە چیرۆکی ئەوانیتر، (ئیبراهیم عەزۆ) پیاوێکی رۆشنبیرو ئەندازیارو ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق، ئەندامێکی چالاکی رێکخستنەکانی کۆمەڵە بوو کە دواتر بووە بەشێک لە (ی ن ک)، هۆگری سیاسەت بوو، ئەو هەمیشە پێشبینی ئەوەی دەکرد رۆژێک لەڕۆژان یان لە چنگی بەعس هەڵدێ یان دەستگیردەکرێت، چونکە رژێمی بەعس تەنگی بە رێکخستنەکان هەڵچنیبوو، پێشبینییەکەی (عەزۆ) راست دەرچوو، ئەوە بوو لەدوای دەستگیرکردنی چەندین هەڤاڵی لە رێکخستنەکان، بەتایبەتی سەرکردەکانیان لە بەغدا، ئەمیش ئاشکرا بوو، بۆیە بڕیاریدا بە یاوەری هەردوو هەڤاڵی لە رێکخستنەکان (ئیبراهیم عەبد عەلی و فەرهاد شاکەلی[١]) هەڵبێن بۆ بەغداو لەوێوە بۆ سوریا، بە پەلەو لە کاتێکدا پیاوانی ئەمنی رژێم بەدوایاندا دەگەڕان، بەرەبەیانی ١٨ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ لە گەراجی (عەلاوی حلە) لە بەری کەرخی بەغدا سواری پاس بوون و بەرەو شاری رومادیی رۆژئاوای عێراق کەوتنەڕێ،

[١] لەم لێکۆڵینەوە مێژووییەدا لەسەر داوای خۆی باسی ژیانی تێکۆشەر فەرهاد شاکەلی ناکەین و جارێکی دیکە ناوی ناهێنین.

بەوەش کاروانی ترس و برسێتی دەستپێیکرد، سەفەرێک لە شارەکانەوە دەستپێدەکات بەرەو بیابان و دەشت و گوندە دوورەدەستەکان، کاروانێکی روبارو کێڵگەو سنوور بڕ، سەفەرێک مرۆڤ ناتوانێت وەسفی مەترسی و نەهامەتییەکانی بکات.

بەیانی زوو گەیشتنە شاری رومادی و بە هاوکاری ناسیارێکی خۆی، هاوڵاتیەکی سوریی نیشتەجێی شارەکەیان بینی و داوایان لێکرد یارمەتیان بدات لە پەڕینەوەیان بۆ سنووری سوریا، بەڵام دوای کاتژمێرێک بۆیان ئاشکرا بوو کە ئەو پیاوە ناتوانێت یارمەتیان بداتو تەنها بۆ بەدەستهێنانی بڕە پارەیەک بە قسە دەیانهێنێ و دەیانبات، بۆیە بڕیاریاندا بەرەو شارۆچکەی ئەلبوکەمالی سنووریی بچن و بۆ ئەو مەبەستە ئۆتۆمبێلێکیان بەکرێ گرت، (ئیبراهیم عەزۆ) پێناسەیەکی ساختەو دەمانچەیەک و سێ فیشەکیشی پێبوو[١].

بەر لەوەی بگەنە شارۆچکەکە، بەبیانووی ئەوەی خزمەکانیان لەو دەوروبەرە نیشتەجێن، داوایان لە شۆفێرەکە کرد رایبگرێت و دابەزن، لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزین و لە شەقامە گشتییەکە دوورکەوتنەوە، پێش ئەوەی تاریک دابێت چوونە ناو زەلکاوێکی قامیشەڵانەوە، دوای کاتژمێرێک لە رێکردنی سەخت لەنێو تاریکی و بەناو قوڕو قامیشەڵانە چڕەکاندا، برسێتی و تینوویەتی تینی

---

[١] وەک نەریتێکی سوپای عێراقی هەر ئەفەسەرێک دەمانچەیەک و سێ فیشکەی دەدرێتێ.

بۆ هێنان، گەیشتنە روبارێک، وایانزانی لقێکی روباری فوراتە، بەڵام دوای ئەوەی چوونە ناو روبارەکەوە بینیان هەنگاو دوای هەنگاو قووڵتر دەبێت و رەوتی خێراتر دەبێت، زانییان کە ئەمە لقێکی روبارەکە نییە، بەڵکو خودی روباری فوراتە، (ئیبراهیم عەبدی) وتی: «با بە مەلە بپەڕیینەوە»، (عەزۆ) بە پێکەنینەوە وەڵامی داوە: «ئەی نازانیت مەلە نازانین؟!»، بۆیە گەڕانەوەو بە قەراغ روبارەکەدا کەوتنەڕێ بەڵکو گوندێک بدۆزنەوە، بەڵام کە بنکەیەکی پۆلیسیان بینی گەڕانەوە، هێدی هێدی دونیا روون دەبووەوەو تیشکی روناکی رۆژ لە زەوی دەدا، جارێکی دیکە گوێیان لە سەگوەڕ بوو، بەرەو رووی چوون، خانوویەکی قوڕیان دۆزیەوە کە پیاوێکی بەتەمەن لەسەربان دانیشتبوو و چاودێری دەوروبەری دەکرد و ئەندامانی خێزانەکەی لەنزیکی خەوتبوون، کاتێک پیرەمێردەکە بینیانی لێیپرسین: «چی دەکەن لەم ناوەو چیتان دەوێ؟»، لەوەڵامدا وتیان: «دەمانەوێت تا ئێوارە لەلات خۆمان حەشار بدەین»، پیرەمێردەکە بە دەستی ئاماژەی بۆ خێزانە خەوتووەکەی کرد و بە پاڕانەوە وتی: «توخوا وازمان لێبێنن و لێرە دوورکەونەوە، بەخوا ئەگەر حوکمەت دەزانێت ئێوە لێرەن سەرمان دەپەڕێنێت».

هەرسێکیان لە شوێنەکە دوورکەوتنەوەو ملی رێگایان گرتەوەبەر، تالەوبەری روبارەکەوە گوندێکیان دۆزیەوە، کات نزیکەی حەوتی بەیانی بوو، دوای چاودێریەکی کورتی

جوڵەی خەڵکی گوندەکە، تێبینیانکرد خەڵکەکە بۆ جێبەجێ کردنی کاروبارەکانیان بە بەلەم لە روبارەکە دەپەڕنەوە بۆ ئەلبوکەمال، هەروەها بنکەیەکی پۆلیسی عێراقیان لەسەر گردێک بینی کە دەیڕوانییە گوندەکە، لەو کاتانادا مێگەلێک مەڕ بەلایاندا تێپەڕی، بەپەلە (ئیبراهیم عەبدی) کەوتە دوای شوانە گەنجەکە تاکو زانیاری سەبارەت بەو گوندەی کە بۆی دەچن و تەواوی ناوچەکەی لێوە بزانن، زانیاری زۆری لێدەرهێنا، ناوی گوندەکە، ئەنجومەنی گوند، ناوی بەڕێوەبەرو مامۆستایانی خوێندنگەی گوندەکە، ناوی گوندەکانی دەوروبـەر، کاتی نوێژەکان، بەتایبەتی نوێژی بەیانی و رۆژئاوابوون چونکە لە مانگی رەمەزاندا بوون[١]

(ئیبراهیم عەبدی)گەڕایەوە بۆ لای دوو هاوڕێکەی و هەموو زانیارییە بەدەستهێنراوەکانی بۆ باسکردن..ئەو زانیاریانە سوودی بۆیان دەبێت و ژیانیشیان رزگار دەکات، بڕیاریاندا تا ئێوارە چاوەڕێ بکەن و ئەوکات سواری بەلەمێک ببن و بپەڕێنەوەو بچن بۆ گوندەکە، لەچاوەڕوانیدا جلە تۆزاویی و قوڕاویەکانیان شۆری، لەگەڵ نزیک بوونەوەی بانگی رۆژئاوابوون، داوایان لە خاوەن بەلەمێک کرد بیانپەڕێنێتەوە، لەکاتی پەڕینەوەدا خاوەن بەلەمەکە لێیپرسین: «نیازی کوێتان هەیە؟»یەکێکیان وەڵامی دایەوە: « بۆ ماڵی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە دەچین.. ناسیارمانە»..هەر کە پەڕینەوە ژمارەیەک

[١] ریبوار سالح، رێگایەک بۆ ئازادی، ٢٠٠٦ ، ل ل ١٧٦-١٩٩

پۆلیسیان لەسەر مێزی نانخواردن بینی، یەکێک لە پۆلیسەکان پێیوتن: «فەرموون بەربانگمان لەگەڵ بکەن»لەوەڵامدا وتیان:«سوپاس لای بەڕێوەبەری خوێندگەکە رۆژووەکەمان دەشکێنین».. بەدەستی ئاماژەی بۆ شوێنی بەڕێوەبەرەکە کرد و تی: «ئەو دشداشە لەبەرە خۆیەتی بچن بۆ لای».. هەرسێکیان سوپاسیان کرد، بڕوایان نەدەکرد پرسەکە بە ئاسانی تێپەڕی و بەخت و پلان، ژیانی رزگارکردن، بەدووری دەیان مەتر لە بنکەی پۆلیسەکەوە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەیان بینی، بەڵام گوێیانپێنەدا و بەردەوام بوون لە رۆیشتن تا لەوپەڕی ئاوایەکە پیرەمێردێکیان بینی بێستانی نزیک ماڵەکەیانی ئاودەدا، لێیانپرسی کە میوان رادەگرێت؟ ئەویش بەخێرهاتنی کردن و چوونە ژوورەوە، بە خێزانەکەی وت شیویان بۆ ئامادە بکات، دوای چەند خولەکەیێک لە دانیشتنیان گەنجێک (نەوەی پیرەمێردەکە) بە چرایەکەوە خۆی هاتەژوورەوە، رووخۆشیی گەنجەکەیان قۆستەوەو پرسیاری ناوچەکەو رێگەوبانی گوندەکانی دواتریان لێکرد، دوای ماوەیەک لە قسەو باس گەنجەکە بەڵێنی پێدان لەگەڵیان بچێت تا سەر رێگەی گوندی دراوسێیان، دوای نیو کاتژمێر لە دەمەتەقێ پیرەمێردەکە بە سینیەک خواردنەوە خۆی کرد بەژووردا، خواردنەکەی داناو چراکەی کوژاندەوە (تا بە بێ شەرم کردن و بە ئیسراحەتی خۆیان نانەکە بخۆن)، ئەوەش خەسڵەت و نەریتێکی ئەو گوندە

دوورەدەستانەیە، دوای ناخواردن داوایان لە پیرمێردەکە کرد ڕێگەیان پێبدا بڕۆن، خاوەن ماڵ سوور بوو لەسەر مانەوەیان تابەیانی، بەڵام ئەوان سوورتر بوون لەسەر ڕۆیشتن. [1]

پاش سوپاسکردن ماڵی پیرەمێردەکەیان بەجێهێشت، وەک بەڵێنی دابوو گەنجەکە لەگەڵیان ڕۆیشت، کە لە گوندەکە دوورکەوتنەوە (عەزۆ) چیرۆکێکی داهێنا! بە گەنجەکەی وت: «ناچین بۆ گوندەکەی دراوسێتان، بەڵکو دەمانەوێت ڕێگەی سنوورمان پیشانبدەیت، ئێمە سێ ئامۆزاین و کەسێکمان کوشتووەو دەمانەوێت رابکەین بۆ سوریا»، گەنجەکە ترسا، بەتایبەتی دەمانچەکەی پێبینی، وتی: «ئێوە بکوژ نین، بەڵکو ئێوە سیاسین، ئەگەر یارمەتیتان بدەم لە هەڵاتن بۆ سوریا، ئەوە بەتۆمەتی دژایەتیکردنی رژێم لەسێدارە دەدرێم»، (عەزۆ) وەڵامی دایەوە: «هیچ بژاردەت لەبەردەم نەماوە، ئەوەتا بەڕاستی لەگەڵمان تێوەگلاوی، ئەگەر دەستگیر بکرێین تۆش دەستگیر دەکرێیت، بۆیە یارمەتیمان بدە بۆ گەیشتن بە سنوورو هەر کە پەڕینەوە تۆش رزگارت دەبێت»[2].

دوای بیرکردنەوەیەکی کورت، گەنجەکە بڕیاریدا یارمەتیان بدات، تاکو خۆیشی رزگاری بێت لەو کێشەیەی کە هەر بەبیریدا نەدەهات تێیبکەوێت، لە شەوەزەنگدا گەیشتنە سەر سنوور، کە نزیکی دەوریەی پاسەوانی و روناکیی تاوەرەکان بوونەوە،

[1] ڕێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ١٧٦-١٩٩
[2] ڕێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ١٧٦-١٩٩

سوپاسی گەنجەکەیان کردو بیست دیناری عێراقییان پێداو ڕێگەیاندا بگەڕێتەوە بۆ لای کەسوکاری، سەرەتا گەنجەکە پارەکەی وەرنەگرت، بەڵام سوور بوون لەسەر ئەوەی وەکو پاداشتی چاکەکانی وەریبگرێت، گەنجەکە گەڕایەوە، ئەمانیش خۆیاندا بەزەویداو کەوتنە چاودێری تاوەری روناککەرەوەو و دەورییە عێراقییەکانی پاسەوانانی سنوور، بڕیاریاندا تاپارشێو لە جێگەی خۆیان بمێننەوە، کاتی پارشێو نزیک بووەوە دەورییەکان کەمبوونەوە، بە ئەسپایی هەنگاو بەهەنگاو چەند سەد مەترێک دوورکەوتنەوە، چەندە دوور دەکەوتنەوە، دەنگی پاسەوانەکان و تیشکی بلاجکتۆرەکان کەمتر دەبوونەوە، کە زانیان لە بازنەی مەترسی دەرچوون، هەنگاوەکانیان خێراتر کردو دوو کاتژمێر نەوەستان، کە دونیا روون بووەوە، بە بینینی روباری فورات واقیان وڕما، چونکە وایانزانی هێشتا لەناو سنووری عێراقدان، کەسێکیان دۆزیەوە لێیانپرسی: «ئێرە کوێیە؟»وتی: «ئێرە سوریایە لەوبەر روبارەکەش شارۆچکەی ئەلبوکەمالی سورییە»، هەناسەیەکیان هەڵکێشاو خۆشی دایگرتن و ئامێزیان بەیەکتریدا کرد، داوایان لێکرد لە روبارەکە بیانپەڕێنێتەوە، ئەویش لەبەرانبەر بڕێک پارە ئەو کارەی بۆ کردن.

بەرەبەیانی رۆژی ٢٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٧٥ لەو پەڕی ماندوویەتیدا گەیشتنە شارۆچکەی ئەلبوکەمالی سوری، یەکسەر

لە چێشتخانەیەک گەڕان، هەر کە دۆزیانەوە راستەخۆ چوونە ژووەرەوە لەسەر مێزێک دانیشتن، تەنها ئەوان لەوێ بوون، هێشتا زوو بوو بۆ نانی بەیانی، کیژۆڵەیەکی جوان هاتە لایانەوە لێیپرسین چی دەخۆن؟ وتیان هەرچی خواردنی قاوەڵتیان هەیە بیهێنە! لە کاتی نانخواردن (عەزۆ) دای لە پێکەنین و وتی: «لە ئەلبوکەمالی عێراقی دۆزەخ هەیەو داواکراو بووین، سەرمان گەنجینەیەک بوو بۆ ئەو کەسەی رادەستی دەسەلاتمان بکات، لە ئەلبوکەمالی سورییش بەهەشتێک هەیەو حۆریەکی جوان خزمەتمان دەکا و قاوەڵتیمان بۆ دەهێنێت!»، دوای نانی بەیانی چوونە تەرمینالٚ ئۆتۆمبێلێکیان بەکرێ گرت بۆ دێر زوور و لەوێشەوە بە ئۆتۆمبێلێکی دیکە چوون بۆ قامیشلۆ[١].

(ئیبراهیم عـەزۆ) کاتێک لـە زانـکۆی موسڵ دەیخوێند هاوڕێیەکی کـوردی سـوریـای هـەبوو، ئـەوکـات ناونیشانی خۆی پێدابوو، تا هەر کاتێک هاتە سوریاو ویستی سەردانی بکات، ئەو هاوڕێیەی دانیشتووی قامیشلۆ بوو، (عەزۆ) زۆر بیرتیژ بوو، ناونیشانەکەی لەبیر مابوو، بەهاوکاریی شۆفێری تەکسیەک چوون بۆ ماڵیان، هەر کە دەرگای کردەوە باوەشی پێداکرد، بەخێرهاتنی هەڤاڵەکانی کرد و فەرمووی لێکردن، هاورێکەی ئامانج لەسەردانیکردنی سوریای لێپرسی، (عەزۆ) باسی لە ناخۆشییەکانی هەڵهاتن و و گەیشتنیان بە سوریای بۆ کردو وتی: «هاتووینە وەکو پەنابەر خۆمان رادەستی پۆلیس

[١] رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ١٧٦-١٩٩

بکەین»، دوای خواردن و خواردنەوە ماڵەکەیان بەجێهێشت و لە کوچەو کۆڵانەکان راوێژیان بە یەکتری دەکرد، خۆیان رادەستی پۆلیسی سوری بکەن یان نا؟ تاریک داهات و نەگەیشتنە بڕیارێک، (عەزۆ) دژی بیرۆکەی خۆڕادەستکردن بوو، بەڵام ئەڵتەرناتیڤێکی باشتری نەدۆزیەوە، بۆیە ناچار خۆیان رادەست کردو وەکو پەنابەرو نەیاری رژێمی بەعسی عێراق خۆیان ناساند، هەروەها (عەزۆ) دەمانچەکەی رادەستکردن[1].

دوای دەستگیکردنیان بۆ کاتژمێرێک، بەڕێوەبەری ئەمنی قامشلۆ خۆی لێکۆڵینەوەی لەگەڵ کردن و لێی پرسین: «بۆ بەو شێوازە هاتوونەتە ناو سوریاوە، ئێوە کێن؟»وتیان: «ئێمە سەر بە جەلال تاڵەبانین و دەسەڵاتی عێراقی بەداوامانەوەیە، هیچ شوێنێکمان شک نەبرد پەنای بۆ ببەین سوریا نەبێت، هەروەها مام جەلالیش لێرەیە»دوای وەرگرتنی وتەکانیان، بەڕێوەبەری ئەمن فەرمانیدا بیانگوێزنەوە بۆ هۆتێلێک و لە ژێر چاودێری پیاوانی ئەمندا بن، دوای هەفتەیەک گواسترانەوە بۆ ئەمنی دیمەشق، دوای لێکوڵینەیەکی سەرپێی لەگەڵیاندا، گواسترانەوە بۆ بارەگای سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عێراقیی نەیاری حکومەتی بەعسی دەسەڵاتدار لە بەغدا، لەوێش دوای گفتگۆیەکی دۆستانە لەگەڵیاندا ئاراستەکردنی چەند پرسیارێک، وتیان: «لامان بمێننەوە، جەلال تاڵەبانی خۆی دێ بۆ لاتان، هەرواش

---

[1] ڕێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ١٧٦-١٩٩

دەرچوو دکتۆر (فوئاد مەعسوم[1]) یەکێک لە دامەزرێنەرانی (ی ن ک) چاوی پێیانکەوت و دڵنیا بوو کە رێکخستنی کۆمەڵەن، (عەزۆ) داوای لێکرد مام جەلال ببینن، پاش ئەوەی دکتۆر فوئاد مام جەلالی دڵنیا کردەوە کە ئەمانە خەباتگێڕن و هاتوون بێنە ریزی (ی ن ک)ەوە، دوای چاوپێکەوتنیان بۆ چەندین جارو ناسینی باشتریان مام جەلال وەک ئامادەکارییەک بۆ هەڵگیرسانی گڕی شۆڕش لە کوردستانی عێراق، ئەرکی حیزبی و سەربازی پێ سپاردن[2].

[1] سیاسی و ئەکادیمی و پێشمەرگە فوئاد مەعسوم لە ١ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٨ لە شاری کۆیەی سەر بە پارێزگای هەولێری هەرێمی کوردستان، لەخێزانێکی ئایین و زانستپەروەر لەدایک بووە، مەلا مەعسومی باوکی سەرۆکی زانایانی کوردستان بووە، بانگخوازی نزیکیک بوونەوەی ئایینزاکان و پێکەوە ژیانی ئایینەکان بوو، د. فوئاد تا ١٨ ساڵ لە خوێندنگە ئایینیەکانی کوردستان خوێندوویەتی، دواتر قانون و شەریعەی لە زانکۆی بەغدا خوێندووە، لە ساڵی ١٩٥٨ دەچێتە میسرو بەکالۆریۆسی شەریعەو قانون لە زانکۆی ئەزهەر بەدەستدێنێت، دواتر لە خوێندنی باڵا لە بواری فەلسەفەی ئیسلامی درێژە بە خوێندن دەدات و دکتۆرا لە فەلسەفە لە زانکۆی ئەزهەر بەدەستدێنێت، لەساڵی ١٩٦٨ وەک مامۆستاو وانەبێژ لە کۆلێژەکانی ویژەو ماف و پەروەردەی زانکۆی بەسرە کاردەکات، لەسەرەتای ژیانی دەچێتە ریزی حیزبی شیوعی عێراقیەوە، بەڵام بەهۆی هەڵوێستەکانی حیزبی شیوعی سوریی هاوتاکەیەوە لەبەرانبەر دۆزی کورد، لێی جیابووەوەو چووە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ بووە نوێنەری ئەو حیزبە لە بەسرە، لە ساڵی ١٩٧٣ش بووە نوێنەری شۆڕش لە قاهیرە، ساڵی ١٩٧٥ بەشداری دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی کردو بووە مەکتەبی سیاسی، هەروەها دواتریش لە ساڵی ١٩٩٢ بووە یەکەمین سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کورستانی عێراق، دواتر وازی لە پۆستی حکومی هێناو خۆی تەرخانکرد بۆ کاری حیزبی، لە ساڵی ٢٠٠٤

[2] رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ١٧٦–١٩٩

## ئامادەسازی بۆ شۆڕشی نوێ

لەگەڵ گەیشتنی (عەزۆ و شاباز و شەهید سەعید) و هەڤاڵانی دیکەیان بۆ سوریا، سەرکردایەتی (ی ن ک) ئامادەسازی کردبوو بۆ وەرگرتنی پەنابەرو پێشمەرگە هەڵاتووەکان کە رۆژ بەرۆژ ژمارەیان لە زیادبووندا بوو، بۆیە بارەگای لە (دیمەشق و قامیشلۆ)کردەوە وەک ئەوەی پێشتر پلانی بۆ دانابوو، نامە گۆڕینەوە سەبارەت بە چۆنیەتی دەستپێکردنی شۆڕش لە نێوان دامەزرێنەرانی (ی ن ک)و سەرکردەکانی کۆمەڵەو بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە چووبوونە ریزی یەکێتییەوە، دەستیپێکرد، سەرکردەکانی کۆمەڵە لەگەڵ ئەوەدابوون مەفرەزەی بچوک پێکبهێنرێت و لە چەند گوند و ناوچەیەکی دیاریکراودا بگەڕێن و ئەرکیان هەڵسانەوەو رێکخستن و سەرکردایەتیکردنی جەماوەر بێت بە رەچاوکردنی پرەنسیپی پشت بە خۆو گەل بەستن، بەڵام بزووتنەوەی سۆسیالیست کە ژمارەیەک سەرکردەی ناوداری شۆرشی ئەیلولی هەرەسهاتووی لەخۆگرتبوو وەک (عەلی عەسکەری، عەلی بچکۆل، دکتۆر خالید، سەید کاکە)و چەندانیتر، لەگەڵ بیرۆکەی گرنگیی کۆکردنەوەی پێشمەرگەو پاشماوەی شۆڕشی ئەیلولی پەرشوبڵاودا بوون لەسەرتاسەری عێراق بۆ پێکهێنانی هێزێکی گەورە کە شارەزاییان لە شەڕکردن لەگەڵ

هێزە عێراقییەکاندا هەیەو دەتوانن ڕووبەڕویان ببنەوە[١].

بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسەکە چەندین کۆبوونەوەی چڕوپڕ ئەنجامدران، لە کۆبوونەوە بەرینەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەگەڵ ئەفسەرانی کوردو سەرکردەکانی پێشمەرگەو کادرە پێشکەوتووەکاندا لە ڕۆژانی ٢٣-و٢٤ی ئایاری ١٩٧٦، مام جەلال پرۆژەیەکی بۆ ڕزگاری خستەڕوو کە ناونرا (پلانی ڕزگاری)، ئامانج لێی هەڵگیرسانەوەی شۆڕش بوو لە کوردستانی عێراق، وەک زەمینەسازییەک بۆ شۆڕشی عێراقی (عەرەبی – کوردی) لەپێناو دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان، لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی ئەم پرۆژەیەدا هاتووە: «شۆڕش کردەیەکی جەماوەرییە و پشت بە جەماوەر دەبەستێت، بۆیە ئەرکی بنەڕەتی بەرایی پلانەکە هەڵسانەوەو ڕێکخستن و هۆشیارکردنەوەو سەرکردایەتیکردنی جەماوەر بوو بە ڕەچاوکردنی پرەنسیپی پشت بە خۆو گەل بەستن، هەروەها ڕەچاوکردنی شەڕی پارتیزانی سەردەمییانە وەک ئامادەسازییەک بۆ جەنگی شۆڕشگێڕانەی گەل و خەباتی پێکەوەیی لەگەڵ هێزە کوردستانییە پێشکەوتووخوازەکان لە تورکیاو ئێران و خۆسازدان بۆ هەر ئەگەرێک»..،

بەپێی ئەم پرەنسیپانە لەڕێگەی پێکهێنانی یەکەی چەکداری بچوک و گەڕۆک (تیمەکانی بانگەشەی چەکداری)ی پێکهاتوو

---

[١] ئاشنا، کورتەک ل دۆر سیاسەت و مێژوویا ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، ٢٠١١، ل ل ٣٠-٣١

لە باشترین شۆڕشگێڕە هۆشیارو بوێرەکان بنەماکانی کار خرانەڕوو، ئەرکی سەرەکیی قۆناغی یەکەم بانگەشەی سیاسی و هۆشیارکردنەوەو ڕێکخستن و هاندانی جەماوەرو بەرزکردنەوەی ورەی خەڵک و پارێزگاریکردن لە کادرو ئەو شۆڕشگێڕانە بوو کە لە شارەکانەوە هەڵهاتوون، پێویستیشە ئەم یەکە بچوکانە تادەتوانن خۆیان لە پێکدادان لەگەڵ هێزە عێراقییەکاندا بپارێزن تا کاتی گونجاو دێتە ئاراوە [1]

هەر کە بڕیار لەسەر پلانەکە درا، دەستکرا بە جێبەجێکردنی لەڕێگەی ئامادەکاری بۆ پێکهێنانی مەفرەزەی چەکداری ژمارە کەم و بەتواناو ناردنیان بۆ ناو کوردستانی عێراق وەکو پێشەنگی هێزە پارتیزانەکان، بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکەش مام جەلال پشتی بە سەرکردەی حیزب و ئەفسەرانی کورد لە سوریا بەست، لەناویاندا ئەندازیاری نەقیب ئیبراهیم عەزۆ [2].

(ی ن ک) لە شاری قامشلۆ سەربازگەی پێگەیاندن و مەشق و ڕێکخستنی بۆ ئەو پێشمەرگەو کادرانە کردەوە کە پەیوەندیان پێوە دەکرد، (عەزۆ)ش دەستنیشانکرا بە سەرپەرشتیکردنی سەربازگەکە، هەر کە ئەرکەکەی پێسپێردرا ڕاستەوخۆ کەوتە جێبەجێکردنی، ئەوەی لەتوانایدا بوو درێغی نەکرد لە جێبەجێکردنی فەرمان و مەشقپێکردنی پێشمەرگەو پێگەیاندنی کادر، ژمارەیەک کادریش یارمەتی (عەزۆ)یان دەدا

---

[1] صلاح الخرسان، سەرچاوەی پێشوو ل ل ٣٤٧–٣٤٨

[2] صلاح الخرسان، سەرچاوەی پێشوو ل ٣٤٩

لە دابینکردنی کەرەستە بۆ سەربازگەکەو پێداویستییەکانی مەشق و هۆشیارکردنەوەی کادرو پێشمەرگەکان، لە ناویاندا (مام بۆزی میرانی) [١].

دوای دڵنیابوون لەوەی سیخوڕو دزەکارانی قیادە موەقەتەو حکومەتەکانی عێراق و ئێران نین، (عەزۆ) یەک لەدوای یەک بانگی پێشمەرگەو کادرەکانی کرد، لەوانەی کە بانگ کران: (شاباز و نوری حەداد)بۆ سەرپەرشتی خانەی میوانانی پێگەیاندنی کادران لەشاری قامشلۆ (عیزەت شەنگالی و عەبدولڕەحمان شەنگالی)ش بۆ سەرپەرشتیکردنی ئامادەکردن و پێگەیاندنی ئەو ٢٠ کادرەی چووبوونە ریزەکانی (ی ن ک)ەوە، خانەکەش پڕ بوو لە کتێبەکانی (ماو تسی تۆنگ) پێشەوای شۆڕشی چین و دامەزرێنەری کۆماری چینی میللی، هەروەها چەندین کتێب دەربارەی سۆسیالیزم و شۆڕشە میللییەکان.. چەندین خول و وانە بە کادران درانەوە، هەڵقەی فکریی سەبارەت بە رووداوەکانی ناوچەکەو بیرو ئاراستەی ماو تسی تۆنگ و چۆنیەتی هەڵگیرسانی شۆڕش و خەباتی سیاسی و چەکداری چڕوپڕیان بۆ سازدرا، هەر یەک لە (عەبدلڕەزاق فەیلی [٢] و

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی سەرکردە لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر رۆژی ٢٠٢٠/١١/١٢

[٢] عەبدلڕەزاق عەزیز میرزا ناسراو بە عەبدولڕەزاق فەیلی، لەساڵی ١٩٤٥ لە بەغدا هاتۆتە دونیاوە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی (ی ن ک)و کەسایەتییەکی تێکۆشەری نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستانە، خاوەنی هەڵوێستی گەورەو پڕ لە شانازییە، لە پێناوی رزگاری کورد لە جەورو ستەم بێوچان تێکۆشاوە، لێپرسراوی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی (ی ن ک) بوو، هەروەها چەندین

ئیبراهیم عەزۆ و عەبدولڕەحمان شەنگالی و حوسێن باباشێخ) وانەیان پێدەوتنەوە [١].

دوای کۆتایی خولەکە، بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بەدەستهێنانی پشتگیرییان بۆ (ی ن ک)و ئەو شۆڕشەی خەریک بوو لە کوردستانی عێراق هەڵدەگیرسا، ئەو پۆلە کادرەیان لە شێوەی گروپی بچوک بچوک نارد بۆ گوندەکانی دەوروبەری شاری قامشلۆ و شارۆچکەی دێرک، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی خێزانە کوردە عێراقییە پەنابەرەکان لێیان نیشتەجێن [٢].

لە کاتێکدا (عەزۆ) سەرقاڵی پێگەیاندنی کادرو ڕێکخستنی پێشمەرگە بوو، لەلایەن بارەگای حیزبی بەعسی عێراقی نەیارەوە پەیوەندی پێوەکراو ئاگادارکرایەوە کە سێ هاوڵاتی کوردستانی عێراق دەیانەوێت پەیوەندی بە (ی ن ک)ەوە بکەن و خوازیارن چاویان بە مام جەلال بکەوێت،...

(عەزۆ و حوسێن باباشێخ) ڕۆیشتن بۆ بارەگای حیزبی بەعس و چاویان بە سێ کەسەکە کەوت، کە پێکهاتبوون لە (ئیبراهیم شەرانشی[٣]) و (محەمەد ڕەئوف)ی ئامۆزای و

---

پۆستی دیکەی لە ناو یەکێتی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لە ناوەوەو دەرەوەی پێدراوە، لە ٢٠١٨/٦/١٣ لە نەخۆشخانەیەکی سلێمانی ژیانئاوایی کرد. بۆ زیاتر زانین دەربارەی ئەم تێکۆشەرە دێرینە بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم، بەرگی دووەم، ل ل ٧٥٢-٧٥٣ .

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز ، سەرچاوەی پێشووتر.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید، سەرچاوەی پێشوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد ناسراو بە (ئیبراهیم شەرانشی) ساڵی ١٩٥٣ لە

(سۆلاقا تۆما[1])، بەخێرهاتنیان کردن و لەگەڵ خۆیان بردیانن بۆ بارەگای (ی ن ک) لە قامیشلۆ.. لێیانپرسین: «بۆ دەتانەوێت بێنە ریزەکانی (ی ن ک)ەوەو چۆن هاتنە ناو سوریاوە؟»، (ئیبراهیم شەرانشی) وتی: «پێشمەرگەی ئەیلول بووم و دوای نسکۆ، وەکو زۆرینەی پێشمەرگەکان خۆم رادەستی حکومەتی

---

گوندی شەرانش، خێڵی سندی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٦٨ لە گەڵاڵە لەگەڵ شەهید ساڵح یوسفی پەیوەندی بەهێزەکانی پێشمەرگەی ئەیلولەوە کردووە، تا نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام بوو، لەمانگی ئازاری ئەوساڵەدا لە زاخۆ خۆی رادەستی حکومەتی عێراق کردەوە، هەروەها چەکەکەشی لەبەرانبەر لێبوردن رادەست کرد، لە مانگی ئابی هەمان ساڵ لەگەڵ محەمەد رەئوفی ئامۆزای چوون بۆ کوردستانی تورکیاو دواتر چووە ریزەکانی (ی ن ک)ەوە.

[1] سۆلاقا تۆما شەمعون ساڵی ١٩٣٥ لەگوندی (دێرەشیش)ی ناوچەی خێڵی سندی لەدایکبووە، ئەنجومەنی گوندەکەی خۆیان بووە، لەهەرەتی گەنجیدا پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووەو بووتە پێشمەرگەی شۆڕشەکە، دوای نسکۆی شۆڕش بە چەند مانگێک بەرەو تورکیا چووەو لەوێوە بۆ سوریا، پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە کردووە، پێشمەرگەو چاوساغی چوار مەفرەزەکەی یەکێتیی بوو بە سەرکردایەتی ئیبراهیم عەزۆ لە هاتنەوەیان بۆ بادینان ساڵی ١٩٧٦ بۆ هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ، دوای کۆمەڵکوژیی مەفرەزەکان لەلایەن قیادە موەقەتەی پارتی و بەکرێگیراوەکانیان لە خێڵە کوردییەکانی تورکیاوە، دەستگیرکرا، چەند مانگێک لە زیندانی پارتی لەگەڵ ئیبراهیم عەزۆ و ژمارەیەک پێشمەرگەو کادری یەکێتی مایەوە، دواتر سۆلاقا توانی لە چنگی چەکدارانی قیادە موەقەتە هەڵبێت و جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ سوریاو لە ریزەکانی (ی ن ک) بەردەوامبێت و ئەرکەکانی جێبەجێ بکات و لە خەبات بەردەوام بێت، ساڵی ١٩٧٧ دوای ئەوەی خەڵکی گوندەکەی و خزمە مەسیحییەکانی خۆی خیانەتیان لە خێزانەکەی کردو ناویاندا بە حکومەتی عێراقی بەوەی کوڕیان پێشمەرگەی (ی ن ک)ە، ئەندامانی خێزانەکەی دوورخرانەوە بۆ باشوری عێراق و بۆ ماوەی سێ ساڵ لە سەربازگەیەکی ناو زەلکاوەکاندا دەسبەسەر بوون، هەروەها ماڵ و موڵکیان دەستی بەسەردا گیراو درا بەو خزمانەی کە خیانەتیان لێکردن، لە کارەساتی هەکاریدا ساڵی ١٩٧٨ سۆلاقا لەو کاتانەی لەگەڵ سەرکردە حوسێن بابا شێخ بوو، لەسەر دەستی چەکدارانی قیادە موەقەتە لەگەڵ سەدان فەرماندەو پێشمەرگەی (ی ن ک) لەنێویاندا هەردوو سەرکردەی دیاری (ی ن ک) عەلی عەسکەری و حوسێن بابا شێخ شەهید کرا.

عێراقی کرد، بەڵام پیاوانی ئەمن هەمیشە چاودێریان دەکردین و هەراسانیان کردبووم، بڕیارمدا هەڵبێم بۆ تورکیاو لەوێوە بۆ ئێران، وەک دەزانن ئێران پێشوازی لە پێشمەرگە دەکات و زۆرینەی پێشمەرگەکانی پارتی لە ئۆردوگاکانی ئەو وڵاتەدان، بۆیە من و (محەمەد)ی ئامۆزام هەڵهاتین بۆ کوردستانی تورکیا، لەوێ لەگوندی (بێجە) چاومان بە (عەلی خان) کەوت و داوامان لێکرد یارمەتیمان بدات لە پەڕینەوەدا بۆ ئێران، بەڵام قەناعەتی پێهێناین بێین بۆ سوریاو پێیوتین: ئێران و عێراق رێکەوتوون لەمەودوا هەر پێشمەرگەیەک بچێتە خاکی ئێرانەوە، رادەستی عێراقی دەکاتەوە...

هەروەها پێیوتین لە سوریا مام جەلال حیزبێکی نوێی دروستکردووە بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بڕۆن بۆ ئەوێ و بچنە ریزی ئەو حیزبەوە..بڕوامان بە قسەکانی هێناو بڕیارماندا بێین بۆ سوریا، هەر بەیارمەتی ئەو گەیشتینە جزیرەی بۆتان، لەوێ (سۆلاقا)مان بینی کە یەکتریمان دەناسی و پێکەوە پێشمەرگە بووین، ئەویش لە حکومەتی عێراق هەڵهاتبوو و لە دۆخێکی خراپیشدا بوو، داوای لێکردین لەگەڵ خۆمان بیهێنین بۆ سوریا، پارەشی پێنەبوو، بۆیە رازیبووین لەگەڵ خۆمان بیهێنین و تێچووی سەفەرە مەترسیدارەکەشی لەئەستۆ بگرین، دواتر بە یارمەتی پیاوانی (سەبری نەواف ئاغا) ی دۆست و هاوپەیمانی مام جەلال لە سنووری تورکی سوری

پەڕینەوەو گەیشتینە گوندێکی نزیک قامیشلۆ، لەوێ پرسیاری بارەگای مام جەلالمان کرد، پێدەچوو کەسێک حکومەتی سوری لێئاگادار کردبینەوە، چونکە ئەندامێکی حیزبی بەعسی عێراقی – باڵی سوریا هات بۆ لامان و بردمانی بۆ بارەگاکەی خۆیان لە قامیشلۆ، لەوێ لێپرسراوی بارگاکەیان داوای لێکردم بگەڕێمەوە بۆ عێراق لەبەرانبەر بڕێک پارە بۆ ئەوان کار بکەم، بەڵام رەتمکردەوەو پێموتن من هاتووم بۆ سوریا تا مام جەلال ببینم [١]».

دواتر (شەرانشی) ناونیشانی کەسێکی پرسی بەناوی (عەبدولڕەحمان ساڵح)، عەزۆ پێوت: «بۆچی پرسیاری دەکەیت ئایا لەبەر ئەوەی هاوشاری خۆتانەو خەڵکی زاخۆیە؟»، وتی: «نەخێر نامەیەکی عەلی خانم پێیە»، روخساری عەزۆ هەندێ گومانی لەسەر نیشت، چونکە (عەبدولڕەحمان ساڵح) لە ژێر چاودێری (ی ن ک)دا بوو، هەرچەند لە کادرە سەرەکییەکانی (ی ن ک) بوو، بەڵام لە لایەن قیادە موەقەتەوە نێردرابوو، مام جەلالیش ئەوەی باش دەزانی و هەواڵگری سوریاش توانیبووی ئاشکرای بکات، دوای ئەوە لە ریزەکانی حیزب دەرکرا، (عەزۆ) نامەکەی لێسەند و پێوت: «نامەکە بۆ (عەبدولڕەحمان) دەبەم و ئێوە لە شوێنی خۆتان بمێننەوە تا لە دیمەشق دەگەڕێمەوە [٢]».

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد، لە ٢٠١٨/٥/٤ لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات – دهۆک.

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو.

(عەزۆ) رۆیشت بۆ دیمەشق، بەڵام لەبری ئەوەی نامەکە بداتە (عەبدولڕەحمان)رادەستی مام جەلالی کرد، لە نامەکەدا عەلی خان کە باش مام جەلالی دەناسی، گلەیی لە سەرکردەکانی شۆڕشی ئەیلول دەکرد، بەهۆکاری هەرەسی شۆڕشکەی دەزانین، داوایشی دەکرد بایەخ بە (ئیبراهیم شەرانشی و محەمەد)ی ئامۆزای بدرێت، دوای ئەوەی مام جەلال نامەکەی خوێندەوە، داوای لە عەزۆ کرد بگەڕێتەوە قامیشلۆو ئەرکێک بە (شەرانشی) بسپێرێت، پێدەچوو مام جەلال بیەوێت نیازی (شەرانشی) تاقیبکاتەوە.

## تاقیکرنەوەی گومانلێکراوەکان

(عــەزۆ) دوای ســێ رۆژ گــەڕایــەوە قامیشلۆو داوای لە (شــەرانشــی) کــرد بگەڕێتەوە کوردستانی عـێراق، بەڵام (شەرانشی) داواکەی رەتکردەوەو وتی: «هەرگیز ناگەڕێمەوە هەموو شتێکم خستە مەترسیەوە تابێمە ریزەکانی (ی ن ک) ەوە، بۆچی وەرمناگرن؟» (عەزۆ) وتی: «رەتتناکەینەوە، بەڵام ئەرکێکی حیزبی مەترسیدارت پێدەسپێرین، دەچیتەوە بۆ کوردستانی عێراق و دێیتەوە»ئەویش وتی: «ئەگەر ئەرکێکی حیزبی بێت دەچـم» (عـەزۆ) پێیوت: «ئەرکەکە مەترسیدارە، دەبێت بڵاوکراوەو چاپەمەنی (ی ن ک) بگەیەنیت بە (عەلی خان)، پێشی تۆ خەڵکی دیکەمان ناردووە بۆ ناو عێراق، بەڵام شکستیان هێناوە [١]».

پێش ئەوەی (شەرانشی) بۆ جێبەجێکردنی چالاکی یەکەمی بڕوات، داوای لە (عەزۆ) کرد رازیبێت (سۆلاقا)ی لەگەڵدا بچێت، چونکە کۆنە پێشمەرگەیەو رێگەوبانەکان بەباشی شارەزایە، (عەزۆ) بەداواکەی رازی بوو و پێیوت: « (محەمەد)ی ئامۆزات دەنێرین بۆ دیمەشق و دەیخەینە خولی مەشقپێکردنەوە»، (شەرانشی و سۆلاقا) کەوتنەڕێ بۆ جێبەجێکردنی یەکەمین چالاکییان، تاسەرسنووری سوریا - تورکیا (ئیبراهیم عەزۆ و حوسێن باباشێخ) لەگەڵیان چوون، لەوێ بەتەنیاو بە ژمارەیەکی زۆر لە بڵاوکراوەی حیزبی و نامەیەکی مام جەلالەوە بۆ (عەلی

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو.

خان)، لە سنوور پەڕینەوەو دوای کاروانێکی سەخت و مەترسیدار گەیشتنە ماڵی (سەبری نەواف ئاغا) لە شاری جزیرەی بۆتان، لەوێ ئۆتۆمبێلێکیان بە کرێ بۆ گرتن، گوازرانەوە گوندی (بێسپنێ)ی سەر بە شارۆچکەی سلۆپی هاوسنووری عێراق، لەوێوە بە پیادە ڕێگەیان بڕی تاگەیشتنە گوندی (هەربول)ی نزیک سنوورەکانی عێراق، بەرانبەر بە ناوچەکانی خێڵی سندی کوردی عێراقی، لەوێشەوە بەرەو روباری (هیزل) چوون و بەبێ ئەوەی پاسەوانانی سنوور هەستیان پێبکەن لە روبارەکە پەڕینەوە و گەیشتنە گوندی (سورینکێ) لەناو عێراق، لەوێ دوو رۆژ مانەوە، دواتر بەرەو گوندی (کرکرانک) گوندەکەی (عەلی خان) رۆیشتن لە دۆڵی (پساغا) کە یەکێکە لە دۆڵەکانی ناوچەی خێڵی سندی، کە گەیشتنە ئەوێ بڵاوکراوەکانیان رادەستی (عەلی خان) کردو سەرگوزشتەی چوونیان بۆ سوریاو بینینی سەرکردەکانی یەکێتیان بۆ باس کرد [١]

دوای پشوویەکی سێ رۆژی لە میوانداری (عەلی خان)، لە سەفەرێکی سەخت و پڕ لە مەترسیدا گەڕانەوە بۆ سوریا، (عەزۆ و حوسێن باباشێخ) دڵخۆش بوون بە سەرکەوتنی کارەکەیان، پاش چەند رۆژێک (عەزۆ) داوای لە (شەرانشی و سۆلاقا) کرد ئەرکێکی دیکە جێبەجێ بکەن، داوای لێکردن بچن بۆ تورکیاو بانگهێشتی دوو کەسایەتی کوردی عێراقی بەناوەکانی (حەمید شەریف و مەلا عەبدولغەنی سندی)بکەن

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو.

بۆ سوریاو هاوەڵیشیان بکەن تادەگەنە سوریاو چاویان بە مام جەلال دەکەوێت. ئەو دوو کەسایەتیەش دوو سەرکردەی ناوخۆی شۆڕشی ئەیلول بوون لە ناوچەی زاخۆ، جارێکی دیکە (شەرانشی و سولاقا) سەرکەوتوو بوون لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیان و هەر دوو کەسایەتییەکەیان لە تورکیاوە هێنا بۆ سوریاو لە قامیشلۆ رادەستی (عەزۆ)یان کردن.

(عـەزۆ و حوسێن باباشێخ) گرِوتین و گورجوگۆڵی (شەرانشی و سولاقا)یان بەدڵ بوو کە لەجێبەجێکردنی هیچ ئەرکێک سڵیان نەدەکردەوە، بەڵام هەواڵێک ئەو حەماسەتەی (شەرانشی) ساردکردەوە، زانیاری پێگەیشت کە دەسەڵاتی عێراقی خانەوادەکەی بۆ باشوری عێراق رادەگوێزێت، بۆیە داوای لە (عەزۆ) کرد رێگەی بدات و بچێتەوە بۆ کوردستانی عێراق بۆ ئەوەی هاوسەرو منداڵەکانی ببات بۆ شوێنێک لە چاوی پیاوانی ئەمنی عێراقی دووربـن، راستەوخۆ (عـەزۆ) بەداواکەی رازیبوو و داواشی لێکرد پەلە بکات لە رۆیشتن [١]

(عەزۆ) بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی و سەرپەرشتیکردنی خولەکانی کادران و پێشمەرگەو رێکخستنیان، هاتوچۆی نێوان شارەکانی دیمەشق و قامیشلۆو شۆڕشی-ی دەکرد، لەسەرەتای ١٩٧٦ (عەزۆ) فەرمانی لە سەرکردایەتی (ی ن ک)ەوە بۆ هات سەرپەرشتی چەند خولێکی مەشق و راهێنانی پێشمەرگەی (ی ن ک) بکات لە سەربازگەی هێزەکانی بروسکی سوری، ئەو

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو.

سەربازگە نهێنییەش لەلایەن سوپای سوریاوە تەرخانکرابوو بۆ مەشقپێکردنی بزووتنەوە رزگاریخوازە جیهانییەکان.

لە خولی مەشق و راهێنانی یەکەمدا لە دیمشەق، نزیکەی ٢٠٠ کەس بەشداربوون لەحیزب و لایەنە عێراقییە ئۆپۆزسیۆنەکانی وەکو حیزبی بەعسی عێراقی ئۆپۆزسیۆن – باڵی سوریا، بزووتنەوەی ئیشتراکی عەرەبی و یەکێتی قاعیدە کە رێکخراوێکی مارکسیی عەرەبی بوو، حیزبی شیوعی عێراقی قیادەی مەرکەزی، لەناویشیاندا ٦٠ پێشمەرگەی (ی ن ک) هەبوون وەک (حوسێن باباشێخ، جەلیل شاباز، شەهید سەعید، نوری حەداد، فوئاد مەلا موسڵیح، عیزەت شەنگالی، ئەحمەد کەشخەچی، سۆلاقا تۆما، ئیبراهیم رەشۆ، یونس زیکر، رەشید محەمەد، نوری موراد، محەمەد حاجی، ئەحمەد عەرجەف، عەبدولجەبار عەبدولغەنی سندی، حوسێن ئەحمەد ئەحمەد، رەمەزان ئەحمەد حەسەن و چەند کەسێکی دیکە). نەقیب عەزۆ و چەند ئەفسەرێکی کورد و عەرەبیش سەرپەرشتی خولەکەیان دەکرد کە ٤٠ رۆژی خایاندو پێکهاتبوو لە مەشقکردن لەسەر هونەری شەڕی پارتیزانی و چۆنیەتی بەکارهێنانی دەمانچەو کلاشینکۆف و دۆشکە و کاتیۆشاو گراد و هاوەنی ٦٠و٨١و١٢٠ملم، هەروەها چۆنیەتی چاندنی مین و هەڵگرتنەوەی و دروستکردنی بۆمب و تەقینەوە، رۆژانی هەینیش لەلایەن مام جەلال و چەند کەسایەتییەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و رەوتی بزووتنەوەی ناسریەوە لە

خوێندنگەی پێگەیاندنی جەنگیی سەر بە حیزبی بەعسی سوری وانەی تیۆری بە بەشداربووانی خولەکە دەوترایەوە [١].

نەقیب (ئیبراهیم عـەزۆ) کەسایەتیەکی خۆشەویست بوو لای بەشداربووان، ئەو بە پێچەوانەی ئەفەسەرەکانی دیکەوە، لەگەڵیاندا دەخەوت و نانی دەخوارد، چەندینجاریش جلەکانی بۆ دەشوشتن و مەشقی لەگەڵیاندا دەکرد، تا جارێک دکتۆر فوئاد مەعسوم لێیپرسی: «بۆ لەگەڵیاندا مەشق دەکەیت و ئەوە دەکەیت کە ئەوان دەیکەن، تۆ ئەفسەریت؟»، لەوەڵامدا وتی: «لەگەڵیان مەشق دەکەم تاببێتە هاندەرێک بۆیان و بە شێوەیەکی باش مەشق بکەن، ئەگەر ئەوە نەکەم رەنگە تەمەڵی بکەن، ئەوەش لەکاتی تەنگانەدا بەکەڵکیان نایەت» [٢].

دوای تەواو بوونی خولە ٤٠ رۆژیەکە، خولێکی چڕوپڕی ١٠ رۆژی بۆ ٦٠ کەس لەو ٢٠٠ کەسە کرایەوە، بە بەشداری ١٠ کادری (ی ن ک)، (شاباز)یش یەکێک بوو لەوان [٣].

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

٢ رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر ل ل ٣٠ – ٥٢.

٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

## گوتاری هیوای مام؛
## پارتی و سیاسەتی تێکدانی شۆڕش

دوای کۆتایی هەردوو خولەکە بە هۆی زیادبوونی پەنابەرە کوردە عێراقییەکانەوە لە گوندەکانی دەورو بەری دێرک (ی ن ک) لەو شارۆچکەیە بارەگایەکی کردەوەو ژمارەیەک لە کادرە مەشقپێکراوەکانی بۆ تەرخانکرد تاوەکو کاربکەن بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و پەنابەران سەبارەت بە کوردایەتی و ناساندنیان بە ئامانج و خواستەکانی (ی ن ک)، بەتایبەتی گرنگیی هەڵگیرسانی شۆڕشێکی نوێ لە کوردستانی عێراق، هەروەها بۆ لەخۆگرتنی ئەوانەی دەیانەوێت بچنە ریزەکانی (ی ن ک)ەوە [1].

مام جەلال و سەرکردایەتی (ی ن ک) پرسی هەڵگیرسانی شۆڕشیان یەکلاییکردەوە، ئەوەش دوای ناردنی یەکەمین کاروانی پێشمەرگەو کادری مەشقپێکراو و دابینکردنی سەرجەم پێداویستی و کەرەستەی سەربازی، بۆ کوردستانی عێراق، سەرکردایەتی کۆک بوون لەسەر دەستنیشانکردنی نەقیبی ئەندازیار (ئیبراهیم عەزۆ) بۆ سەرکردایەتیکردنی مەفرەزەکە کە دەبێتە پێشەنگی هێزی زیاتر لە داهاتوودا، مام جەلال و (دامەزرێنەرانی ی ن ک[2]) دەیانزانی چ ئەرکێکی

[1] ریبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر ل٤٥.

[2] ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پێکاتووە لە ( مام جەلال، د.فواد مەعسوم، عەبدولڕەزاق میرزا، عادل موراد، د.کەمال فوئاد، عومەر شێخموس، نەوشیروان مستەفا).

ترسناک بە مەفرەزەکە دەسپێرن، بەڵام نەیاندەزانی چی لە چاوەڕوانیاندایە، یان کاردانەوەی قیادە موەقەتە چی دەبێت، هەروەها سوپای عێراقیش لەدوای رێککەوتنامەی جەزائیرەوە لە لوتکەی بەهێزیدا بوو.

د.(جۆرج حەبەش) سکرتێری گشتی بەرەی میللیی رزگاری فەلەستین، بۆ گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتیانەی دۆزی کورد لەعێراق رۆڵی ناوەندگیری لەنێوان سەرکردایەتی (ی ن ک)و رژێمی بەغدا گێڕا، بەڵام وەڵامی رژێم لەسەر زاری (سەدام حوسێن) جێگری سەرۆک کۆماری ئەوکاتی عێراق هات کە وتی: «ئەگەر دارخورما لە سەری جەلال تاڵەبانی بڕوێت، ناتوانێت ١٠ جەنگاوەر بنێرێتەوە چیاکان»، هەر دوای ئەو قسەیە بەماوەیەکی کەم (ی ن ک) بە سەدان پێشمەرگەی رەوانەی شاخەکانی کوردستان کرد، ئەوەش سەرکردەکانی عێراق و بەعسی تووشی شۆککرد[1].

سەرکردەو ئەفسەرانی (ی ن ک) لە سوریا ٤٠ پێشمەرگەو کادریان هەڵبژارد بۆ پێکهێنانی یەکەمین مەفرەزە بە سەرکردایەتی (ئیبراهیم عەزۆ)کە دواتر دەچنە ناوچەی بادینانەوەو جاڕی شۆڕشی چەکداری دەدەن[2]، مەفرەزەکەش ناونرا ( تیپی بانگەشەی چەکداریی)، بەر لە ئاشکراکردنی

[1] صلاح الخرسان، سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤٥

[2] مام جەلال، دیداری تەمەن/ لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆمار- ئا: سەلاح رەشید، بەشی دووەم ل ٥٥

پلانەكە بۆ ٤٠ جەنگاوەرەكەو ناردنەوەیان بۆ كوردستانی عێراق بۆ ئەو ئەركەی كە ئاراستەی رووداوەكـان دەگۆڕێ، لە كۆتایی مانگی نیسانی ١٩٧٦ بانگكران بۆ شاری قامیشلۆو لە بری كۆبوونەیان لە بارەگای حیزب، لە ماڵی كەسایەتی كوردی ناسراوی قامشلۆ (خەلیل عەبدی سوور)كۆبوونەوەیان پێكرا[١]، تا سەرنج بـەلای خۆیاندا رانەكێشن، مام جـەلال بە ئامادەبوونی (نەوشیروان مستەفا، عادل موراد، عەبدولڕەزاق فەیلی، ئیبراهیم عەزۆ، حوسێن بابا شێخ و مام بۆزی میرانی) سەرپەرشتی كۆبوونەوەكەی كـرد[٢]، لەوتەیەكیدا مام جەلال باسی گۆڕانكارییەكانی گۆڕەپانی سیاسی و ناوچەكەی بۆ كردن، ئاماژەی بە گرنگی هەڵگیرسانی شۆڕشێكی پشتبەستوو بـە جـەمـاوەر لــەدژی دیكتـاتۆریـەت داو پێیڕاگەیاندن كە هەڵبژێردراون بۆ رۆیشتن بۆ كوردستانی عێراق و ئامانجیان بانگەشـەی چەكداری شۆڕشـەكەیە نەوەک پێكدادان لەگەڵ هێزە عێراقییەكاندا، بەڵكو تەنها لە حاڵەتی بەرگری لەخۆكردن دەست بكەنەوە[٣].

مام جەلال ئەوەی باش دەزانی كە بە بێ ئامادەسازیی و بەرزكردنەوەی ورەی گەل بەتایبەتی لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و هەروەها بەبێ پێكهێنانی شانەی حیزبی لە شارو

---

[١] عادل موراد، الانطلاقه من طليطله الى بغداد.. خواطر بعد ثلاثين عاما، دهۆک، ٢٠٠٦/ ل ٣٤، رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر ل٤٦.

[٢] چاوپێكەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو.

[٣] چاوپێكەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

گوندەکان و مەفرەزەی بچوک لە گوندەکان و بەدەستهێنانی پشتگیری گەل بۆ شۆڕش، هەنگاوەکانی دواتریان سەرکەوتوو نابێت لە ناردنی هێزی زیاتر بۆ ناوچەکەو کردنەوەی ڕێڕەوی ئارام بۆ ناردنی چەک و تەقەمەنی لە سوریاوە بۆ ناو کوردستانی عێراق. مام جەلال دوای وتەکەی، داوای لە ئامادەبووان کرد بچنە دەرەوە، تەنها (عەبدلڕەزاق فەیلی و ئیبراهیم عەزۆ)ی لەلا مانەوە، دواتر یەک لەدوای یەک بە شێوەی تەنیا بانگی ئەوانەی کرد کە هەڵبژێردراون بچنەوە بۆ کوردستان، تا بڕیاری کۆتاییان سەبارەت بە خۆبەخشکردن بۆ ئەو ئەرکە مەترسیدارە بزانێت، بە هەمووشیان یەک قسەی وت: «پێشمەرگایەتی کارێکی خۆبەخشانەیە نەک زۆرەملێ، وەک پێشمەرگەیەک دەڕۆیتەوە بۆ کوردستان و ڕەنگە شەهید ببیت، برسیت ببێت، بنمیچێک نەبێت لە باران و سەرماو گەرما بتپارێزێت، ڕەنگە بەدیل بگیرێیت و ئەشکەنجە بدرێیت و لەسێدارە بدرێیت، هەموو ئەمانەش مایەی شانازین بۆ ئەو پێشمەرگەیەی قوربانی بۆ نیشتمان و ئازادی گەلەکەی دەدات، ئایا دەتەوێت بڕۆیت؟ ئەگەر نەشچیت هەر وەکو خۆشەویستی ئێمە دەمێنیتەوەو لێرە لە سوریا ئەرکی دیکەت پێدەسپێرین»، لەناو ئەو ٤٠ کەسەدا تەنها دووانیان پاشگەزبوونەوە، دواتر مام جەلال بانگێشتی نانی نیوەڕۆی کردن، لەسەر نانخواردنیش نامیلەکەیەکی پێبەخشین بەناونیشانی (بژاردەیەک لە وتەکانی سەرۆک ماو)، کە چەندین

زانیاری سەبارەت بە شەڕی پارتیزانی و مەفرەزە گەڕۆکەکان و ڕێنمایی سیاسی و سەربازی سوودبەخشی بۆ پێشمەرگە بەتایبەتی مەفرەزەکانی بانگەشەی چەکداری لەخۆ گرتبوو[١].

هەر ٣٨ ئەندامی مەفەرەزەکە ئاگادارکرانەوە کە لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لە قامیشلۆوە دەکەونەڕێ، پێشتریش (ی ن ک) ( عیزەت شەنگالی و سۆلاقا تۆما)ی بۆ ناوچەی خێڵی (گویی) ناردبوو لەسەر سنووری تورکی عێراقی لە دیوی تورکیا، بۆ هەماهەنگیکردن لەگەڵ چەند کەسێکدا کە ئەرکیان ئاسانکاری دەبێت بۆ پرۆسەی پەڕینەوەی مەفرەزەکە، بەڵام چەکدارانی قیادە موەقەتە دەستگیری کردبوون و ناردبوونی بۆلای (هاشم ئەبو عەنتەر) سەرکردە لەقیادە موەقەتە، ئەویش پێیوتبوون: «ئەمجارە ئازادتان دەکەین، بەڵام ڕازی نابین هیچ کەسێک بەناوی پێشمەرگایەتی و بۆ شۆڕشکردن بێت بۆ کوردستان ، ئەوەی دەیەوێت ببێت بە پێشمەرگە با پەیوەندی بەئێمەوە بکات»[٢].

دوای هەرەسی شۆڕشەکەیان، مەرامەکانی قیادە موەقەتە روون بوو سەبارەت بە ڕێگەنەدان بە هیچ حیزب و گردبوونەوەیەکی سیاسی کە بیەوێت شۆڕشێکی نوێ لە کوردستانی عێراق هەڵبگیرسێنێت، تەنانەت (ئیدریس بارزانی) کوڕە گەورەی مستەفا بارزانی بەراشکاوی لە کۆبوونەیەکدا بە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.
[٢] ڕێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر ل ١٠٠-١٠١.

ئامادبوونی (سەید کاکەو سەعدی گچکە)و چەند سەرکردەیەکی دیکەی پێشمەرگەی وتبوو:«ئەگەر شۆڕشمان پێنەکرێت، پێمان تێکدەدرێت»، هەروەها وتبووی: «ئێمە ئاگاداری ئەو شۆڕشەین کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان رایگەیاندووە، بۆیە دژایەتی دەکەین»[١]، ئەمەش دواتر بە روونی دەردەکەوێت کاتێک مەفرەزەکەی (ی ن ک) دەگاتە ناوچەی بادینان.

[١] مام جەلال، دیداری تەمەن، بەشی دووەم ل ٥٧

## پێکهاتەی مەفرەزەکە

- نەقیبی ئەندازیار ئیبراهیم عەزۆ، فەرماندەی مەفرەزە
- عیزەت ئیسماعیل هەبی مەحمود شەنگالی
- عەبدولڕەحمان حەسەن حوسێن شەنگالی
- عەبدولجەبار عەبدولغەنی ئیبراهیم سندی
- فەیسەڵ کاشان خدر
- حوسێن ئەحمەد ئەحمەد
- عومەر ئیبراهیم رەشید
- تەها عومەر سەعید عەبدولا بەروشکی
- سعود عەلی خالید (شەهید سەعید)
- رەشید محەمەد عەبدولڕەحمان
- ئەحمەد عەرجەف خالید
- بەدۆ سیدۆ سینۆ عیسۆ
- یاسین حامید یوسف
- فوئاد مەلا موسڵیح کۆیی
- عیزەت سدیق کەریم خۆرانی
- ئەحمەد محەمەد ئەحمەد (ئەحمەد کەشخەچی)
- سۆلاقا تۆما شەمعون
- عادل میران (خەڵەف حامید)
- قادۆ (کوردی سوریا)

- عەڤدۆ عەلی زەریێ (کوردی سوریا)
- مستۆ موحسین عومەر
- ئیبراهیم خەلیل فەقێ
- ئیبراهیم رەشۆ
- جەلیل عەبدال شاباز
- یونس زیکر عەبدال شەنگالی
- نوری موراد عەلی
- محەمەد حاجی محەمەد
- عەلی ئەحمەد محەمەد ئەمین
- نوری محەمەد ئەمین حەداد
- قاسم محەمەد عەلی
- عەبدولحەمید عومەر تەعلو
- سابیر عەرەب عەبدی
- جاسم محەمەد ئەحمەد
- رەمەزان ئەحمەد محەمەد عوسمان
- حوسێن تەمەر قاسم
- عەلی حوسێن خالید
- ئەحمەد عەبۆ حاجی
- ؟؟؟ بەداخەوە ناوی کەسی (٣٨)ەمەمان بۆ ساغ نەبووەوە.

## بەرێککەوتنی ٣٨ شۆڕشگێڕەکە

(عەزۆ) نەیتوانی بگەڕێتەوە بۆ کوردستان بەبێ ئەوەی ماڵئاوایی لە (ئیبراهیم عەبد عەلی)ی برادەرو هەڤاڵی ریگەی هەڵاتن لە بەغداوە بۆ سوریا بکات، بۆیە پێش دوو رۆژ لە بەرێککەوتنی مەفرەزەکە، سەردانی ماڵی (ئیبراهیم)ی کرد لە شاری قامیشلۆو داوای لێکرد پێکەوە پیاسەیەک بکەن، لەکاتی گەڕان بە کۆڵانەکانی شارەکەدا، (عەزۆ) وتی: «دەزانیت کە من نەخۆشم، بەڵام رێگە نادەم نەخۆشییەکەم رێگر بێت لە ئامانجەکانم بۆ هەڵگیرسانی شۆڕش، من و ئەوانەی لەگەڵمدان، وەکو سەربازی ون دەگەڕێینەوە بۆ نیشتمان، ئێوەو هەڤاڵانی دیکەش چاوەڕوان بن تاکو دەنێرم بە شوێنتانداو بێن و درێژە بە خەبات بدەین»، هەروەها وتی: «جیاوازی لە نێوان بەعسی عێراقی و بەعسی سوری نییە، ئەوان لەیەکتری دەچن، بەعس چەپ و راستی نییە، هەر حیزبەی تاکی جوتێک پێڵاون، ئەمەیان تاکی راستەو ئەوی تریان تاکی چەپە» [1].

مەفرەزەکە، کە لە ٣٨ پێشمەرگەو کادری مەشقپێکراو پێهکاتبوو، بە سەرکردایەتی نەقیبی ئەندازیار (ئیبراهیم عەزۆ) ی ٢٧ساڵ، لەسەرەتای ئایاری ١٩٧٦ لە شاری قامیشلۆوە بەرێکەوت، سەرەتا بە ئۆتۆمبێلی سەربازی سوپای سوریا گواسترانەوە بۆ گوندێکی کوردیی سەر بە شارۆچکەی دێرک، سەرجەم ئەندامانی مەفرەزەکە چەکی پێشکەوتوو و تەقەمەنیان

[1] ریبوار سالح، سەرچاوەی پێشووتر ل ١٩٨.

پێبوو لە (کلاشینکۆف و دەمانچەو نارنجۆک و ئاربیجی)، جگە لە سەدان نامیلەکە بەناونیشانی (یەکێتیی نیشتمانیی بۆچی؟)[1].

مەفرەزەکە شەوێک لەو گوندە مانەوە، ژمارەیەک کادریشیان لەگەڵ دابوو تا لە سنووری سوریا دەپەڕنەوە، (مام بۆزی بۆتانی) یەکێک بوو لەو کادرانە، شەوی دواتر بەبێ بەربەست و بەهاوکاری پیاوانی (سەبری نەواف ئاغا) پەڕینەوە بۆ ناو تورکیا، دوای چەند کاتژمێرێک رێکردن لە تاریکیدا، مەفرەزەکە گەیشتە ناوچەیەکی چۆڵی ناو دارستان لە نزیک شاری جزیرەی بۆتان و لەوێدا پشوویەکیاندا، (عەزۆ) تێبینیکرد ورەی ئەندامانی مەفرەزەکە زۆر بەرزەو گڕوتین بە روخساریانەوە دیارە، وتووێژیان لەبارەی بیرو ئامانجەکانی یەکێتیەوە دەکرد، شەوی دواتر دوای کاروانێکی سێ رۆژی سەخت گەیشتنە سنووری تورکیا عێراق و لەوێ چاوەڕوانی گەیشتنی دوا رێنماییەکانی مام جەلال بوون پێش چوونە ناو عێراقەوە [2].

سەرکردایەتی یەکێتی پێشتر مەفرەزەیەکی بچوکی سێ کەسیی پێکهاتوو لە (مەلا سدیق[3]، مەلا حاجی، حاجی موراد)

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

[3] سدیق مستەفا ئیبراهیم ناسراو بە (مەلا سدیق) ساڵی ١٩٥٦ لەگوندی (کۆکێت) ی ناوچەی سلۆپی تورکیا بەرانبەر بە ئیبراهیم خەلیلی سەر بە قەزای زاخۆی سنووری لەدایکبووە، لەڕەچەڵەکدا خەڵکی گوندی (دورنەخێ)ی خێڵی سندییە لەکوردستانی عێراق، ساڵی ١٩٧٣ بۆتە پێشمەرگەی پارتی، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول چەکی دانەناو خۆی رادەستی حکومەتی عێراق یان ئێران

راسپاردبوو هەر کە گەیشتنە ناو سنووری تورکیا، شوێن مەفرەزەکەی (عـەزۆ) بکەوێت، بۆ چاودێری و پارێزگاریی لێکردنیان، ئەرکی ئەو مەفرەزە سێ کەسیەش لە کوردستانی تورکیا پەیوەندیکردن بوو بە تێکۆشەران و پێشمەرگەکانی ئەیلولەوە بۆ پەیوەندیکردنیان بە ریزەکانی یەکێتیەوە [١].

چاوەڕوانییان لەسەر سنوور چەند کاتژمێرێکی پێنەچوو، رێنمایی و نامەکانی مام جەلالیان کە بۆ کەسایەتییەکانی ناوچەی بادینان نووسیبووی پێگەیشت و رادەستی (عەزۆ) کرا[٢].عەزۆ فەرمانی بە هەڤاڵانیدا خۆیان ئامادە بکەن بۆ چوونە نێو عێراقەوەو پێیوتن:«پێشبینی روودانی کێشە لەگەڵ قیادە موەقەتە دەکـەم، هـەروەهـا پێشبینی پێکدادانی خوێناویش لەگەڵیاندا دەکەم، بۆیە بەئاگا بن».

---

نەکرد، بەڵکو چووەتەوە تورکیاو ماوەیەک لەناو ئامۆزاکانی داڵدە دراو چاوەڕێی دەکرد بزانێت رووداوەکانی کوردستانی عێراق و ناوچەکە بەکوێ دەگات، دوای دەرچوونی بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ١٩٧٥/٦/١ دەچێت بۆ جزیرەی بۆتان و لەوێوە بۆ سوریا، تا زیاتر لە بارەی ئەو رێکخراوە کوردیە نوێوەوە بزانێت، بەڵام شکستدێنێت لە بینینی سەرکردەکانی یەکێتیی، بۆیە دەگەڕێتەوە تورکیا، لەمانگی ١١ی هەمان ساڵدا جارێکی دیکە دەچێتەوە بۆ سوریا، ئەمجارەیان چاوی بە دامەزرێنەرانی یەکێتی (نەوشیروان مستەفا، عادل موراد، عەبدلڕەزاق فەیلی) دەکەوێت، پاش ماوەیەکی کەمیش (مام جەلال و د.فواد مەعسوم) دەبینێت، بڕیار دەدات لەریزەکانی یەکێتی درێژە بەخەبات بدا، داوای لێدەکرێت بگەڕێتەوە کوردستانی تورکیا، ئامادەسازی بکات بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ و پەیوەندی بە تێکۆشەرو پێشمەرگە هەڵاتووەکانی ناو تورکیاوە بکات و هانیان بدا پەیوەندی بە یەکێتیەوە بکەن..

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سدیق مستەفا ئیبراهیم (مەلا سدیق)، لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات – دهۆک ٢٠١٨/٦/٢٠

[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

لە ڕێگەی گوندی (سنات)ی ناوچەی خێڵی سندییەوە لە سنوور پەڕینەوە، ئەو گوندە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکوری ڕۆژئاوی عێراقەوە، ئەگەر بەوردی تەماشای نەخشەی عێراق بکەیت دەبینیت سێگۆشەیەک لەوپەڕی باکور بەرەو ناو خاکی تورکیا هەیە لەشێوەی ژمارە هەشت، گوندی (سنات) دەکەوێتە ئەو گۆشەیەوە [١].

لەو مانگەشەوەدا مەفرەزەکە بەبێ بەربەست بە یارمەتی (سۆلاقا) پێشمەرگەو چاوساغ کە شارەزاییەکی باشی سەبارەت بە نەخشەی ناوچەکە هەبوو، پەڕینەوە، بەڵام دواتر (سۆلاقا) هەندێک شڵەژاو مەفرەزەکەی لە ڕێگەی دیاریکراو لاداو خستیەسەر ڕێڕەوێکی دیکە، کاتێکیان زانی لە ژێر ڕەبایەیەکی سەربازی عێراقیدان، پێشمەرگەکان شڵەژان و بڵاوەیان لێکردو لە پشتی دارو تاشەبەردەکان خۆیان حەشاردا تانەبینرێن و بۆ سەربازەکانی ناو ڕەبایەکە ئاشکرا نەبن، بەڵام (عەزۆ) لە شوێنی خۆی نەجوڵاو دانیشت، داواشی لە هەڤاڵانی کرد ئارام بن و نەشڵەژێن، فەرمانیدا بەهێمنی لە ڕەبایەکە دوور بکەونەوە، هەنگاوەکانیان خێراتر کرد و بەسەر شاخێکی بەرانبەر ڕەبایەکەدا هەڵکشان، لەگەڵ سپێدەدا مەفرەزەکە گەیشتە لوتکەی شاخەکە، (عەزۆ) فەرمانی پێکردن دابەشی گروپی بچوک بن و خۆیان بشارنەوە تا شەو دادێت، ئێوارە دوای ڕۆژئاوابوون مەفرەزەکە لەو دیوی شاخەکەوە دابەزین

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو.

و بەردەوام بوون لە ڕێکردن تاگەیشتنە دەوروبەری گوندی (قەسرۆک)، لەوێ ڕۆژێک بۆ حەوانەوە مانەوە، هیچ شتێکیان پێنەبوو بیخۆن جگە لە نانەڕەق و ئاو [١].

(سۆلاقا)ی ڕێپیشاندەریان چوو بۆ (قەسرۆک) تا سۆسەیەکی گوندو ناوچەکە بکات، پێش تاریکی داهاتن، گەڕایەوەو داوای لە فەرماندەی مەفرەزەکە کرد لانەدەن و بەرەو هەردوو گوندی دواتر (ئەڤلەە و پیبلا) بڕۆن، ڕۆژێک لەنێوان هەردوو گوندەکەدا مانەوە، (عەزۆ) سەرجەم ئەندامانی مەفرەزەکەی لە پلانەکەی سەرکردایەتی یەکێتی ئاگادار کردەوە سەبارەت بە دابەشکردنی مەفرەزە سەرەکییەکە بۆ چوار مەفرەزەی یەکسان لە ژمارەو کەرەستە، مەفەرەزەیەکیان بۆ قەزای (زاخۆ)و یەکێکی دیکەیان بۆ قەزای (دهۆک)و سێیەمیان بۆ قەزای (ئامێدی) و چوارەمیان مەفرەزە ناوەندییەکەیە کە زۆربەیان کادر بوون (ئەمەش خاڵی لاوازی بوو)بەسەرکردایەتی (عەزۆ)دەبێت و سەرپەرشتی سێ مەفرەزەکەی دیکەش دەکات، (عیزەت شەنگالی) لێپرسراوی سەربازیی مەفرەزەکەی (ئامێدی)ش وەکو جێگری فەرماندەی گشتی هەر چوار مەفرەزەکە دانا، هەروەها هەر مەفرەزەی بڕی (٩٠٠) دیناری عێراقی پێدان کە ئەوکات بڕە پارەیەکی زۆر بوو [٢].

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدولا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.
٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو.

دوای چوار رۆژ لە گەیشتنیان بۆ ناو خاکی کوردستانی عێراق و شیکردنەوەی وردەکاری پلانی بانگەشەکردن بۆ شۆڕشی نوێ لە هەر سێ ناوچەی (دهۆک، زاخۆ، ئامێدی)، (عەزۆ) فەرمانی کرد بە مەفرەزەی (زاخۆ) تا بڕۆن بۆ گوندەکانی سنووری زاخۆ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەی پێیانسپێردراوە، مەفەرەزەکەش بە سەرۆکایەتی (عەبدولجەبار عەبدولغەنی سندی) لێپرسراوی سەربازی و (فەیسەڵ کاشان خدر) لێپرسراوی سیاسی مەفرەزەکە بوو کە لە ٩ کەس پێهاتبوو و زۆربەشیان پێشمەرگە بوون.




هێڵکاری رێڕەوی مەفرەزە سەرەکییەکە پێش دابەشکردنی بۆ چوار مەفرەزە [١]

[١] ئامادکاری هێڵکاری: موقەدەمی روکن نزار ئیبراهیم شاڵی، فەرماندەی فەوجی یەک لیوای چواری سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.

## یەکەمین روبەڕوبوونەوە لەگەڵ چەکدارەکانی قیادە موەقەتە

مەفرەزەکەی زاخۆ لەو قەزایە جیابووەوە، سێ مەفرەزەکەی دیکەش بە سەرکردایەتی (عەزۆ)بەرەو قەڵای (شابانی)ی مێژوویی لە گوندی (بەهنیڤێ) کە دەڕوانێتە ناحیەی (باتیفا)ی سەر بە قەزای زاخۆ کەوتنەڕێ، ناوچەکەش سنووری خێڵی (گولی)یە، چەند کاتژمێرێک لەوێ بۆ پشوودان و نانخواردن مانەوە، بەر لەوەی تاریکی دابێت، بەرەو گوندی (گۆڤکێ)ی نزیک کۆمەڵگەی (بێگۆڤا) کەوتنەڕێ، تاگەیشتنە روباری (خابور) کە لقێکی روباری دیجلەیە، دوای پشوویەکی کورت لە دەم روبارەکە، بەرۆخیدا درێژەیان بە رێکردندا، تاگەیشتنە ناوچەی (داڤەرستا کورکا)، کە شوێنی پەڕینەوەی لێبوو لە رێگەی گوریسەوە [١]، کە (عەزۆ) فەرمانیدا بپەڕنەوە، هێزێکی بچوکی قیادەی موەقەتە گەیشتنە ئەوبەری روبارەکە کە سنووری جیاکەرەوەی هەردوو خێڵی (گولی و دۆسکی)یە، چەکدارەکانی قیادە موەقەتە هۆشداریان دایە مەفرەزەکەو داوایان لێکردن نەپەڕنەوە، (عەزۆ) داوای لێکردن رێگەیان پێبدەن بپەڕنەوە، بەڵام بە توندی رەتیانکردەوە، مەفەرەزەکە بڵاوبوونەوەو لوولەی تفەنگەکانیان ئاراستەی هێزەکە کرد، بەڵام (عەزۆ) فەرمانی پێکردن تەقە نەکەن و لە لێپرسراوی هێزەکەی پرسی: «بۆ رێگە نادەن بپەڕینەوە؟»، لێپرسراوی هێزەکە وتی:

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو.

«دەزانین ئێوە سەر بە مام جەلالن، وەرن هێزەکانمان بکەینە یەک»، عەزۆ وەڵامی دایەوە: «ئەوە کاری من و تۆ نییە، کاری سەرکردایەتی هەردوو حیزبە، ئەوان بڕیار دەدەن، نەک تۆ»، لێپرسراوی هێزەکە وتی: «کەواتە با گفتوگۆ بکەین و دوای ئەوە بڕیار دەدەین ئایا ڕێگەتان پێدەدەین بپەڕنەوە یان نا»، داواشی لە (عەزۆ) کرد نوێنەرێک بنێرێت بۆ لایان بۆ وتووێژ، (عەزۆ) بە پێشنیارەکە رازی بوو، پێشمەرگەیەکی نارد، بەڵام پێش پەڕینەوەی پێشمەرگەکە، بە لێپرسراوی هێزەکەی وت: «ئەگەر پەنجە بۆ تاڵێکی قژی نوێنەرەکەمان ببەن قڕتان دەکەین»، داواشی لە مەفرەزەکە کرد ئامادە بن بۆ شەڕو تفەنگەکانیان ئاراستەی هێزەکە بکەن، پێشمەرگەکە لە روبارەکە پەڕیەوەو نامە زارەکیەکەی (عەزۆ)ی بە لێپرسراوی هێزەکە گەیاند کە بریتی بوو لە: «تێکەڵکردنی هێز لە دەسەڵاتماندا نییە، بەڵام دەتوانین هەماهەنگی و هاوکاری یەکتربین، هەروەها ئەگەر پێویست بکات دەتوانین هێرشی هاوبەش بکەینەسەر هێزەکانی عێراق»، هێزەکە پێشنیارەکانی (عەزۆ)یان رەتکردەوەو ئەوەشیان رەتکردەوە ڕێگەی پەڕینەوەیان پێبدەن، پێشمەرگەکە گەڕایەوەو وەڵامەکەی بە (عەزۆ) دا..

ئەندامانی مەفرەزەکە داوایان لە (عەزۆ) کرد فەرمانی هێرشیان پێبداو بە زەبری هێز بپەڕنەوە، بەڵام (عەزۆ) بە مەفرەزەکەی وت: «مەبەستمان نییە، لەگەڵ هیچ هێزێکی

کوردیدا پێکدابێین تەنها لە دۆخی بەرگری لەخۆکردندا نەبێت»، بۆیە فەرمانیدا بکشێنەوەو لە شوێنێکی دیکەوە لە روبارەکە بپەڕنەوە (٢)، بەرەو گوندی (غۆڵدیان)ی سەر روبارەکە چوون، لە نزیکی گوندەکە جێگیربوون کە ناوچەیەک بوو تاشەبەردی کەستەک ئاسای زۆری لێبوو، ئەو شەوە لەوێ مانەوە، بۆ بەیانیەکەی (عەزۆ) لەگەڵ دوو گەنجی گوندەکەدا رێککەوت یارماتیان بدەن لە پەڕینەوەی روبارەکە، داوای لێکردن بچنە شاری زاخۆ و دوو چوپیان بۆ بکڕن، گەنجەکان رۆیشتن و دوو چوپی تایەی دواوەی تراکتۆریان هێنا، ئەو جۆرە چوپە کە پڕ بکرێت لە (هەوا) لەناو ئاودا بەرگەی کێشی زۆر دەگرێت [١].

(عەزۆ) متمانەی زۆری بە خەڵکی ئەو گوندە هەبوو، هەروەها خەڵکانێکی زۆری ئەو گوندانەی پێیدا تێدەپەڕین، پێشوازییان لە پێشمەرگەکانی یەکێتی دەکرد، بە تایبەتی کە دەیانزانی شۆڕشێکی نوێ دەستپێکردووە، ئەوەش دڵنیایی دابووە پێشمەرگەکان [٢].

بە چوپەکان لە روبارەکە پەڕینەوەو چووونە سنووری خێڵی (دۆسکی)یەوە، لە نزیک گوندی (دووکەرێ) رۆژێکی تەواو بۆ پشوودان مانەوەو لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە سەبارەت بە شۆڕشی نوێ و هۆشیارکردنەوەیان سەبارەت بیرو ئامانجی یەکێتی قسەیان بۆکردن، لەوێ (عەزۆ) فەرمانیدا مەفرەزەکەی

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو.
[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

(ئامێدی)کە پێکاتبوو لە ٩ کەس و زۆربەیان پێشمەرگە بوون، لێیانجیاببنەوەو بچنە سنووری گوندەکانی ئامێدی، مەفرەزەکە بە سەرکردایەتی (عیزەت شەنگالی – لێپرسراوی سەربازی) و (عەبدولڕەحمان شەنگالی – لێپرسراوی سیاسی)بوو، هەرچی مەفرەزەکەی دهۆک و مەفرەزە ناوەندیەکەشە، بە سەرکردایەتی (عەزۆ)، بۆ گوندی (بەروشکا سەعدینی) رۆیشتن و لە نزیک گوندەکە لەسەر کانیەکی ناو بێستانەکانی گوندەکە حەوانەوە، یەکێک لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی دهۆک کە گەنجێک بوو بەناوی (تەها) و هەڤالانی بە (تاهیر بەروشکی) ناویان دەبرد خەڵکی گوندەکە بوو، لەوێ (تەها) داوای لە (عەزۆ) کرد رێگەی پێبدا بچێتەوە سەرێک لە دایک و باوکی بدا، (عەزۆ)ش رێگەی پێدا..

هەرکە (تەها) چووە ماڵەوە، دایک و باوکی بە گریانەوە باوەشیان پێدا کردو شاگەشکە بوون بە گەڕانەوەی کوڕەکەیان بە ساغی، چونکە نەیاندەزانی چی بەسەر هاتووە، دوای ئەوەی لە زاری (تەها)وە چیرۆکی کوڕەکەیان بیست و زانیان پەیوەندی بە پێشمەرگەی (ی ن ک)ەوە کردووە، باوکی بە هەواڵی دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ خۆشی دایگرت، بەتایبەتی کە کوڕەکەی لە پێشەنگی پێشمەرگەکانی ئەو شۆڕشگێڕانەیە، پاش ماوەیەکی کەم باوکی لەگەڵ خۆیدا بۆ لای مەفرەزەکە برد، باوکی (تەها) بە (عەزۆ) و هەڤالانی وت: «لەکاتێکدا سوپای

عێراق لە لوتکەی بەهێزیدایە، پێتانوایە بەم ژمارە پێشمەرگە کەمەوە دەتوانن ئاگری شۆڕشێکی نوێ هەڵگیرسێنن؟!»، عەزۆ وەڵامی دایەوە: «مامە گیان کاروانی هەزار میل بە هەنگاوێک دەستپێدەکات، ئاگری گەورەش لە چەخماغەیەکەوە دەستپێدەکات، ئێمەش بە پشتبەستن بە گەل هەموو هەوڵێکمان دەخەینەگەڕ بۆ سەرخستنی ئەرکەکەمان»، (عەزۆ) تێبنیکرد ئەو باوکە نیگەرانە بۆ کوڕە پێشمەرگەکەی، بۆیە دڵنیای کردەوە کە کوڕەکەی بە ویستی خۆی ڕێگەی تێکۆشان و شۆڕشی هەڵبژاردووە، هەروەها گەنجێکی بەهێزو ئازایەو دەبێتە مایەی شانازی بۆ خۆی و خانەوادەکەی و یەکێتیش [١].

ئەو شەوە مەفرەزەکە لەو شوێنە مانەوەو (عەزۆ) بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکی نهێنی (شاباز)ی بۆ ناو شاری دهۆک ڕاسپارد، ئەرکەکەش بریتی بوو لە گەیاندنی هەندێک نامە بۆ چەند کەسایەتییەکی شارەکە، لەوانە: (ئەحمەد عارەب، سدیق عەلی، غەنی شاباز)، بەیانی زوو (شاباز) سواری ئۆتۆمبێلێک بوو کە لە گوندی (بەروشکا سەعدینی)یەوە بۆ گوندی (مانگێشک) دەچوو، لەوێشەوە سواری ئۆتۆمبێلێکی دیکە بوو بۆ دهۆک، بەر لەوەی بگەنە شارەکە، (شاباز) تاکو بە بازگە ئەمنییەکاندا نەڕوات لە ئاستی گوندی (بادێ) دابەزی و بە پیادە خۆی گەیاندە بازاڕی شارەکە، ناونیشانی چایخانەکەی ( ئەحمەد عارەب)ی لە چایخانەیەکی دیکە دەستکەوت، (ئەحمەد)

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

بەباشی (عەزۆ)ی دەناسی، (شاباز) چاوی بە (ئەحمەد عارەب) کەوت کە لەو کاتەدا چای دەخـواردەوە، سڵاوێکی لێکردو وتی: «لەلایەن (عـەزۆ)وە هاتووم، زۆر سـڵاوت لێدەکات و نامەیەکیشی بۆ ناردووی»، لەوەڵامدا وتی: «کەسێک بەو ناوە ناناسم!»، ...

پێش ڕۆیشتن (عەزۆ) وێنەیەکی بچوکی خۆی دابووە (شاباز) تا ئەگەر (ئەحمەد) متمانەی پێنەکرد، پیشانیبدات، (شاباز) ناونیشان و وەسفی تەواوی (عەزۆ)ی بۆ کردو باسی ئەوەشی کرد کە چۆن لەماڵیان بووەو وێنەیەکی خۆیشی پێداوە، بەڵام (ئەحمەد) سوور بوو لەسەر ئـەوەی کە نایناسێت و ڕەتیشی کـردەوە نامەکەی لێوەربگرێت، (شاباز) تووشی نائومێدی بوو، گەڕایەوە بۆ لای (عـەزۆ)و چیرۆکەکەی بۆ گێڕایەوە، کـاردانـەوەکـەی (ئەحمەد عارەب)زۆر کاریگەری لەسەر (عەزۆ) دروستکرد، ڕۆژی دواتر جارێکی دیکە (شاباز) بە فەرمانی (عەزۆ) سەرکێشی بە ژیانی خۆیەوە کردەوەو گەڕایەوە بۆ دهۆک بۆ گەیاندنی چەند نامەیەک، ئەمجارەیان بۆ دکتۆر (ئەدیب محەمەد عەلی) کە پزیشک بوو لە گوندی (مانگێشک)، (ئەدیب) بە خۆشحاڵیەوە نامەکەی (عەزۆ)ی لێوەرگرت و هەروەها چەند نامەیەکی دیکەشی پێدا کە (عەزۆ) بۆ چەند کەسایەتییەکی شاری دهۆکی ناردبوو، دواتر (شاباز) گەڕایەوە بۆ گوندی (بەروشکا سەعدینی)و لەوێوە ڕۆیشت بۆ ئەو شوێنەی مەفرەزەکەی (عەزۆ)ی لێیە [1].

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

دکتۆر (ئەدیب) یەکێک لەنامەکانی گەیاندە خاوەنەکەی کە (سدیق عەلی) بوو، لەو نامەیەدا (عەزۆ) داوای چەند پێداویستییەکی لێکردبوو بۆ مەفرەزەکەی و ئەوەشی پێڕاگەیاندبوو کە ئەوان لە چەند گوندێکی بادیناندا بوونیان هەیە، بەتایبەت لەو گوندانەی لەدەوروبەری شارەکاندان، پاش خوێندنەوەی نامەکە (سدیق عەلی و حەسەن نیعمەت دۆسکی و مستەفا باجلوری) کۆبوونەوەو وەڵامێکیان بۆ (عەزۆ) نووسی و رادەستی دکتۆر (ئەدیب)یان کرد، بەو ئومێدەی نامەبەرەکە پێیبگەیەنێت، بەڵام کەس نەبوو نامەکە بەرێت، دیاربوو مەبەستی (عەزۆ) لە ناردنی نامەکان تەنها ئاگادارکردنەوەیان بوو لە بوونیان لە ناوچەکەو بەرزکردنەوەی ورەیان [١].

پێیدەچوو (عەزۆ) بیەوێت ئاست و توانای (شاباز)و دڵسۆزیی لە گەیاندنی نامەکان تاقیبکاتەوە، چونکە دوو رۆژ پاش جێبەجێکردنی دوایین چالاکی، (عەزۆ) دەستی (شاباز)ی گرت و لە هەڤاڵانی دیکە دوور کەوتنەوەو پێیوت: «دەبێت ئەرکێکی نهێنی و زۆر ترسناک جێبەجێ بکەیت، کە گەیاندنی نامەیەکی (مام جەلال)ە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لە سلێمانی، چارەنووسی ئەم هێزەی پێشمەرگەیش بەستراوە بە سەرکەوتنت لە گەیاندنی ئەم نامەیە، دەبێت دوای سێ رۆژیش بە وەڵامەوە بگەڕێیتەوە»...،

---
[١] رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل١١١

## چاوپێکەوتنی شابازو شازاد لە سلێمانی

(شاباز) چەند خولەکێک لە دوودڵیدا مایەوە، چونکە پێشتر سلێمانی نەبینیبوو هەروەها کەسیشی تیادا نەدەناسی، بەڵام رازی بوو، پاشان (عەزۆ) پێیوت: «کە گەیشتیتە سلێمانی پرسیاری پارێزەرێکی ناسراو بکە ناوی (شازاد جەمیل سائیب[1]) ەو نامەکەی رادەست بکە [2].

لەوکاتەدا کە (شاباز)بەرەو سلێمانی بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە نهێنییەکەی دەکەوتەڕێ، مەفرەزەکەش بە سەرکردایەتی (عەزۆ) گوندی (بەروشکا سەعدینی)ی بەجێهێشت و بەرەو

---

[1] شازاد جەمیل سائیب ساڵی ١٩٤٦ لەشاری سلێمانی و لە خێزانێکی رۆشنبیر لەدایک بووە، لە منداڵییەوە لەسەر پرەنسیپە نیشتمانییەکان و کوردایەتی پەروەردەکراوە، لەقۆناغی ناوەندیدا تێکەڵی سیاسەت و تێکۆشان بووەو لە ریزی خوێندکاراندا خەباتی کردووە، ساڵی ١٩٦٨ کۆلێژی مافی تەواو کردووەو پیشەی پارێزەری کردووە، لەگەڵ پیشەکەشیدا بەردەوام بووە لە خەباتی سیاسی، ساڵانی (١٩٦٧– ١٩٦٨) لە بواری رۆژنامەگەریی وەک نوسەر لە گۆڤاری (رزگاری) کاری کردووە، لە نێوان ساڵەکانی (١٩٧٠–١٩٧٥) چووەتە ریزەکانی کۆمەڵەوە، دوای نسکۆی ١٩٧٥و دامەزراندنی (ی ن ک) رۆڵێکی باڵای هەبووە لە گواستنەوەی زانیاری لەنێوان سەرکردەکانی یەکێتی لە ناوو دەرەوەی کوردستان و نێوان رێکخستنە نهێنییەکان و کادراندا، ساڵی ١٩٧٩ نوێنەری یەکێتی بووە لە سوریا، ساڵی ١٩٨٠ دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، لەوێ دادگای شۆڕش دادەمەزرێنێت، ساڵی ١٩٨٨ بووە نوێنەری یەکێتی لە ئەوروپا، لەنێوان ساڵانی (١٩٩٤–٢٠٠١) نوێنەری یەکێتی بووە لە ئەنقەرە، کەسایەتییەکی دپلۆماتی خۆشەویست بووە، گرنگی بە پۆست و پلە نەداوە، ساڵی ٢٠٠١ دەکرێتە وەزیری کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە دڵسۆزیەوە ئەرکەکانی راپەڕاندووە، لە ٢٠٠١/٥/٢١ بە رووداوی هاتوچۆ لەسەر شەقامی گشتی لە نێوان ( پیرەمەگرون و تاسڵوجە) لە پارێزگای سلێمانی گیانی لەدەستدا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم، بەرگی دووەم، ٢٠١٦ ل ل ٦٦٩–٦٧٠.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

گوندی (رأس العين) لەسنووری خێڵی (دۆسکی) کەوتەڕێ، کە گەیشتنە ئەوێ خەڵکی گوندەکە بە گەرمیی پێشوازییان لێکردن، ئەوکات وەرزی دروێنەی گەنم بوو، بایی پێداویستیان لە خواردن و ئاویان پێدان، داواشیان لێکردن لە ناو دارەکاندا خۆیان حەشار بدەن تاکو سیخوڕەکانی رژێم نەیانبینن، دوای پشوویەک (عەزۆ) فەرمانی بەمەفرەزەکەی (دهۆک)دا جیاببنەوەو بەرەو گوندەکانی دەوروبەری دهۆک بڕۆن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لەبانگەشەکردن بۆ شۆڕشی نوێ بەسەرکردایەتی یەکێتی و راکێشانی سۆزی گوندنشینان، زۆربەی ٩ ئەندامەکەی ئەو مەفرەزەیە پێشمەرگە بوون، هەریەک لە (عومەر ئیبراهیم رەشید، لێپرسراوی سیاسی و حوسێن ئەحمەد ئەحمەد، لێپرسراوی سەربازی) مەفرەزەکە بوون.

ئەوەی مایەوە مەفرەزە ناوەندییەکە بوو کە (عەزۆ) سەرپەرشتی دەکردو زۆربەی ئەندامەکانی کادر بوون، ئەرکی مەفرەزەکەش پاراستنی رێگەی گوندەکانی بادینان بوو بۆ ناو سنووری تورکیا، هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵکی ناوچەکە بە چییەتی شۆڕشی نوێ و راکێشانی سۆز و رێکخستنیان بوو لە چوارچێوەی شانە نهێنییەکاندا [1].

(عەزۆ) پێشتر فەرمانی بە فەرماندەی هەر سێ مەفرەزەکە کردبوو کە دوای مانگێک لە جیابوونەوەیان لە گوندی (غۆڵدیان)

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالید ، سەرچاوەی پێشوو.

یەکبگرنەوە، بۆ راوێژو قسەکردن سەبارەت بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانیان و دانانی پلان بۆ داهاتوو [١].

مەفرەزە ناوەندییەکە دوای جیابوونەوەی مەفرەزەکەی دهۆک بۆ ماوەی دوو رۆژ لە گوندی (رأس العين) مایەوە، هەر لەوێدا کادرێکی مەفرەزەکە بەناوی (عەبدال عەلی زەری) کە خەڵکی کوردستانی سوریا بوو، بە قورسی نەخۆش دەکەوێت، ( عەزۆ) داوای یارمەتی لەگوندنشینەکان کرد یارمەتیان بدەن، ئەوانیش چوون بەدەنگیانەوەو دوو گەنجی دێیەکەیان لەگەڵ کادرە نەخۆشەکە نارد بۆ نەخۆشخانەی گوندی (مانگێشک) بۆ چارەسەرکردن، پاش گەڕانەوەیان لە نەخۆشخانەو دڵنیابوونی (عەزۆ) لە تەندروستی (عەبدال) فەرمانیدا گوندی (رأس العين) بەجێبهێڵن و بەرەو گوندی (دووکەرێ) کەوتنەڕێ (٢)، تا لەوێ چاوەڕێی گەڕانەوەی (شاباز) بن کە دوو رۆژ بوو بەجێیهێشتبوون، (عەزۆ) زۆر نیگەرانی ئەوە بوو (شاباز) شکستبێنێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکە، یان خۆی و نامەکەش بکەونە بەر دەستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، مۆڵەتەکەشی سێ رۆژ بوو تابگەڕێتەوەو لە گوندی (دووکەرێ) بگاتەوە ناو مەفرەزەکە.

(شاباز) کە دوو رۆژ بوو رۆیشتبوو، سەرەتا بە هاوەڵی پێشمەرگەیەک بەناوی (تەها بەرۆشکی) دەچێت بۆ گوندی (بەروشکا سەعدینی)، لەوێ قاتێ جلوبەرگی خوێندکارانی

---

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەستدەکەوێت، خۆیشی پێناسەیەکی خوێندکارانی پێبوو، کە لە پۆلی سێی ناوەندیەوە هەڵیگرتبوو، بەڵام مێژووی بەسەرچوونی ساختە کردبوو، لەو گوندەشەوە بەتەنیا چوو بۆ شاری زاخۆو لەوێوە بۆ شاری موسڵ، لەوێ ئۆتۆمبیلێکی بەکرێ گرت بۆ شاری کەرکوک، لەوێشەوە بۆ شاری سلێمانی، لەماوەی دوو رۆژی مانەوەیدا لەو شارە پرسیاری (شازاد سائیب)ی پارێزەری لە زۆر کەس کرد، بەڵام کەس نەیدەناسی....

بەیانی رۆژی سێیەم تەکسیەکی راگرت و بە شۆفێرەکەی وت:«من خەڵکی شاری دهۆکم و لێرە کەس ناناسم، باوکم ناردوومی بۆ لای پارێزەرێک کە ناوی (شازاد سائیب)ە، منیش ناوشانەکەی نازانم، تکایە هاوکارم بە لە دۆزینەوەی»، شۆفێرەکە پێیوت: «ناونیشانی نازانم، بەڵام پێش چەند رۆژێک ژمارەیەک ژنم گەیاندە ماڵێک، خاوەن ماڵەکە ناوی (جەمیل سائیب) بوو، رەنگە ئەمە یارمەتیت بدات لە دۆزینەوەی»، شۆفێرەکە گەیاندی بۆ ئەو ماڵە، (شاباز) دابەزی و لە دەرگایدا، ژنێک دەرگای کردەوە، (شاباز) لێیپرسی:«ئەمە ماڵی شازاد سائیبی پارێزەرە؟»، ژنەکە وتی: «بەڵێ چیت لێیدەوێت؟»، وەڵامی دایەوە: «کێشەیەکی یاساییم هەیە، دەمەوێت کاری تێدا بکات»، لەوەڵامدا وتی: «شازاد لە ماڵ نییە، ناونیشانەکەتم بدەرێ خۆی دێ بۆ لات»، (شاباز) گەڕایەوە هۆتێلەکەو چاوەڕێی (شازاد)ی دەکرد، دوای نیوەڕۆ، کارمەندێکی هۆتێلەکە لەدەرگای داو پێیراگەیاند کە پارێزەرێک بە ناوی

(شازاد) پرسیاری دەکات، بە پەلە دابەزی و خۆی گەیاندە لای و خۆی پێناساند.

پێش ئەوەی (شاباز) بڕوات بۆ سلێمانی (عەزۆ) پێیوت: «ئەگەر (شازاد)ت بینی و خۆت پێناساندو بڕوای پێنەکردی، پێیبڵێ: «لە بولگاریا کە مام جەلالت بینی داوای لێکردی بڕی ٩٠٠ دینار بدەی بە هەڤاڵانت لە سلێمانی، ئەوکات بڕوات پێدەکات، چونکە تەنها مام جەلال و شازاد و من بەوە دەزانین».

(شازاد) داوای لە (شاباز) کرد هۆتێلەکە بەجێبهێڵن و پیاسەیەک بکەن، دوای پیاسەیەکی کورتیش داوای لێکرد لەگەڵیدا سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت، پێکەوە بە سواری (لادا) سپیەکەی (شازاد) کەوتنەڕێ، لە ڕێگە لێی پرسی بۆ چ مەبەستێک دەتویست بمبینی؟ (شاباز) خۆی پێناساندو پێیوت: «نامەیەکی مام جەلام بۆ هێناوی کە لەبەرگەکەی نوسراوە (لە مامەوە بۆ برادەرانی ک[١]»، ئەوەشی پێوت کە لەلایەن (ئیبراهیم عەزۆ)وە هاتووە، (شازاد) بە توندی نکۆڵی لەوە کرد کە پەیوەندی بە مام جەلال یان بە پێشمەرگەوە هەبێت، دوای ئەوەی (شاباز) بێئومێد بوو لە بڕواپێهێنانی، پێیوت: «ئیبراهیم عەزۆ داوای لێکردم پێتبڵێم، ئایا ڕاسپاردەکەی مام جەلالت جێبەجێکرد سەبارەت بە پێدانی ٩٠٠ دینار بە هەڤاڵانی حیزب لە سلێمانی؟»، کە (شازاد) گوێی لەم قسانە بوو، ماوەیەک

[١] مەبەستی مام جەلال لە پیتی (ک) کۆمەڵە بوو، واتا کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.

بێدەنگ بوو، پێی سەیر بوو چۆن گەنجێکی وا کە لە سەرەتای ژیانداپە، ئەم زانیارییە ترسناکە دەزانێت و تێکەڵی کاری ڕێکخستنی نهێنی و مەترسیدار بووە...،[١] (شازاد) بەرەو لای ماڵێک ڕۆیشت، لەبەر دەرگا رایگرت و داوای لە (شاباز)کرد چاوەڕی بکات تادەگەڕێتەوە، (شازاد) چووە ماڵەکەوە، دوای چەند خولەکێک دوو ژن لە ماڵەکەوە هاتنە دەرەوەو کەوتنە چاودێرکردنی شوێنەکە، بەوەدا (شاباز) زانی کە کەسێکی گرنگی ڕێکخستنەکانی یەکێتیی لەو ماڵە نیشتەجێیە، دوای نیو کاتژمێر (شازاد) لە ماڵەکە هاتەدەرەوەو هیچی لەبارەی ناوەڕۆکی نامەکەوە بە (شاباز) نەوت، بەڵام پێیوت: «وەڵامدانەوەی ئەم نامەیە هەفتەیەکی پێدەچێت»، (شاباز) نەیدەزانی نامەکە بۆ (ئارام[٢]) سەرکردەی کۆمەڵەیە کە لە ناوچەی قەرەداغدا بوو،

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو

٢ سەرکردەو تێکۆشەری گەورە شاسوار جەلال سەعید/ ناسراو بە ئارام ساڵی ١٩٤٧ لە سلێمانی لەدایکبووە، لەسەرەتای گەنجیەوە پەیوەندی بەربڵاوی لەکایەی سیاسی و رۆشنبیریدا هەبووە، خوێندنی سەرەتایی لە ناحیەکانی (ماوەت و چوارتا) تەواوکردووەو ئامادەییش لەشاری سلێمانی، ساڵی ١٩٦٤ لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی بەغدا وەرگیرا، بەڵام بەهۆی تووشبوونی بە نەخۆشیەک لەچاوەکانیدا، واز لە کۆلێژی ئەندازیاری دێنێت و دەچێتە کۆلێژی بازرگانییەوەو ساڵی ١٩٧٠ تەواوی دەکات، هەر لەو ساڵەدا بەشداری دەکات لە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان، بەخێرایی دەگاتە ریزەکانی پێشەوەی کاروانی خەباتی گەنجان و خوێنکاران، ساڵی ١٩٧٤ وەکو نوێنەری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەشداری دەکات لە کۆنگرەی لاوانی جیهان لە مۆسکۆ، (ئارام) خاوەن کەسایەتییەکی هێمن و لەسەرخۆو بەئاکار بوو، ئاسۆی بیری فراوان بوو، رۆژنامەنووسێکی چالاک بوو، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوودا نوسین و وتارەکانی لە رۆژناماکان بەتایبەتی لە (هاوکاری) بڵاودەکردەوە، چەندین توێژینەوەو شیکاری بۆ رووداوەکانی ئەو قۆناغە کردووە، لە ساڵەکانی ١٩٧٣-١٩٧٤ وتارو نوسینەکانی لە لاپەڕەی سیاسەتی دەرەکیی رۆژنامەکانی

بۆیە دەبوایە ڕێکخستنە نهێنییەکانی یەکێتی نامەکە ببەن بۆ ئەو ناوچەیەو سەرکردایەتیش کۆببێتەوە تا وەڵامی بدەنەوە..،[1]

لەوەڵامدا (شاباز)وتی کە پابەندە بە خشتەیەکی زەمەنی لەگەڵ (ئیبراهیم عەزۆ)ی لێپرسراوی و ناتوانێت هەفتەیەکی دیکە بمێنێتەوەو دەبێت سبەی بگەڕێتەوە بۆ بادینان، دواجار هەردووکیان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی (شاباز) بگەڕێتەوە بۆ لای هەڤاڵانی و دوای ١٠ ڕۆژی دیکە ڕێکخستنەکانی یەکێتی وەڵامی نامەکە بگەیەننەماڵی (شاباز) لە شاری دهۆک [2].

لەوپەڕی نیگەرانیدا (شاباز) سلێمانی بەجێهێشت، ئەو دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ وەرگرتنی وەڵامەکە، بەڵام چۆن بگەڕێتەوە لەکاتێکدا ساڵێک زیاترە ماڵی بەجێهێشتووەو

---

(هاوکاری)و دواتریش (برایەتی) بڵاودەبوونەوە، لەو ماوەیەدا سەرکردایەتی کۆمەڵە ڕووبەڕووی هەڵمەتێکی چڕی دەستگیرکردن لە لایەن دەسەڵاتدارانی عێراقەوە دەبووەوەو ژمارەیەکیان لێ شەهیدبوون و ژمارەیەکی دیکەش دەستگیرکران، بەڵام (ئارام) ئەرکەکانی خۆی بەباشی جێبەجێ دەکرد و بەرپرسیارێتی پارێزگاریکردن لەکۆمەڵەی گرتەئەستۆ، ڕۆڵێکی باڵای هەبوو لە دانانی بنەما تیۆریەکانی شۆڕشی نوێ، یەکێک بوو لەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی هێزەکانی پێشمەرگەیان نووسییەوە، دەستەی شانە چەکدارییەکانی پێکهێنا، بەشێوەیەکی نهێنی بەیاننامەکانی دەنووسی و بە شارو گوندەکانی کوردستاندا بڵاویدەکردنەوە، بەیاننامەی یەکەمی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی، کە چووە شاخیش وشەی تێکەڵی بە دەنگی تفەنگ کرد، بەدەستێک چەک و بەدەستەکەی دیکە پێنوسی لەدەستدا بوو، بۆ چاپکردنی بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی شۆڕش یەکەمین چاپخانەی لەناوچەی قەرەداغ دانا، ساڵی ١٩٧٧ وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی هەڵبژێردرا، لە ١٩٧٨/١/٣١ لەگوندی تەنگیسەری سەر بە ناوچەی قەرەداغ شەهید بوو. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم، بەرگی دووەم، ٢٠١٦ ل ل ٦٧٠-٦٧٢.

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

کەسوکاری هیچی لەبارەوە نازانن؟ ئێوارەی رۆژی چوارەمی ئەرکەکەی گەیشتەوە گوندی (دووکـــەرێ)، لـەوێ هەڤاڵێک چاوەڕێی دەکرد تابیگەیێنێتە ئەو شوێنەی (عەزۆ)و مەفرەزەکەی لێیە، کە تاریک داهات (شاباز) گەیشتە لای (عەزۆ) و تەواوی سەفەرەکەی بە رۆیشتن و هاتنەوەوە بۆ گێڕایەوە، باسی بینینی (شازاد سائیب)یشی کردو وتی کە برادەران دوای ١٠ رۆژی دیکە وەڵامەکە دەگەیەنن بە ماڵی باوکی لە دهۆک، (عەزۆ) شاگەشکە بوو بەو هەواڵەو وتی: «ئێستا بەشێکی گەورەی ئەرکەکەمان، بە گەیشتنی ئەو نامەیەی مام جەلال لەرێگەی ئێمەوە بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لە سلێمانی، جێبەجێ بوو [١].

دواتر ئەوە روون بووەوە کە بە گەیشتنی نامەکەی مام جەلال بۆ سەرکردایەتی یەکێتی لە سلێمانی و هەر کە زانییان هێزێکی مەشقپێکراوی پێشمەرگە بە سەرکردایەتی نەقیب (ئیبراهیم عەزۆ) چووەتە ناوچەی بادینانەوە، ورەی پێشمەرگەو کادرەکانی مەفرەزەی بانگەشەی چەکداری لە پارێزگای سلێمانی بەرزبۆتەوەو هیوایان بە سەرکەوتنی شۆڕشی نوێ گەورەتر بووە [٢].

[١] هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٢] رێبوار ساڵح، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل٥٢.

## پووچەڵکردنەوەی پیلانێکی سیخوڕیی ترسناك

بەبۆنەی گەیشتنی نامەکە بە سەرکردایەتی لە سلێمانی بەبێ کێشە، (عەزۆ)داوای لە ئەنجومەنی گوندی (دووکەرێ)و کەسێکی دیکەی گوندەکە کرد بەناوی (حەسۆ) کە بە نهێنی و بە پارە پێداویستی و ئازووقەی بۆ مەفرەزەکە دابین دەکرد، بەرخێکیان بۆ بێنن و بەوبۆنەیەوە بیبرژێنن، لەوێدا (شاباز) کە (حەسۆ) ی بینی ئەوەی هاتەوە بیر کە لە کاتی دەرچوونی بۆ موسڵ لە چێشتخانەیەکی سەر رێگە گشتییەکە ئەنجومەنی گوندەکەو (حەسۆ)ی بینیوە، بۆیە لێی پرسی: هۆکار چیبوو دەچوون بۆ موسڵ؟ ئەوەشی دایە بای گوێیدا کە ئەوان چاودێری جووڵەی هەموو ئەوانە دەکەن کە مامەڵەیان لەگەڵدا هەیە (حەسۆ) رەنگی سپی بوو، داوای لە (شاباز) کرد تۆزێک لە (عەزۆ) و پێشمەرگەکان دوور بکەونەوە گوێیان لە قەسەکان نەبێت.. وتی: «ئامۆزا، ئەگەر ژیانم بپارێزیت، راستیەکەت پێدەڵێم، تکات لێدەکەم ئەم نهێنییەم بپارێزە» (حەسۆ) دانی بە راستییەکاندا ناو وتی: «دەزانن کە دەنگوباسی بوونتان لەناوچەکە لە رێگەی خەڵکەوە دەگاتە حکومەت، ئەگەر ئێمەش حکومەت ئاگادار نەکەینەوە، بە تاوانی ناپاکی دادگایی دەکرێین، بۆیە من و ئەنجومەنی گوندەکە چووین بۆ موسڵ و لە بارەگای ئەمنی گشتی لە بوونتان لە ناوچەکە ئاگادارمان کردنەوە، ئەمنیش سەرکردایەتی فیرقەی سەربازی لە موسڵ ئاگادار کردەوە،

لەوێش زانیاری تەواومان سەبارەت بە ئێوەدا»، هەر کە لە قسەکانی بووەوە، (شاباز) بە پەلە خۆی گەیاندە لای (عەزۆ)و هەموو شتێکی پێوت، پێشمەرگەکان میلی تفەنگەکانیان راکێشاو ویستیان (حەسۆ) بکوژن، بەڵام (عەزۆ) نەیهێشت ئەوە بکەن و داوایکرد بە پەلە ئەوشوێنە چۆڵ بکەن و سەر چیا نزیکەکەیان بکەون و خۆیان بشارنەوە، تەنانەت بەرخەکەشیان لەسەر ئاگر بەجێهێشت (حەسۆ)شیان لەگەڵ خۆیان برد، هەر کە گەیشتنە سەر چیاکەو لەپاڵ تاشەبەردو دارەکاندا خۆیان حەشاردا، دوو کۆپتەری سوپای عێراق گەیشتە ئەو شوێنەی کە پێش چەند کاتژمێرێک بەجێیانهێشتبوو، یەکێک لە کۆپتەرەکان نیشتەوەو سەربازەکانی داگرت، ئەویتریشیان لە ئاسمان دەسوڕانەوەو چاودێری دەکرد، دوای کاتژمێرێک لە کێومالْکردنی ناوچەکە، جگە لە بەرخێکی برژاو هیچی دیکەیان نەدۆزیەوە (حەسۆ) ش بۆ ماوەیەکی کەم بووە پێشمەرگەی مەفرەزەکەی (عەزۆ)، وەلێ هەر زوو خۆی رادەستی رژێم کردەوە، بەڵام دەڵێن دەستگیرکراو پاش ماوەیەک بە تۆمەتی ناپاکی و چوونە ریزی پێشمەرگەوە لەسێدارە درا [١].

دوای نۆ رۆژ لە گەیشتنی نامەکەی مام جەلال بۆ سەرکردایەتی یەکێتیی لە سلێمانی، (عەزۆ) فەرمانیدا بە (شاباز) بچێت بۆ ماڵی خۆیان لە شاری دهۆک بۆ وەرگرتنەوەی وەڵامی نامەکە، هەروەها چەند نامەیەکی پێدا بیگەیەنێت

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو

بە (سدیق عەلی)، لەماوەی ئەو نۆ رۆژەشدا مەفرەزەکە بە گوندەکاندا دەگەڕاو تێکەڵی خەڵک دەبوو و بیرو تێڕوانینی یەکێتیی سەبارەت بە شۆڕشی نوێ و مافەکانی گەلی کوردی بڵاودەکردەوە، هەروەها کردنەوەی رێڕەوی بۆ جوڵەکانی پێشمەرگە دابین دەکرد.

(شاباز) لە گوندی (دووکەرێ) بە پێ خۆی گەیاندە گوندی (بەروشکا سەعدینی)، لەوێوە بە تاکە ئۆتۆمبێلەکەی گوندەکە چوو بۆ گوندی (مانگێشک)ی کریستیان، لەوێشەوە سواری ئۆتۆمبێلێک بوو بۆ شاری دهۆک، هەمووجار (شاباز) بەر لە گەیشتن بە بازگەی دەروازەی شار دادەبەزی، بەڵام ئەمجارە لەبەر ماندوویەتی و کەم خەوی، لەناو ئۆتۆمبێلەکە خەو بردیەوە، لەناو بازگەکە پۆلیسێکی بەرزەفت داوای پێناسەی لەسەرنشینەکان کرد، کە (شاباز)ی بینی ویستی بە ئاگای بێنێتەوە، بەڵام شۆفێرەکە پێیوت: «وازی لێبێنە مێردمنداڵێکی ماندووەو لەخەوێکی قووڵدایە، ئەو جگە لە شوانێک هیچی دیکە نییە»پۆلیسەکە دەستی کشانەوەو هەڵینەستاند، هەر کە گەیشتنە تەرمیناڵ شۆفێرکە بەئاگای هێنایەوە، (شاباز) پێی سەیر بوو چۆن بازگەکەی بڕیوە بەبێ ئەوەی ئاگای لێبێت، کە دابەزی یەکەم شت بیری لێکردەوە قاوەڵتیەک بوو، چونکە دوو رۆژ بوو نانی نەخواردبوو، خۆی کرد بە چێشتخانەیەکی نزیک تەرمیناڵەکەداو لەسەر مێزێک دانیشت، لەنزیکیەوە پۆلیسێکی فریاکەوتن دانیشتبوو چاودێری نانخواردنەکەی دەکرد،

(شاباز) ترسی لێنیشت، بەڵام بەردەوام بوو لە نانخواردن، کە چوو پارە بدا، پۆلیسەکە داوای پێناسەی لێکرد، پێیوت: «چیمکردووە داوای پێناسەم لێدەکەی؟!»، پۆلیسەکە وتی: «لەسەری مەڕۆو پێناسەکەتم بدەرێ»، بۆ چرکەیەک (شاباز) بیری لە هەڵهاتن کردەوە، بەڵام ترسا تەقەی لێبکات و نامە نهێنییەکانیش بکەوێتە دەستییان، بۆیە پێناسە ساختەکەی پێدا، پۆلیسەکە لە شەرواڵە پیس و کۆنەکەی روانی وتی: «کێ دەڵێت تۆ خوێندکاری؟»، لەوەڵامدا وتی: «پێناسەکەم لاتەو ئێستا ئێمە لە پشووی هاوینەداین و یارمەتی باوکم دەدەم لە کاری شوانیدا»، پۆلیسەکە بڕوای پێنەکرد، بردی بۆ هۆتیلێکی نزیک، کە پیاوانی ئەمنی لێبوو، پێیوتن کە گومانی لەم کوڕە هەیە، دوان لە ئەمنەکان (شاباز)یان بردە نهۆمی دووەم و پشکنییان، بەڵام نامەکانیان نەدۆزیەوە، چونکە لە نزیک ئەندامی نێرینەیدا شاردبوونیەوە! دوای لێپرسینەوە یەکێک لە ئەمنەکان وتی: «با ئازادی بکەین، ئەمە جگە لە شوانێک هیچی دیکە نییە»، بەڵام ئەوەی تر وتی: نا دەیبەین بۆ بارەگای یەکێتی خوێندکاران (اتحاد الطلبە-ی سەر بە حیزبی بەعس)، (شاباز) ترسێکی زۆری لێنیشت، چونکە لەوێ ئاشکرا دەبێت، لەویش لە بەدبەختی (شاباز)دا ژمارەیەک خوێندکاری سەردەمی قۆناغی سێی ناوەندی لێبوون کە دەیانناسی، یەکێک لە ئەمنەکان لێپرسین:«ئەم خوێندکارە دەناسن؟»، یەکێکیان وتی: «بەڵێ

دەیناسین، ئەو خوێندکار بوو، بەڵام نزیکەی دوو ساڵە وازی لە خوێندن هێناوە»، کە ئاشکرابوو خوێندکار نییە، بردیان بۆ بنکەی ئەمن، کە گەیشتنە ئەوێ کاتی پشووی نانخواردن بوو، داوایان لێکرد لە باخچەکەدا لەگەڵ ئەمنێکدا چاوەڕێ بکات تادەوامی ئێواران دەستپێبکات، ئەو زۆر نیگەرانی نامەکان بوو، داوای کرد رێگەی بدا بچێت بۆ سەراو، پاسەوانەکە رێگەی پێدا، ئاودەستەکە زۆر پیس بوو، تەنانەت ئاویشی تیا نەبوو، بەپەلە نامەکانی دەرهێناو خستیە کونی ئاودەستەکەو بە دەستی پیساییەکانی خستە سەر نامەکان و پاڵی نایە ژوورەوە، چونکە ئاوی لێنەبوو، دواتر دەرچوو و دەستەکانی شۆری و گەڕایەوە بۆ لای پاسەوانەکە، (شاباز)هەستی بەجۆرێک لە دڵنیایی کرد، چونکە نامەکانی لەکۆڵ بووەوەو تەنها کێشەی ساختەکردنی پێناسەکەی مایەوە [١].

کاتژمێر چواری ئێوارە، (شاباز)یان برد بۆ لێکۆڵینەوە، لێکۆڵەرەکە لێیپرسی: «تۆ لە تێکدەرەکانی (مەبەستی پێشمەرگە بوو کە بەعس بە موخەریب ناویدەبردن)»لەوەڵامدا وتی: «گەورەم من تێکدەر نیم و لە دوورو و نزیک پەیوەندیم پێیانەوە نییە»لێکۆڵەرەکە وتی: «ئەی تۆ چیت، بەتایبەتی دوو ساڵە وازت لە خوێندن هێناوە ئەو ماوەیە لە کوێ بوویت و چیت دەکرد؟»، لەوەڵامدا وتی: «کاتێک لە تاقیکردنەوەکاندا دەرنەچووم، باوکم زۆری لێدام، دوای ئەوە لە ماڵ هەڵهاتم

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

و چووم بۆ تورکیا، لەوێ کچی مامێکم هەیە، هاوسەرگیری لەگەڵ کوردێکی بەڕەگەزنامە تورکی کردووە، ماوەیەک لایان مامەوەو شوانکارە بووم، بەڵام دوای ئەوە پەشیمان بوومەوە لە بەجێهێشتنی کەسوکارم، بۆیە گەڕامەوە بۆ دهۆک»، لێکۆڵەرەکە وتی: ئەی بۆ خۆت رادەستی پاسەوانی سنوور نەکرد؟ لەوەڵامدا وتی:«لەوێ ترسام خۆم رادەستبکەمەوە، وتم دەچمەوە ماڵ و لەگەڵ باوکم و چەند ناسیارێکمان لە ناو حیزبی بەعسدا خۆم رادەست دەکەم»لەکاتێکدا (شاباز) قسەی دەکرد، لێکۆڵەرەکە وردبینی دۆسیەی خانەوادەکەی دەکرد، ئەوکات حکومەتی عێراق دۆسیەی تایبەتی بۆ هەموو ئەو خێزانانە ئامادەکردبوو کە دوای نسکۆ چوونەتە ئێرانەوە، بەتایبەتی ئەوانەی دوای لێبوردنی گشتی نەگڕاونەتەوە..

لە خۆشبەختی (شاباز)دا پێشتر (غەنی شاباز)ی برا گەورەی، حکومەتی ئاگادار کردبووەوە کە برا بچوکەکەی بەهۆی دەرنەچوونی لە تاقیکردنەوەکاندا، لە ترسی سزا رایکردووە بۆ تورکیاو هیچی لەبارەوە نازانن، ئەمە لە کاتێکدا بوو (شاباز) نەیدەزانی (غەنی)ی برای پێشتر هەمان شتی بە حکومەت وتووە، بۆیە چیتر لێکۆڵەرەکە پرسیاری ئاراستە نەکردو فەرمانی چوار رۆژ دەستگیرکردنی بۆ دەرکرد لە بنکەی ئاسایشی شار، لەو ماوەیەشدا هیچ جۆرە ئەشکەنجەیەک نەدرا، چونکە هیچ بەڵگەیەک نەبوو لەسەری بیسەلمێنێت لەکارێکی دژ بە حکومەت تێوەگلابێت، دواتر گواسترایەوە بۆ وێستگەی

دەستبەسەرکردنی پۆلیس، لەوێش نزیکەی چوار مانگ بەبێ دادگاییکردن مایەوە، لەو ماوەیەدا هیچی دەربارەی هەڤاڵە پێشمەرگەکانی نەدەزانی [١].

زیاتر لە ١٠ رۆژ کەس بە دەستگیرکردنی (شاباز)ی نەزانی، لەو ماوەیەدا لێپرسراوانی یەکێتیی و کۆمەڵە، وەڵامی نامەکەی مام جەلالیان دابووەوە، لەپاش خوێندنەوەی نامەکەی مام جلال (ئارام) بە هەڤاڵانی لە سەرکردایەتی کۆمەڵە لەناویاندا (مەلا بەختیار[٢])ی وت:..

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، سەرچاوەی پێشوو.

[٢] حیکمەت محەمەد کەریم ناسراو بە (مەلا بەختیار) یەکێکە لە تێکۆشەرو رۆشنبیرانی کوردو چالاکە لە بواری نوسین، لە ١٩٥٤/٨/٢٠ لە خانەقین لەدایکبووە، لە ١٩٧٠/٦/١٠ پەیوەندی بە کۆمەڵەوە کردووە، دوای هەرەسهێنانی رێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەهۆی پاشگەزبوونەوەی حکومەتی عێراقی، ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە کردووە، لەدوای نسکۆ کۆمەڵە رێنمایی دابـووە کادرەکانی بگەڕێنەوە نیشتمان و کار بۆ رێکخستنەوەی ریزەکانیان بکەن و رووبەڕووی هێرشی دڕندانەی بەعس ببنەوە، بۆیە زۆربەیان گەڕانەوەو دەستیان بە خەباتی نهێنی کرد، بەڵام چاوی دەسەڵات لەسەریان بوو و ژمارەیەکی زۆری کادرو سەرکردەکانی کۆمەڵەی دەستگیرکرد، لە ناوەڕاستی ١٩٧٥ (مـەلا بەختیار) یەکێک بوو لەو داواکراوانـەی کە حکومەت نەیتوانی دەستگیری بکات، لە ١٩٧٥/٦/١ پەیوەندی بە یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانەوە دەکات، هەمان ساڵ بووە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، ساڵی ١٩٧٧ دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی، ساڵی ١٩٧٨ دەبێتە لێپرسراوی رێکخستنەکانی کۆمەڵە، ساڵی ١٩٨٢ دەبێتە لێپرسراوی مەڵبەندی یەکی سلێمانیی یەکێتی، ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی تیمی دانوستانکاری کورد لەگەڵ رژێمی بەغدا، ساڵی ١٩٩٢ وەک ئەندامی پەرلەمانی کوردستان هەڵدەبژێردرێت، لەساڵی ١٩٩٣ دەبێتە لێپرسراوی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی و ساڵی ١٩٩٥یش سەرۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان، لەساڵی ١٩٩٦ دەبێتە سەرپەرشتیاری مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی، لە٢٠٠١یش دەبێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و لە ٢٠٠٩ دەبێتە ئەندامی دەستەی کارگێڕی (م س)و لە ٢٠١٠ش لێپرسراوی دەستەی کارگێڕی

## بەرێککەوتنی وەفدە نهێنییەکەی کۆمەڵە بۆ دهۆك

«ئێستا دەتوانین بە شێوەیەکی تەواو لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتیی لە دەرەوە هەماهەنگی بکەین، چونکە بۆمان روون بووەوە کە مام جەلال و سەرکردایەتی یەکێتی لە (دیمەشق) بەپێی بەرنامەیەکی دیراسەتکراو کاردەکەن، هاتنی مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ)یش بەم شێوازە بۆ ناوچەی بادینان، بەڵگەیەکە بۆ دەستپێکردنی شۆڕشی چەکداریی بەپێی پلانێکی بەرنامە بۆدارێژراو»، دواتر (واتا دوای ١٠ رۆژ لە گەیشتنی نامەکە بۆ سلێمانی)، (ئـارام) بڕیاریدا وەفدێکی نهێنیی پێکهاتوو لە (مەلا بەختیار، ئازادی سەگرمە، کەمال محەمەد ئەمین) بنێرێت بۆ گەیاندنی وەڵامی نامەکەو بینینی (ئیبراهیم عەزۆ)سەرەتا (مەلا بەختیار)دوودڵ بوو لە چوون، چونکە پێشتر سەردانی دهۆکی نەکردبوو کەسیشی نەدەناسی لـەوێ، ئەو دەترسا شکستبێنێت لە ئەرکەکە، بـەڵام (ئـارام) سـوور بوو لە سەر رۆیشتنی، بۆیە ناچار بوو داواکـەی بەجێبهێنێت، دواتر زانی ژمارەیەک خوێندکاری خەڵکی شارەکەی خۆی (خانەقین) لە دهۆک دەخوێنن لەنێوانیاندا (محەمەد کەریم) کە ئێستا نوێنەری یەکێتییە لە نەمسا، هەروەها برایەکی جەبار فەرمانی سەرکردە

---

مەکتەبەکە، لەئێستاشدا ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسیی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم، بەرگەی یەکەم، ل ل ٣٨٨-٣٩١.

لە کۆمەڵە، بۆیە لەگەڵ هاوڕێکانیدا بەرەو دهۆک کەوتەڕێ، لەوێش دوای چەند کاتژمێرێک گەڕان بەدوای ئەو ناونیشانەی کە (شاباز) پێیدابوون، دۆزییانەوەو دایکی (شاباز) پێشوازی لێکردن، دوای سۆراخکردنی هەواڵی (شاباز)، دایکی ئەوەی پێوتن کە ساڵێک دەبێت هیچ هەواڵێکی نازانن، دواتر ناونیشانی شوێنێکی پێدان لەگەڕەکی (ناعور)هەر لەناوشاری دهۆک، لەوێ چاوەڕێی (غەنی شاباز) برا گەورەی (جەلیل شاباز) بکەن.. (غەنی) کە فەرمانبەر بوو لە ناحیەی (سەرسەنگ)ی سەر بە قەزای ئامێدی، کاتێک گەڕایەوە دایکی پێیوت کە سێ کەس هاتوونەو پرسیاری (شاباز)ی برایان کردووە، ئەویش راستەخۆ چوو بۆ ئەو شوێنەی کە دایکی پێی وتبوون چاوەڕێی بکەن، لەوێ (هۆکاری سەردانەکەیان بۆ روونکردەوە، بەڵام سەرەتا (غەنی) بڕوای بە قسەکانیان نەهات، تاکو جارێکی دیکە بەوردی باسی ئەو نامەیەی مام جەلالیان کرد کە چۆن (شاباز) گەیاندی بۆ سلێمانی، پاش ئەوە (غەنی) رازی بوو یارمەتییان بداو پێیوتن: «کاتم بدەنێ تا شوێنی مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ) دەدۆزمەوە»، تا ئەوکاتەش نەیدەزانی (شاباز)ی برای کەوتۆتە چنگی ئەمنەوە، پاش ئەوە هەرسێکیان بە یاوەری دوو خوێندکاری خانەقینی چوون بۆ بازاڕو لە چایخانەیەکدا چاوەڕێی وەڵامی (غەنی)یان دەکرد، لەوکاتەدا (مەلا بەختیار) بەعسییەکی بینی لە هەمان چایخانە دانیشتووەو تەماشایان

دەکات، کە ئەو باشی دەناسی، بۆیە بە هەڤاڵانی وت:«ئەو بەعسییە باشم دەناسێت، دەترسێم ناومان بداتە پیاوانی ئەمن»، بۆیە هەڵسان و لە بری بچنەوە بۆ هوتێل چوون بۆ ماڵی براکەی (جەبار فەرمان)ڕۆژی دواتر (غەنی) پێیوتن: «زانیاری هەیە باس لەوە دەکەن کە مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ) کەوتۆتە ناو بۆسەی چەکدارانی قیادە موەقەتەی پارتییەوەو تەنانەت زۆر لە ئەندامانی مەفرەزەکە کوژراون، بۆیە ناتوانم و لەوە زیاتر هیچم لانییە سوودی بۆتان هەبێت، تەنانەت ناتوانم شوێنەکەشیان دیاری بکەم»، هەروەها ئەوەشی پێوتن کە هیچ سۆراغێکی (شاباز)ی برا بچوکی نییە، بۆیە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، بەهاوەڵی (محەمەد کەریم و براکەی جەبار فەرمان) کەوتنەڕێ، مەلا بەختیار ترس بە روخسارییەوە دیار بوو، بە هەڤاڵانی وت:«پێموابێت ناوم لە بازگەکەدا هەیەو دەترسێم دەستگیر بکرێم، بۆیە من دادەبەزم و بە پێ لە پشتی بازگەکەوە تێدەپەڕم»، بەر لە بازگەکە دابەزی و لە پشتی بازگەوە بە پێ سوڕایەوە سەر شەقامەکە، ئەمەش کاتژمێرێکی پێچوو تا تەواو دڵنیا بوو کە لە بازگەکە دوورکەوتووەتەوە، لەودیو جارێکی دیکە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووەوە کە تا ئەوکات چاوەڕێی دەکرد، هەڤاڵانی پێیانوت: «چۆن زانیت کە ناوت لە بازگەکەدا هەیە؟! ئەگەر لەگەڵمان بوویتایە دەستگیر دەکرایت» [١].

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار ٢٠١٩/٥/١٤ لە بنکەی روناکبیری گەلاوێژ – شاری سلێمانی. چاوپێکەوتن لەگەڵ غەنی عەبدوڵا شاباز، لە ڕێگەی ماسنجەرەوە لە ٢٠١٩/٧/١٥.

## نیگەرانییەکانی (عەزۆ) و چارەنووسی (شاباز)

(ئیبراهیم عەزۆ)بەهۆی نەگەڕانەوەی (شاباز)و نەزانینی هیچ شتێک لەبارەیەوە، نیگەرانی دایگرت، وەک ئامادەکارییەک بۆ هەر پێشهاتێک فەرمانیدا مەفرەزەکەی بجوولێت بۆ چیای (مەتین) کە بە دووری سێ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای شاری ئامێدیەوە، بۆ پشوودان رۆژێک لە دۆڵەکانی نزیک گوندی (غلبیش)مانەوە، شەو لە کاتی نۆرە ئێشکگرتندا (عەبدال عەلی زەری) چاوەڕێی کرد هەموویان خەویان لێکەوت، ئەوکات هەڵهات و خۆی رادەستی نزیکترین خاڵی سوپای عێراقی کرد، هەر کە بە ناپاکییەکەیان زانی ئەندامانی مەفرەزەکە بە پەلە شوێنەکەیان بەجێهێشت و چوونە دۆڵێکی دیکەی چیاکەوە، پێش ئەوەی سوپای عێراق بگاتە سەریان [1].

مەفرەزە ناوەندییەکە سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بوو، بەتایبەتی پرسی دابینکردنی رێڕەوی ئارام لەنێوان گوندەکانی ناوچەی بادینان تادەگاتە سنووری تورکیا بۆ هاتنەژوورەوەی هێزی دیکەی یەکێتی لە سوریاوە، هەروەها بۆ دابەشکردنی بڵاوکراوەکانی یەکێتی بەسەر گوندنشینەکان و ئاگادارکردنەوەیان بەو شۆڕشە نوێیە، لەلایەکی دیکەوە مەفرەزەکەی دهۆکیش بۆ هەمان مەبەست جەولەی گوندەکانی دەکرد، ئەوەش دوای ئەوەی لە گوندی (رأس العين) لە مەفرەزە ناوەندییەکە جیابووەوو بەرەو گوندی (گلّناسک) کەوتەڕێ،

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەڵام لەوێ بە پێچەوانەی گوندەکانی دیکەوە کە پێشوازیان باش بوو بۆ مەفرەزەکە، لەم گوندەدا پێشوازیان لێنەکراو هیچ خۆراک و ڕێوجێیان بۆ دابین نەدەکردن، بەوەش ئەو هەستەیان لادروست بوو کە ڕەنگە ناپاکیان لەگەڵدا بکرێت، بۆیە گوندەکەیان بەجێهێشت و چوون بۆ گوندی (ئێکمال) کە تەنها یەک خێزانی تیادا نیشتەجێبوو، بەڵام خاوەن ماڵەکە کە ناوی (ئەحمەد سمێ) بوو پێشوازی لێکردن و چوار ڕۆژ میونداری کردن، دواتر (حوسێن ئەحمەد ئەحمەد) لێپرسراوی سەربازی مەفرەزەکە فەرمانیدا هەردوو پێشمەرگە (شەهید سەعیدو یاسین حامد یوسف) بڕۆن بۆ گوندی (ليناڤا)، چونکە چەند کەسێکی لێیە کە ڕەنگە پێشوازی لە شۆڕشە نوێیەکە بکەن، بەبێ چەک و تفاق بەرەو گوندەکە کەوتنەڕێ تاسەرنجی سیخوڕەکانی ڕژێم بەلای خۆیاندا ڕانەکێشن، چونکە دەبوایە بەچەندین ئاواییدا تێبپەڕن، کە گەیشتنە قەراغ گوندەکە کەسی مەبەستیان بینی سەرقاڵی مەڕ لەوەڕاندن بوو..

مەبەستی هاتنەکەیان بۆ باس کرد، کاتێک گوێبیستی بوونی پێشمەرگەی یەکێتی بوو لە ناوچەکە، پێشوازی لێکردن و بردنی بۆ ماڵەوەو داوەتی نیوەڕۆ خوانی کردن، دواتر پێیوتن: «بڕۆنەوەو ئەندامانی دیکەی مەفرەزەکە بانگ بکەن بۆ ئێرە، ئێوەو شۆڕشەکەتان جێگەی پێشوازی و ڕێزی ئێمەن» [١].


دوای پشوویەکی کورت گەڕانەوە بۆ لای هاڤاڵەکانیان لە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو

گوندی (ئێکمال)، بۆ رۆژی دواتر تەواوی مەفرەزەکە چوو بۆ گوندی (ليناڤا)و لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە بە گەرمی پێشوازی کران و نان و جێیان بۆ دابین کردن، پێگەکەشیان جێگەیەکی دڵگیر بوو لەناو کۆمەڵێک درەخت لەسەر کانییەکی سازگار، دوو رۆژ لە گوندەکەدا مانەوە، لێپرسراوی مەفرەزەکە لەگەڵ دەمسپییەکانی ئاوایی سەبارەت بە شۆڕشی نوێ کە یەکێتی رابەرایەتی دەکات، قسەی کرد، ئامانجەکانی بۆ شیکردنەوەو باسی گرنگی هاوکاری نێوان پێشمەرگەو جەماوەری بۆ کردن، پاشان لەلایەن خەڵکی گوندەکەوە خواردنی پێویستیان بۆ دابین کرا، مەفرەزەکە بەرەو گوندی (کەمەکا) بە یاوەری دوو چاوساغ کەوتنەڕێ و لە نزیک گوندەکە جێگیربوون، فەرماندەی مەفرەزەکە پێشمەرگەیەکی نارد بۆ ماڵی کەسێک بەناوی (محەمەد کەمەک)، پێشمەرگەکە ئامانجی سەردانی مەفرەزەکەی بۆ گوندەکەیان روونکردەوەو داوای دابینکردنی خۆراکی بۆ مەفرەزەکە لێکرد، (محەمەد) بەخێرهاتنی خۆی و مەفرەزەکەی کرد، پێشمەرگەکە ئەوەندەی لەتوانادا بوو خۆراکی بۆ مەفرەزەکەی دهۆک لەگەڵ خۆی بردەوە، مەفرەزەکە رۆژێک لە نزیک گوندەکە مایەوەو بەرەو ناوچەی (بێسفک) کەوتەڕێ کە پێکهاتبوو لە دوو گوندو هەمان ناویان هەیە، شەوێک لەنێوان هەردوو گوندەکەدا مانەوە، ئەندامەکانی برسییان بوو و هیچ نەبوو بیخۆن، بەڵام نەیانتوانی پەیوەندی بە هیچ

کەسێکەوە بکەن، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەو دوو گوندە جاش بوون، بۆ بەیانییەکەی مەفرەزەکە گەڕایەوە گوندی (کەمەک) و لەوێوە بۆ گوندی (لیناڤا)و دوای شەوێک بەرەو گوندی (ئێکمال) چوون و لەوێوەشەوە بۆ گوندی (دەرگەلێ)واتە بەهەمان ڕێڕەوی پێشوویاندا گەڕانەوە، بەدەم ڕێگاشەوە لە گوندەکان بڵاوکراوەی (یەکێتیی نیشتمانیی بۆچی؟)یان دابەش دەکردو شۆڕشە نوێیەکەیان بۆ خەڵکەکە روون دەکردەوەو باسی گرنگی پاراستنی گیانی شۆڕش و خەباتیان بۆ دەکردن، لەزۆربەی گوندەکاندا پێشوازیان لێدەکراو لە هەندێکیشیان گومانیان هەبوو لەسەرکەوتنی شۆڕشەکە، بەتایبەتی دوای نۆشکردنی تاڵی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول [١]

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو




هێڵکاری رێڕەوی مەفرەزەکەی دهۆک [1]

---

[1] ئامادکاری هێڵکاری: موقەدەمی روکن نزار ئیبراهیم شالی، فەرماندەی فەوجی یەکەمی لیوای چوارەمی سەر بە وەزارەتی پێشمەرگە.

## یەکەمین ئەرکی بەهاناوەچوون

مەفرەزەکەی (ئامێدی)بەسەرکردایەتی (عیزەت شەنگالی و عەبدولڕەحمان شەنگالی)بەهەمان شێوە سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی شۆڕشگێڕیی بوون لەناو گوندنشینەکانی دەوروبەری قەزای ئامێدی، بەردەوام پەیوەندییان بەو کەسانەوە دەکرد دەیانناسین و متمانەیان پێدەکردن، بۆ ئەوەی ببنە ئەڵقەی پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکەکە بۆ پشتگیریکردنی ئەو شۆڕشەی کە مانگێکە بەرپایان کردووە، لەوانەی کە لەگەڵ ئەم مەفرەزەیە پەیوەندیان هەبوو، (مەجید لاوەند)ی ئەنجومەنی گوندی (سەرگەلی) بوو، ئەوەش دوای ئەوە هات کەسێک بەناوی (هەمزۆ سپینداری)، ئامۆژگاری (عەبدولڕەحمان شەنگالی)کرد پەیوەندی بە (مەجید لاوەند) ەوە بکات، چونکە (جەلالی[1])یەو دڵسۆزو سەرسامە بە بیرو

[1] ساڵی ١٩٦٤ لێکترازان لەنێوان دامەزرێنەران و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا روویدا، لەدوای ئەوە باڵێک بەناوی باڵی مەکتەبی سیاسی دروست بوو و ئۆپۆزسیۆنێکی دروست کرد کە لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو لەناو خەڵکدا بە (جەلالی)یەکان بەناوی مام جەلالەوە ناسران، لایەنێکی تریش بە (مەلایی)یەکان بەناوی مەلا مستەفاوە...، مام جەلال لە یاداشتەکانی لە (دیداری تەمەن/لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری، ئا/ سەلاح رەشید، بەشی دووەم، ل ل ٣٨٦-٣٨٧)دا دەڵێت: "جەلالییەت ناوێکی ناڕاست و ناڕەوایە بۆ ئەو باڵەی مەکتەبی سیاسی نرا، ئەگەر بەڕاستی بوترایە دەبوایە بوترایە: پارتی دیموکراتی کوردستان – باڵی مەکتەبی سیاسی، ئەگەر بەناوی شەخسێکەوە ناوبنرایە،، ئەبوایە بەناوی مامۆستا ئیبراهیمەوە هەڵبدرێ و بیانگوتبایە (ئیبراهیمیەت) چونکە من بەڕاستی نە شەخسی یەکەمی بووم لەو بزووتنەوەدا، نە ئەو کەسە بووم لایەنگری تێکدان بووم لەگەڵ مەلا مستەفادا، من تا کۆتاییش بە ئیعترافی مەلا مستەفا خۆیشی ناوبژیکەر و نێوەندگیر بووم لە نێوانیاندا، لەبەر ئەوە زۆر بە ناهەق ئەو ناوە بەسەر ئەو جولانەوەیەدا سەپێندرا، بەڕای من نییە، بە رای

باوەڕەکانی مام جەلال [1].

لـە کۆتـاییـەکـانـی مـانـگـی (٦)حـوزەیـرانـی سـاڵـی ١٩٧٦ مەفەرەزەکەی ئامێدی بەرەو دەوروبـەری گوندی سـەرگەلی کەوتەڕێ و لە شوێنێکی نهێنیدا جێگیر بوو، هەردوو لێپرسراوی مەفرەزەکە (عەبدولڕەحمان و عیزەت) رۆیشتن بۆ ماڵی (مەجید لاوەنـد) کە ئەنجومەنی گوندەکە بوو (لاوەنـد) گەشایەوە بە بینینی (عەبدولڕەحمان)، چونکە لەمێژەبوو نەیبینیبوو، ئەوان پێکەوە هاوخەبات بوون لە شۆڕشی ئەیلول، دوای بەخێرهاتن، هـۆکـاری سـەردانـەکـەی لێپرسین، (عـەبـدولـڕەحـمـان) وتـی: «هاتووین مەڕ بکڕین!»، بەڵام (لاوەند) بڕوای بە قەسەکە نەهێنا، بۆیە (عەبدولڕەحمان) بێئەوەی وردەکاری پلان و ئامانجەکانی پێبڵێ، وتی: «ئێمە پێشمەرگەی یەکێتین، هاتووین جەماوەر لە دەستپێکردنی شۆڕشی نوێ ئاگاداربکەینەوە «پێدەچوو (لاوەند) تاقیبکەنەوە، هەروەها داوایان لێکرد یارمەتی مەفرەزەکەیان بدات لە تێپەڕاندنی گوندەکەیان و گوندەکانی دواتـری بەبێ

---

من غەدرە ئەگەر ناوی سیاسی لێبنێین، ئەبێ بڵێین باڵی مەکتەبی سیاسی و نابێت ناوی شەخسی لێبنێین، ئەبێت بڵێێن باڵی ئیبراهیمیەت نەک جەلالیەت، من بڕوا ناکەم جەلالیەت هەبێت، ئەگەر هەشبێت یان هەبووبێت لە حەفتاکاندا، ئەوە تەواو بووە..، من وەک خۆم فکرێکم نییە تەرحم کردبێت و خەڵکم لە دەوری کۆکردبێتەوە نە شێوەیەکی تایبەتی خەباتم داهێناوەو نە رێگایەکم هەیەو نە دروشمێکی تایبەتم هەیە، لەبەر ئەوەی جەلالیەت شتێک نییە وجودی هەبێت، لەناو جوڵانەوەی کوردایەتی و میللەتی کوردا"، بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم بەستەرە بکەن:

https/www.pukmedia.com/ar_kitab.aspx?jimara.124330=

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی، ٢٠١٩/٣/٢٥ لەماڵی خۆیان لەگوندی مێرستەک – قەزای ئامێدی.

کێشە، بەو پێیەی شارەزای ڕێگاو ڕێچکەکانی نێوان گوندەکانە، بۆ ڕۆژی دواتر بە پێی ڕێککەوتنی نێوانیان (لاوەند) دوای نوێژی شێوان، چوو بۆ شوێنی دیاریکراو بۆ بینینی مەفرەزەکە لە دۆڵی گوندی (سەرگەلی)، بەڵام چەندین کاتژمێر لە چاوەڕوانیدا مایەوە بەبێ ئەوەی مەفرەزەکە دەربکەوێت، بۆیە گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆی، ڕۆژی دواتر بەهەمانشێوە ڕۆیشت بۆ شوێنەکەو چاوەڕێی هاتنی کردن، بەڵام هەر نەهاتن، ئەو وایزانی نایەن یاخود پلانەکەیان گۆڕیوە، بەبێ ئەوەی بزانێت مەفرەزەکە بە هۆکارێکی گرنگ و بەپەلە، ڕۆیشتووە بۆ گوندی (سەروکانی)، چونکە زانیاریان پێگەیشتبوو کە ژمارەیەک خێزان لە ترسی ڕاوەدونانی هێزە عێراقییەکان پەنایان بردووەتە بەر چیاکان، لەو کاتانەدا هێزە عێراقییەکان هەموو ئەو خێزانانەی کە پەیوەندیان بە شۆڕشی ئەیلولەوە هەبوو، دووردەخستنەوە بۆ ناوەڕاست و خوارووی عێراق [١].

مەفرەزەکە گەیشتە گوندی (سەروکانی) کە گوندێکی خێڵی زێباری بوو، مەبەستەکەش بینینی (حوسێن سەعدۆ) بوو کە دوو ساڵی کۆتایی تەمەنی شۆڕشی ئەیلول (عەبدولڕەحمان) لێپرسراوی بوو، بۆیە دەیویست یارمەتی بدا شوێنی سێ خێزانە هەڵاتووەکەی پێبڵێت، چونکە خزمی (سەعدۆ) بوون و متمانەیان پێ هەبوو، مەبەستەکەش پارێزگاریکردنی مەفرەزەکە

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی، ٢٠١٩/٣/٢٥ لەماڵی خۆیان لەگوندی مێرستەک – قەزای ئامێدی.

بوو لێیان، هەروەها دابینکردنی شوێنێکی ئارام بۆیان، بەوەش مەفرەزەکەو ئەو خێزانانەش یارمەتی یەکتری دەدەن [1].

مەفرەزەکە لە ڕێگەی یارمەتیدانی هەڵاتووان لە حکومەتی عێراقی بە هۆکاری سیاسی، دەیوسیت سۆز و ڕێزی خەڵکەکە بەدەستبهێنێت، لە بەرەبەیانی ٣٠ حوزەیران (عەبدولڕەحمان) چاوی بە (سەعدۆ) کەوت لە ماڵەکەی لە گوندی (سەرۆکانی)، دوای بەخێرهاتنێکی گەرموگوڕ (سەعدۆ) لە ئەحواڵی پرسی؟ لەوەڵامدا وتی: کە دوای نسکۆ خۆی رادەستی رژێمی عێراق کردۆتەوەو لە ئێستادا سەرقاڵی کڕینی مەڕو ماڵاتە، لە کاتی ئاخافاتندا (سەعدۆ) نارنجۆکێکی بە کەمەری (عەبدولڕەحمان) ەوە بینی، بەوەدا زانیی کە سەرقاڵی کاری سیاسییە، چونکە لەو کاتانەدا کەس نەیدەوێرا چەک هەڵبگرێت، پاشی شیوکردن دەرچوونە دەرەوە (عەبدولڕەحمان) داوایکرد پیاسەیەک بکەن، لەوێدا پێیوت: «من بۆ کڕینی مەڕوماڵات نەهاتووم، متمانەی تەواوم پێتە بۆیە هۆکاری سەردانەکەمت پێدەڵێم، من کادری حیزبیم و مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانم لەگەڵدایەو لەدەوروبەری گوندەکەدان، هاتووین بۆ ئەم ناوچەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی خەڵک و بەدەستهێنانی پشتگیریان بۆ شۆڕشی نوێ، لەسەر تۆ و تێکۆشەرە دێرینەکانە لە روووی لۆجستییەوە هاوکاریمان بکەن و ئازووقەی پێویستمان بۆ دابین بکەن»دواتر پێیوت: «بیستوومانە ژمارەیەک

[1] ڕێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ٢٠٢-٢٠٩.

خێزان هەڵاتوون بۆ چیاکان، دەمانەوێت بیانبینین»دوای ئەوە (عەبدولڕەحمان) ناونیشانەکەی خۆیانی پێدا کە لە چیایەکی نزیک بوو، تا ئازووقەیان بۆ ببات [١].

دوای چەند کاتژمێرێک (سەعدۆ) چوو بۆلای خزمێکی بەناوی (مستەفا رەشید سەعید) کە ژمارەیەکی زۆر مەڕو ماڵاتی هەبوو، داوای لێکرد یارمەتی بدا لە گەیاندنی ئازووقە بۆ شوێنی مەفرەزەکەی ئامێدی، دوای رازیبوونی (مستەفا) سەرجەم داواکارییەکانی (عەبدولڕەحمان)یان دابینکردو بە وڵاخ گواستیانەوە بۆ شوێنی دیاریکراو، بە بەرزەفت و یەکپۆشی و چەکە پێشکەوتووەکانی ئەندامانی مەفرەزەکە سەرسام بوون، وەکو یەکەیەکی جەنگاوەری سوپایەکی پێشکەوتوو هاتنە پێش چاویان، (سەعدۆ) بە (عەبدولڕەحمان)ی وت: «ئەگەر نەتمناسیباو متمانەم پێتنەبووایە، دەموت ئێوە سەر بە سوپای عێراقن و هاتوون خێزانە هەڵاتووەکان دەستگیر بکەن [٢]».

دەسەڵاتی ئەمنی لە گوندەکاندا، سیخوڕی راسپاردبوو چاودێری ئەو خێزانە هەڵاتوانە بکەن، بۆیە ئاسان نەبوو ئەو خێزانانە جگە لە خزمە نزیکەکانی خۆیان متمانە بەکەسی دیکە بکەن، هەروەها بەردەوام شوێنگۆڕکێیان دەکرد تاشوێنیان بۆ حکومەت ئاشکرا نەبێت، هەربۆیە (عەبدولڕەحمان) داوای یارمەتی لە (سەعدۆ) کرد بۆ دۆزینەوەی خێزانەکان، ئەویش

[١] رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ٢٠٢-٢٠٩.

[٢] رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ٢٠٢-٢٠٩.

رازیبوو هاوکاریی بکات و لەگەڵ (مستەفا رەشید)ی خزمی کە خاوەن ئاژەڵ بوو، شوێنی خێزانەکانیان دۆزیەوە، بەڵام پێش ئەوەی بیانبات بۆ لای (عەبدولڕەحمان)، لەگەڵ سەرۆک خێزانەکان کە پێکهاتبوون لە (سەعید حەبیب، عەبدولڕەحمان بانی، ئەحمەد باکرمانی، حاجی حەسەن شیلادزی) کۆبووەوە و پێیوتن: «مەفرەزەیەکی یەکێتی هاتوونەتە ناوچەکە بۆ راگەیاندنی شۆڕشێکی نوێ، لێپرسراوەکەشیان (عەبدولڕەحمان شەنگالی) یە کە لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلولەوە دەیناسم و یەکێکە لە تێکۆشەرو دڵسۆزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی، ئەگەر دەتانەوێت ببینن بابڕۆین بۆلای، ئەگەریش ناتانەوێ، ئەوە پێیدەڵێم: خێزانەکانم نەدۆزینەوە»، دواتر چەند بڵاوکراوەیەکی یەکێتی لەناویاندا (یەکێتیی نیشتمانیی بۆچی؟)ی پێدان و وتی ئەمانە بخوێننەوەو دواتر بڕیار بدەن [١].

دوای خوێندنەوەی بڵاوکراوەکان رازیبوون (عەبدولڕەحمان) ببینن، بەیاوەری (سەعدۆ) رۆیشتن بۆ ئەو شوێنەی مەفرەزەکەی ئامێدی لێیە، (عەبدولڕەحمان) بەگەرمی پێشوازی لێکردن، دوای چاوپێکەوتن و ئاخاوتن لەگەڵ (عەبدولڕەحمان و عیزەت)ی هەردوو فەرماندەی مەفرەزەکە و بینینی ئەندامانی مەفرەزەکە، سەرۆک خێزانەکان دڵنیابوون لەوەی پێشمەرگەن، خۆشەیەکی زۆر دایگرتن و وتیان:«بڕوا بەچاوی خۆمان ناکەین جارێکی دیکە پێشمەرگە دەبینین کە بۆ مافەکانی

[١] رێبوار ساڵح، سەرچاوەی پێشووتر، ل ل ٢٠٢-٢٠٩.

گەلەکەمان تێدەکۆشن»دواتر هەردوولا بڕیاری یارمەتیدانی یەکتریاندا، هەتا بەیانی نەخەوتن و گفتوگۆیان سەبارەت بە سیاسەت و باردوۆخی ناوچەکەو ئەو دۆخەی خەڵک دەکرد کە دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و چۆڵکردنی کوردستان لە لایەن پێشمەرگەوە تێیکەوتوون، بۆ بەیانییەکەی سەرۆک خێزانەکان بە هیواو ئاواتەوە گەڕانەوە بۆ لای خێزانەکانیان.

پێش ئەوەی مەفرەزەکەی ئامێدی گوندی (سەروکانی) بەجێبهێڵیت (عەبدولڕەحمان)بە (سەعدۆ)ی وت کە لایەنێکی دیکەش سەرقاڵی خۆڕێکستنەوەن، وەک ئاماژەیەک بۆ قیادە موەقەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان...

بۆیە بەگرنگی زانی لە ناو خەڵک ئەوە بڵاوبکەنەوە کە مەفرەزەکانی یەکێتیی لە ناوچەی بادینان وەک دەستپێشخەری شۆڕشی نوێ بڵاوبوونەتەوە، دواتر بڕێک پارەی پێدا تائازووقەیان بۆ بکڕێت و تاکو گەڕانەوەیان لە شوێنێکی ئەمین بیشارێتەوە، پێیشی وت:«ئەگەر خێزانەکان پێویستیان بە خواردن بوو، ئازووقەو خۆراکەکانی ئێمەیان بدەرێ [١].

مەفرەزەکە گەڕایەوە بۆ گوندی (سەرگەلی)و (عەبدولڕەحمان) چوو بۆ ماڵی (مەجید لاوەند)، (مەجید) پێیوت: «دوو رۆژ چاوەڕێم کردن، بەڵام لە کاتی دیاریکراودا نەهاتن»، لەوەڵامدا (عەبدولڕەحمان) وتی:«رۆییشتین بۆ گوندی سەروکانی بە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

چالاکییەکی بەپەلە»، لە قسەو باسدا بوون لە دەرگا درا، کە (لاوەند) دەرگای کردەوە، یەکێک لە کادرانی بەعس بوو کە بەڕێوەبەری خوێندنگەی نەهێشتنی نەخوێندەواری گوندەکە بوو، وتی: «هاتووم یارمەتیم بدەی لە تاقیکردنەوەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری»، (لاوەند) ناچار بوو فەرمووی لێبکات و بردیە ژوورەکەی تەنیشت ئەو ژوورەی (عەبدولڕەحمان)ی لێبوو، (لاوەند) گەڕایەوە بۆلای (عەبدولڕەحمان)و پێیوت کە ئەوەی هاتووە کادرێکی بەعسیەو کارێکی پێمەو ناتوانم ڕەتیبکەمەوە (عەبدولڕەحمان) وەڵامی دایەوە:«من لە ژوورێکم و ئەو لە ژورێکە، هیچ کێشەیەک نییە»، لەو ماوەکەمەدا (لاوەند) هەر ئەم ژوور و ئەو ژووری دەکرد! لەکاتی دەرچوونی لە ژوورێکدا لەگەڵ (ڕەشید)ی برا گەورەیدا بەڕووی یەکداچوون، کاتێک برا بچوکەکەی بینی (لاوەند) ڕوو بە پێکەنینە، هۆکارەکەی لێپرسی، لەوەڵامدا وتی:«بەم ڕێکەوتە سەیرە پێدەکەنم، لەیەک کاتدا لە ژوورێکی ماڵەکەماندا فەرماندەی مەفرەزەیەکی پێشمەرگە هەیە، لە ژوورەکەی تەنیشتیشی بەعسیەک!»، دوای ئەوەی بەعسیەکە کارەکەی لەگەڵ (لاوەند) تەواو کرد، بەبێئەوەی تێبینی بوونی سەرکردەیەکی پێشمەرگە لە هەمان ماڵدا بکات، (لاوەند) هەناسەیەکی داو چوو بۆلای (عەبدولڕەحمان)و داوای لێبوردنی لێکرد، بە هاوسەرەکەشی وت خواردن بۆ (عەبدولڕەحمان)و مەفرەزەکەی ئامادە بکات، هاوکات داوای لە (ڕەشید)ی برای

کرد بچێت بۆ شوێنی مەفرەزەکەو بیانبات بۆ دۆڵێکی بچوکی ئەودیوی گوندەکە، دوای ئەوەی (عەبدولڕەحمان و لاوەند) نانی نیوەڕۆیان خوارد، بەشە خواردنی مەفرەزەکەیان بردو چوون بۆ لایان، دواتر (عەبدولڕەحمان) داوای لە (لاوەند) کرد نامەیەک بۆ (سدیق عەلی) ببات لە شاری دهۆک، هەروەها هەندێک ئازووقەو پێداویستیشیان بۆ بکڕێت [١].

(لاوەند)بەرەو شاری ئامێدی کەوتەڕێ، مەفرەزەکەش لەگەڵ (مستەفا رەشید) رۆیشتن بۆ گۆڕستانێکی نێوان هەردوو گوندی (کورک و بناڤی)، لە ئامێدی (لاوەند) نامەکەی دایە دەستی شۆفێرێک کە متمانەی پێبوو بۆ ئەوەی بیگەیەنێت بە (سدیق عەلی)و هەمان رۆژ وەڵامەکەی بێنێتەوە، دوای ئەوە خواردن و پێداویستییەکانی مەفرەزەکەی کڕی و لە چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەدا مایەوە، بەڵام دوو رۆژ بەسەرچوو وەڵامەکە نەگەیشت، بۆیە (لاوەند) گەڕایەوە بۆلای مەفرەزەکە لە نزیک گوندی (بناڤی)ی لەناوچەی (نهێل)، لەوەڵامی هۆکاری دواکەوتنیدا بە (عەبدولڕەحمان)ی وت: «دوو رۆژ چاوەڕێی وەڵامی نامەکەم کرد، بەڵام نەگەیشت و هۆکارەکەی نازانم»، لە ئامێدی (لاوەند) بەوەی زانی کە (عەبدولڕەحمان) پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی دیکەشدا هەیە، لەناویاندا (محەمەد سەعید کونجی)ی کەسایەتی ناوداری شاری ئامێدی [٢].

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دوای نزیکەی مانگێک لەدابڕان و لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆبوونەوەی هەر چوار مەفرەزەکە لە گوندی (غۆڵدیان) ی رۆخی روباری خابور کە (ئیبراهیم عەزۆ) بڕیاری لەسەر دابوو، یەکەمین مەفرەزە مەفرەزەکەی دهۆک بوو لەکاتی دیاریکراودا گەیشت، دواتر مەفرەزەکەی ئامێدی و پاش ئەوە مەفرەزەکەی زاخۆ کە بە سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی لە گوندەکانی ئەو شارە بە پێی بەرنامەی دیاریکراو جێبەجێکرد بوو[١].

[١] بەداخەوە ناچینە نێو وردەکاری چالاکییەکانی مەفرەزەکەی زاخۆوە، چونکە نەمانتوانی شایەتحاڵێک بدۆزینەوە بۆ باسکردنی ئەو رووداوانەی بەسەر ئەو مەفرەزەیەدا هاتن.. (نوسەر)

## ناپاکی کردن لە مەفرەزە ناوەندییەکە

هەر سێ مەفرەزەکە لە گوندی (غوڵدیان) کۆبوونەوەو چەند ڕۆژێک چاوەڕیی مەفرەزە ناوەندیەکەیان کرد کە (ئیبراهیم عەزۆ)سەرکردایەتی دەکرد، ئەوان نەیاندەزانی مەفرەزەکە چەند ڕۆژێک لەوەوپێش لە ڕێگەی ناپاکیەوە لە گوندی (نێروە)ی سەر بە قەزای (ئولودەر)لە سنووری خێڵی (گویی)ی کوردستانی تورکیا کەوتووەتە بۆسەوە، ڕووداوەکەش بەمشێوەیە بووە: لە کاتێکدا مەفرەزەکە لەو ناوچەیەدا لە جەولەدا بووە، ئەنجومەنی گوندی (نێروە) بانگهێشتی نیوەڕۆخوانێکی کردن، بەڵام هەر کە چوونە ژوورەوەو پشوویەکی کورتیاندا، ژمارەیەک چەکداری خەڵکی گوندەکە هەڵیان کوتایە سەریان و دوای چەککردنیان هەرچیان پێبوو لێیانسەندن و دیلیانکردن، پاش ئەوە رادەستی سەرکردایەتی قیادە موەقەتیان کردن [١].

سەبارەت بە دژایەتیکردنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و کۆتاییهێنان بە بوونیان لە ناوچەی بادینان و کوردستانی تورکیا، قیادە موەقەتە خۆی یەکلایی کردبووەوە، بۆ ئەوەش هاوپەیمانێتی لەگەڵ ژمارەیەک خێڵی کوردیی کوردستانی تورکیا بەستبوو، بەتایبەتی خێڵی (گویی)، ڕێککەوتنەکەی نێوان هەردوولاش بریتیبوو لە: هەر پێشمەرگەیەکی یەکێتی بکوژن یان دەستگیر بکەن، چەک و تەقەمەنییەکەی و هەرچی هەیە

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو. چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆ خۆیان دەبێت و سەریشی بۆ قیادە موەقەتە، هەروەها ئەوەیان لەناو خەڵکی ناوچەکە بڵاوکردبووەوە کە یەکێتی گردبوونەوەیەکی سیاسی و سەربازی دژ بە کوردایەتییەو بەکرێگیراوی وڵآتانی دراوسێن [1].

دوای چەند رۆژێک لە چاوەڕوانی لە گوندی (غوڵدیان)، (عیزەت شەنگالی)ی جێگری (ئیبراهیم عەزۆ) بە راوێژ لەگەڵ فەرماندەی هەر سێ مەفرەزەکە، بڕیاریدا ئەوەی ماوەتەوە کە (٢٦) کەسن، دابەشی دوو هێز بکرێن، هێزێکی گەورەی ٢٠ کەسی بە سەرکردایەتی (عیزەت شەنگالی) بچێت بۆ سۆراخی مەفرەزە ناوەندیەکە، هێزە بچوکە ٦ کەسیەکەش راستەوخۆ لە عێراقەوە بگەڕێنەوە بۆ سوریا لە رێگەی روباری دیجلەوە لە سێگۆشەی (عێراق، تورکیا، سوریا)وە، هەتا وردەکاریی ئەو روداوانەی بەسەر چوار مەفرەزەکەدا هاتوون بگەیەنێن بە سەرکردایەتی یەکێتی، پێشتریش (ئیبراهیم عەزۆ)بۆ هەمان مەبەست و بۆ وەرگرتنی رێنمایی نوێ دوو کەسی ناردبوو بۆ سوریا، بەڵام کەسیان نەگەڕابوونەوەو نەیدەزانی چییان بەسەردا هاتووە، ئەوەش شڵەژانێکی لەناو هەر چوار مەفرەزەکەدا دروست کردبوو [2].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## چارەنووسی هێزە بچوکەکە

هێزە بچوکەکە پێکهاتبوو لە (حوسێن ئەحمەد ئەحمەد لێپرسراوی سەربازی مەفرەزەی دهۆک، عەبدولڕەحمان شەنگالی لێپرسراوی سیاسی مەفرەزەکەی ئامێدی، عەبدولجەبار سندی لێپرسراوی سەربازی مەفرەزەی زاخۆ، لەگەڵ رەشید محەمەد عەبدولڕەحمان و فوئاد مەلا موسڵیح و عیزەت سدیق کەریم خورانی)، بەرەو سوریا کەوتنەڕێ [١]، رێگەی نێوان گوندەکانیان بڕی و لە ١٩٧٦/٨/٣٠ [٢] گەیشتنە گوندی (ئەحمەدی سمی)ی نزیک گوندی (برجین)ی سنووری خێڵی دۆسکی و لەسەر کانیەک پشوویەکیاندا، لەوکاتەدا هێزێکی قیادە موەقەتە گەمارۆی دان و داوای چەکدانان و خۆبەدەستەوادانیان لێکردن[٣]، بەڵام (عەبدولجەبار سندی) وەڵامی دانەوە: «ئەگەر خۆتان بە پێشمەرگە دەزانن، ئێمەش پێشمەرگەین، رۆژێک خراپەمان بەرانبەرتان نەکردووە، چەکمان لە دژی داگیرکەران هەڵگرتووەو ئەوەش ئێمە نین کە لە ژێر هیچ بارێکدا چەک دابنێین»چەکدارانی قیادە موەقەتە تێگەیشتن لەوەی کە خۆیان رادەست ناکەن، بۆیە دەستیان بە تەقەکردن کرد، هەر شەش پێشمەرگەکەش ئازایانە بەرگریان کرد،

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ ١٩٧٥-١٩٧٨، ل ل ١٢١-١٢٣.

[٣] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلام ئەحمەد محەمەد، ٢٠٢٠/٥/١٣ لە بینای دەزگایی میدیایی بادینان - دهۆک.

شەڕێکی سەخت بەرپابوو، لە ئاکامدا هەر یەک لە (عەبدولجەبار عەبدولغەنی سندی و فوئاد مەلا موسڵیح) [١] شەهید بوون، چوار پێشمەرگەکەی دیکەش کشانەوە، بەدرێژایی دوو رۆژی دواتر بە دوای رێڕەوێکی ئارامدا دەگەڕان بۆ ئەوەی بگەنە سنووری عێراق سوریا، لەو ماوەیەشدا چەکدارانی قیادە موەقەتە بەدوایاندا دەگەڕان، هەر چواریان گەیشتنە ناوچەی (خراب دێم)ی سەر بە ناحیەی (باتێل)ی سەر بە قەزای (سێمێل) لەسەر روباری دیجلە، بڕیاریاندا بە مەلە بپەڕنەوە، بەڵام (عیزەت سدیق) مەلەی نەدەزانی، هەرچەندە گەڕان لە شتێک تاکو پێی بپەڕێتەوە هیچیان دەستنەکەوت، روبارەکە سنووری نێوان هەردوو وڵات بوو، بە پەڕینەوەی لە هێزە عێراقییەکان و قیادە موەقەتەش دەربازیان دەبوو [٢].

سێ پێشمەرگەکەی دیکە نەیانتوانی هەڤاڵەکەیان بەجێبهێڵن، بۆیە پلان و ئاراستەکەیان گۆڕی (حوسێن ئەحمەد) لێپرسراوی سەربازی مەفرەزەکەی دهۆک، کەسێکی دەناسی کە پێشتر یارمەتیانی دابوو، ئەو کەسە شۆفێری گەڵابە بوو لە کارگەیەکی لم و چەو لەسەر روباری دیجلە لە ناوچەی (خراب دێم) خاوەنی کارگەکە ناوی (جەعفەر بێسفکی) بوو کەسێکی سەر بە حکومەتی عێراقی بوو، (حوسێن ئەحمەد) داوای لە شۆفێرکە

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کرد یارمەتیان بدات بۆ گەیشتن بە سنووری سوریا، ئەویش رازیبوو و پێیوتن: سبەی ئامادەبن بەیانی زوو لم ئەبەم بۆ سەر سنووری سوریا، بۆ شەوەکەی بە خاوەن کارگەی وت کە بەنیازە چوار پێشمەرگەی یەکێتی ببات بۆ سەر سنوور (جەعفەر) تووڕە بوو لێی و وتی: «نازانیت بە تەلاق سوێندم خواردووە کە دڵسۆزی حیزبی بەعس و دەسەلاتی عێراق بم؟ بۆ ئەم قسەیەم پێدەڵێی؟ سبەی بڕۆو بیانگوازەوە»دەستووبرد (جەعفەر) حکومەتی لە پلانی گواستنەوەی چوار پێشمەرگەکە ئاگادارکردەوە [١].

بۆ بەیانییەکەی هەر چوار پێشمەرگەکە سواری گەلابەکە بوون و کلاشینکۆفەکانیان لەناو لمەکەدا شاردەوە، گەلابەکە بەرەو شاری موسڵ کەوتەڕێ، کاتێک گەیشتنە گوندی (تەل عەدەس و منارە) کە دەکەوێتە باکوری شاری موسڵ و باشوری پارێزگای دهۆکەوە، بەربەستێکی ئەمنییان هاتەڕێ کە سریەیەکی هێزەکانی مغاویری لێبوو، بە پەلە (عەبدولڕەحمان شەنگالی) ٧٠ دیناری پێبوو و خستیە نێوان لاپەرەکانی دەفتەری تێبینییەکان و فڕێیدایە ناو بەردو گیای لێوار شەقامەکە، پارەکەشی بۆ ئەوە دانا تاکو هەر کەسێک دەفتەرەکەی دۆزیەوە لە بەر پارەکە تێبینی ئەو نەخشەو زانیارییە نهێنییانە نەکات کە لە دەفتەرەکەدا تۆمارکراوە[٢]، دەفتەرەکە نەخشەی رێگەو

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[٢] چاوپێکەوتن لەگەڵ م.خ.س لە ٢٠١٩/٥/٢٩، لە ماڵی لەشکر عەبدوڵا ئەحمەد

گوندەکانی ناوچەکەو ناوی ١٣٣ کەسی گوندەکانی ناوچەکەی تێدابوو کە مامەڵیان لەگەڵ کردوون.. لەبەربەستە ئەمنیەکەدا هەر چواریان دەستگیر کران و چەکەکانیشیان دۆزرانـەوە، لـەسـەر رێگەکەش مغاویرەکان دەفتـەری تێبینیەکانیشیان دۆزیەوە، ئەوەش ئەوە بوو کە (شـەنگالی) لێی دەترسا، دواتر هەر چواریان راپێچی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی دهۆک کران [١].

---

(لەشکر بادینی) لە شاری زاخۆ.

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## هێزە گەورەکەش خیانەتی لێدەکرێت

هێزەکەی دیکە کە لە (٢٠) کەس پێکهاتبوو، بە سەرکردایەتی (عیزەت شەنگالی) بەهەمان ئەو ڕێڕەوەی کە یەکەمجار لێوەی هاتن، بەرەو سنووری عێراق تورکیا کەوتنەڕێ، دوای چەند ڕۆژێک لە بڕینی ڕێگەی سەخت و خۆلادان لە ڕەبایە سەربازییەکانی عێراق و چەکدارانی قیادە موەقەتە، گەیشتنە گوندی (زێڤیا)ی سەر بە خێڵی (گویی)ی لەکوردستانی تورکیا، دوای پشوویەکی کورت (عیزەت شەنگالی)ژمارەیەک پێشمەرگەی بۆ سۆراغی مەفرەزەکەی (عەزۆ) نارد بۆ ناو گوندەکە، بەڵام خەڵکی گوندەکە خۆیان لە وەڵام دەدزیەوە، دوای چەند کاتژمێرێک ژمارەیەک دەمسپی گوندەکە چوونە شوێنی هێزەکەی یەکێتی و داوایان لە (عیزەت شەنگالی) کرد، تاکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی مەفرەزەکەی (عەزۆ) شوێنەکەیان بەجێبهێڵن و بڕۆن بۆ دۆڵێکی بچوکی نزیک گوندەکە کە تەنها ژمارەیەک درەختی بچوکی لێبوو، هێزەکە لەوێ جێگیر بوو، لە بەرەبەیانی ڕۆژی دواتر پێشمەرگەکانی یەکێتی بۆیان روون بووەوە کە خیانەتیان لێکراوە، ژن و پیاوی گوندی (زێڤیا)و گوندەکانی دەوروبەری کە سەر بە قیادە موەقەتە بوون، گەمارۆی گوندەکەیان دابوو، پیاوەکان چەکدار بوون و ژنەکانیش دارو بەردیان هەڵگرتبوو، داوایان لە هێزەکە کرد چەکەکانیان دابنێن و هەرچیان پێیە بیاندەنێ،

ئامانجی ئـەوان بەدەستهێنانی پـارەو پـول و تەقەمەنی و چەکەکانیان بوو نەک شۆڕش و کوردایەتی [١]، لێرەدا (عیزەت شەنگالی) هاواری بەسەردا کردن و داوای کرد واز لە بیرۆکەی هێرشکردنەسەریان بهێنن و بەهۆش خۆیاندا بێنەوەو ڕێگەیان بۆ بکەنەوە بـڕۆن و بـەدوای هەڤاڵەکانیاندا بگەڕێن، بەڵام گەمارۆدەرەکان رازینەبوون ڕێگەیان پێبدەن بڕۆن و دوبارە داوای چەکدانانیان لێکردن، (عیزەت) بە تووڕەییەوە هاواری لێکردن: «چەکم بۆ رزگاری کوردستان هەڵگرتووە، سوێندم خواردووە تالە ژیاندا بم چەک بۆ هیچ کەس و گروپ و لایەنێک دانەنێم، هەتا لە ژیاندا بم ئەم چەکەی من نابەن [٢]»..،

هەرکە (عیزەت) قسەکانی تـەواو کرد، تەقە دەستیپێکرد، پێگەی پێشمەرگەکان شوێنێکی ئاشکرابوو، نەبەردێک نەدارێک، هیچ شتێک نەبوو لە پاڵیدا شەڕبکەن، کاتژمێرێک شەڕ بەردەوام بوو، فەرماندەی هێزەکە (عیزەت شەنگالی)و هەریەک لە (سابیر عەرەب عەبدی و ئەحمەد عەجرەف خالید)شەهیدبوون و (عومەر ئیبراهیم رەشید)یش سەری بەسەختی پێکرا، کە فیشەکیان لێبڕا ١٧ پێشمەرگەکە خۆیان رادەستی گوندنشینەکان کرد[٣].

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.
٢ نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانۆبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨، ل ل ١٢١-١٢٣.
٣ چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ڕۆژێکی تەواو بە بێ نان و ئاو لە چنگی گوندنشینەکاندا مانەوە، لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی جنێو و تانەو تەشەر دەبوونەوە، هەرچیان پێبوو تەنانەت کاتژمێرو ئەموستیلەکانی پەنجەشیان لێسەندن، ڕۆژی دواتر هێزێکی قیادە موەقەتە گەیشتنە گوندەکەو دیلەکانیان وەرگرت و گوێزرانەوە بۆ گوندی (هەدریش) لەسەر سنووری عێراق تورکیا، لەوێ ٢٠ ڕۆژ بەدەستبەسەری مانەوە، لەو کاتانەدا هەر دوو پێشمەرگە، دوو چەکداری قیادە موەقەتە زیندانوانی دەکردن، بە ڕۆژ پێشمەرگەکانیان دەبرد بۆ دەرەوەی گوندو ئێواران لەگەڵ پاسەوانەکاندا بۆ نانخواردن و مانەوە دابەشی سەر ماڵەکانی گوندەکەیان دەکردن، خەڵکی گوندەکە ناچار دەکران نان و ئاوی پێشمەرگە دیلەکان و پاسەوانەکانیش بدەن، لە ترسی تەخوینکردن و دەستدرێژیکردنە سەریان نەیاندەوێرا ئەو کارە نەکەن، لە دوا ١٠ ڕۆژدا چەکدارانی قیادە موەقەتە داوایان لە پێشمەرگەکان دەکرد واز لە یەکێتی بێنن و پەیوەندی بەوانەوە بکەن، بەڵام سەرجەم پێشمەرگەکان ڕەتیاندەکردەوەو جەختیان دەکردەوە کە ئەوان پێشمەرگەی یەکێتین و هیچ پەشیمان نین لەوەی لە پێناو هەڵگیرسانی شۆڕشی چەکداریی نوێ کردوویانە، دوای ئەوەی بێئومێد بوون لە کڕینیان، ڕێنماییان لە بەرپرسانی قیادە موەقەتەوە بۆ هات بۆ لەناوبردنیان، لە ڕۆژی بیستەمدا پێشمەرگە دیلەکانی یەکێتی گواسترانەوە بۆ ناوچەی (کوماتە)ی

سنووریی، کە بارەگای سەرەکیی قیادە موەقەتەی لێبوو، لەوێ (هاشم ئەبو عەنتەر)کە خەڵکی شاری زاخۆ بوو سەرپەرشتی کوشتنی دیلەکانی کرد کە لەبەردەم ئەشکەوتی (باڤێ[1]) کۆیان کردنەوەو بە دەیان خۆفرۆشی خێڵی (گویی)و چەکدارانی قیادە موەقەتە کەوتنە تەقەکردن لێیان و خەڵتانی خوێنیان کردن، دواتر بەبێ ئەوەی تەئکید لەوە بکەنەوە ئاخۆ کەسیان لە ژیاندا ماون،.. خۆفرۆشەکانی خێڵی (گویی) سەرجەم تەرمەکانیان یەک لەدوای یەک گواستەوە بۆ ناو ئەشکەوتەکە بۆ ئەوەی ئاژەڵە دڕندەکان بیانخۆن یان بۆگەن بکەن و دواتر تەنها ئێسک و پروسکەکانیان بمێنێتەوە و شوێنەکەیان بەجێهیشت، دوای کاتژمێرێک یەکێک لە پێشمەرگەکان بەناوی (ئیبراهیم خەلیل فەقێ)لەناو تەرمەکان هەڵسایەوە، ئەو هیچ فیشەکێکی بەر نەکەوتبوو، بەڵکو لەهۆش خۆی چوو بوو (فەقێ) بە لەشی خوێناویەوە تەماشای خۆی و تەرمی هەڤاڵەکانی کرد، تووشی شۆک بوو، لەترسا بە پەلە پێش ئەوەی لەناو تەرمەکاندا بگەڕێت بۆ کەسێکی زیندوو یان بریندار، ئەشکەوتەکەی بەجێهێشت و هەڵهات، دوای ئەو (جاسم محەمەد ئەحمەد)یش هەڵسایەوە کە فیشەکێک بەر دەستی کەوتبوو، بەڵام سەراپای لەشی خوێنی پێوەبوو، ترس و شۆک دایگرتبوو، لە کاتێکدا بۆ

[1] ئەشکەوتی باڤێ دەکەوێتە گوندی باڤێ-ی نزیک سنووری تورکیا، لەدەڤەری کوماتا لە سنووری خێڵی سندی، ئەشکەوتێکی دێرینەو بەناوبانگە، گوندی باڤێ لەبەر ئەوەی لەسەر سنوور بووە، هەمیشە جێگای خۆحەشاردان و شەڕکرن بووە، ساڵانێکی زۆرە گوندەکە چۆڵ کراوە.

برینی دیکە لە لەشی دەگەڕا، تێبینی ئەوەی کرد لەناو تەرمەکاندا کەسێک دەجوڵێتەوەو هەوڵی دەرچوون دەدات، دەستی گرت و یارمەتی چوونەدەرەوەیدا، ئەو کەسەش (شەهید سەعید) بوو کە چەندین فیشەک رانی راستی پێکا بوو، بۆ ماوەیەک هەردووکیان لە ناو تەرمەکاندا لە کەسێکی دیکەی زیندوو گەڕان، بەڵام بۆیان روون بووەوە هەموویان شەهید بوونە، ئەوەشیان نەدەزانی کە لەناو تەرمەکاندا (ئیبراهیم فەقێ) دیارنییەو پێش ئەوان دەرچووە[1].

هەردووکیان بە چاوی گریانەوە لە تەرمی شەهیدەکانیان روانی و چوونە بەردەم ئەشکەوتەکە، تەماشایەکی شوێنەکەیان کرد چۆڵ بوو، بێدەنگیەکی سامدار باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشابوو، بڕیاریاندا لە ئەشکەوتەکە بێنە خوارێ و بۆ شیوێکی بچوک کە روباری خابوری پێدا دەڕۆیی، بڕۆن، لەوێ (جاسم محەمەد) بە (شەهید سەعید)ی وت: «چی بکەین، تۆ برینەکەت سەختەو قاچیشت شکاوەو ناتوانیت بە ئاسانی رێبکەی؟»، (شەهید سەعید) وەڵامی دایەوە: «دەتوانیت بڕۆی و ژیانی خۆت رزگار بکەیت.. بۆ کوێ دەتەوێت بڕۆ، منیش لێرە چاوەڕێی چارەنووسی خۆم دەکەم».، بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە (جاسم) ماڵئاوایی لە (شەهید سەعید) کردو بەپەلە لەنێو دارو دەوەنەکاندا ون بوو، تاگەیشتە رەبایەیەکی سنووری عێراقی و خۆی رادەستکرد، لەوێ دەستگیرکراو گواسترایەوە بۆ هەواڵگری سەربازی[2].

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## بەسەرهاتی (شەهید سەعید) و (سۆفی عومەر)

(شەهید سەعید)ی بریندار، دوای جیابوونەوی (جاسم) لە دۆڵە تەنگەکەدا لە رۆخی روباری خابور ٢٧ رۆژ بەبێ خواردن و دەرمان و تیمارکردنی برینەکان و بە قاچە شکاوەکەیەوە مایەوە، لەو ماوەیەدا ململانێی لەگەڵ ژیاندا دەکرد، لە رۆژانی یەکەمدا جگە لە گژو گیای لێواری روبارەکە هیچی دیکە نەبوو بیخوات، دوای چەند رۆژێک دەوریەیەکی سنووری سەربازی تورکی بینیان و لە روبارەکە پەڕینەوە سنووری عێراق و لێیانپرسی کێیەو بۆچی زامدارە؟ (شەهید سەعید) چیرۆکێکی دیکەی هەڵبەست و لێیانپاڕایەوە لەگەڵ خۆیاندا بیبەن، بەڵام ئەوەیان رەتکردەوەو هەندێ نانیان پێداو گەڕانەوە بۆ ناو سنوورەکانی خۆیان لە نزیک ئەو دۆڵەی (شەهید سەعید)ی لێبوو، بۆ رۆژی دواتر (شەهید سەعید) هەوڵیدا بگاتە سەر گردەکە کە رەبایە تورکیەکەی لێبوو، بەڵام تورکەکان ئاگاداریان کردەوە بگەڕێتەوە، ئەویش ناچار بە قاچی شکاوەوە گەڕایەوە بۆ دۆڵەکە، بۆنی پیسبوونی برینەکانی کاسی کردبوو، لەبرسا بەناو دۆڵەکەدا لە گژو گیا دەگەڕا بیخوات، چەند رۆژێکی بە خواردنی گژو گیاکان بردەسەر، لە خۆشبەختی (شەهید سەعید) سەربازە تورکەکان هەموو رۆژێک دەهاتن بزانن ماوە یان نا؟ چونکە گرەویان لەسەری دەکرد، هەر جارێکیش دەهاتن

پاشماوەی هەنێک نانیان بۆ دەهێنا، دوای چەند درۆژێکی دیکە (شەهید سەعید) تێبینی ئەوەی کرد کرم لە برینەکانی داوەو گۆشتەکەی دەخۆن، نەیزانی چی بکات و رۆژگاری داهاتوو چی لە هەگبەدایە بۆی؟، ترسی چارەنووس و مردنی کاوەخۆی لێنیشتبوو، بیری لای چەکدارەکانی سوپای تورک بوو کە تەنانەت ئامادە نەبوون یارمەتی بدەن یان تەنانەت زامەکانی تیمار بکەن، هەروها بیری لای چەکداران و لایەنگرانی قیادە موەقەتەو پاسەوانی سنووری عێراقی بوو کە دەیانویست بیکوژن، بەو حاڵە مایەوە تا شەوی (٢٧)ەم هەندێ کەسی بینی بە وڵاخەکانیانەوە دەهاتنە نێو دۆڵەکەوە، لەنێو دارەکاندا خۆی شاردەوە، چونکە وایزانی چەکدارانی قیادە موەقەتەن، چاوەڕێی کردن تاکو دوانیان بە نزیکیدا تێپەڕین، لە قسەو جل و بەرگەکانیاندا زانی کە ئەمانە چەکدارانی قیادە موەقەتە نین و قاچاخچین، هەر کە هەموویان گەیشتنە نزیکی شوێنی خۆشاردنەوەکەی هاواری کردو داوای یارمەتی لێکردن، قاچاخچییەکان راچڵەکین و هەڕەشەی کوشتنیان لێکرد، هەنگاو بە هەنگاو لە (شەهید سەعید) نزیک بوونەوە، کە بینیان پێکراوە، یەکێکیان وتی: «بیستوومانە یەکێکی بریندار لەم دۆڵەدا هەیە، بەڵام وامانزانی مردووە، ئایا تۆ ئەو کەسەی؟»، بە بەڵی وەڵامی دانەوە، قاچاخچییەکان زۆر سەرسام بوون بە خۆڕاگری و خۆڕادەستنەکردنی بە مردن، هاوسۆزییەکیان لەبەرانبەر پەیدا

کردو بەزەییان بەحاڵیدا هاتەوە، یەکێک لە قاچاخچییەکان پێیوت: «چەند رۆژێکی دیکە دێینەوە، ئەگەر لە ژیاندا مابیت لەگەڵ خۆمان دەتبەین[١].

قاچاخچییەکان هەندێک نانیان پێداو بەجێیانهێشت، پاش نزیکەی دوو کاتژمێر لە رۆیشتنیان و لە کاتێکدا (شەهید سەعید) بەدەم خواردنی ئەو نانەی کە بۆیان جێهێشتبوو بیری لە حاڵی خۆی دەکردەوە، گوێی لە دەنگی ئەسپ و چەند کەسێک بوو کە لێینزیک دەبوونەوە، کە گەیشتنە لای بینی ژمارەیەک لە قاچاخچییەکانن و گەڕاونەتەوەو پێیانوت لەگەڵ خۆمان دەتبەین بۆ شوێنێکی ئارامتر، سواری پشتی ئەسپەکەیان کردو بردیان بۆ شوێنێک لەسەر رۆخی روبارەکەو نزیک لە گوندی (ئێکمالا مەرگێ) لەنزیکی سنووری عێراق تورکیا لە دیوی عێراق، لەوێ پێیانوت: «لێرە بمێنەوە، رەنگە خەڵکی دیکە بتدۆزێتەوەو یارمەتیت بدات، چونکە ئێمە ناتوانین بۆ گوندەکەی خۆمانت بەرین»، جارێکی دیکە (شەهید سەعید) خۆی لەتەنیایی و گۆشەگیریدا بینیەوە، تروسکاییەک هیوای لەبەرچاودا نەما بۆ رزگاربوون.

قاچاخچییەکان گەڕانەوە بۆ گوندەکەی خۆیان کە ناوی (هەتریش)ە لەسەر سنوور، لەوێ بە مام (سۆفی عومەر) مامی گەورەو دەمسپی دێیەکەیان وت: «گەنجێکی بریندارمان بینیوەتەوە کە پێشمەرگەی یەکێتییەو لەگەڵ خۆماندا هێنامان،

---

١ چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەڵام لە نزیک گوندی (ئێکمالا مەرگێ) بەجێمانهێشت»، (سۆفی عومەر) لێیانتوڕە بوو، پێیوتن: «لە دابونەریتی ئێمەدا نییە، پیاوێکی بریندار لەدەشتودەر بەجێبهێڵین، بگەڕێنەوەو لەگەڵ خۆتاندا بیهێنن، بەڵکو بتوانم چارەسەری بکەم»، رۆژی دواتر ژمارەیەک گەنجی گوند چوون بۆ ئەو شوێنەی (شەهید سەعید) یان لێدانا، خۆشبەختانە لە شوێنی خۆی نەجووڵابوو، سواری پشتی ئەسپێکیان کردو کەوتنەڕێ، (شەهید سەعید) لێیپرسین: «بۆ کوێم دەبەن؟»لەوەڵامدا وتیان: «بۆ گوندەکەمان، مامێکی گەورەمان هەیە گەورەی گوندەکەشمانە، ئەو چارەسەرت دەکات و گرنگیت پێدەدات»، کە گوێی لەو قسانە بوو، هەستێکی خۆش دایگرت، لەهەموولایەکەوە هیوا رووی تێکرد، ئەو کە بیری لەمردن دەکردەوە، ئێستا بیری لای ژیانە[١].

(شەهید سەعید)ی برینداری تەمەن ٢٢ساڵیان برد بۆ گوندی (هەتریش)، بە هۆی ئازارو شەکەتیی جەستەیی و دەروونیەوە، نەیدەتوانی لەسەر پێیەکانی بوەستێت (سۆفی عومەر) فەرمانیدا بیبەن بۆ یەکێک لە باخەکانی لە دامێنی چیاکەو بە باشی نان و ئاوی پێ بدەن، هەروەها ئاگرێکی بۆ بکەنەوە تاکو خۆی دەچێت بۆلای و تیماری دەکات، ئەو شەوە (شەهید سەعید) لەو باخەدا مایەوەو هەر بیری لە چارەنووسی خۆی دەکردەوە، چارەنووسی هەڤاڵە پێشمەرگەکانی تووشی خەمۆکی کردبوو، بۆ سپێدەی رۆژی دواتر (سۆفی عومەر)

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بە قاوەڵتیەوە گەیشتە لای، هەروەها بڕێکی زۆر هەنگوینی سروشتیی چیایی لەگەڵ خۆی هێنابوو، داوای لێکرد رۆژانە لەو هەنگوینە بخوات، چونکە سووری خوێنی چالاک دەکاتەوە، پاش ئەوە کەوتە چارەسەرکردنی قاچە زامدارو شکاوەکەی، بەدرێژایی چەند رۆژێک (سۆفی عومەر) بەیانی و ئێوارە خواردن و ئاو و دەرمانی بۆ دەبردو تیماری زامەکانی دەکردو ئاگری بۆ دەکردەوە تا سەرمای نەبێت، چونکە لە کۆتایی مانگی نۆدا بوو لەو کاتانەشدا کەشوهەوای گوندو شاخەکانی کوردستان بەشەوان سارد دەبێت، دوای چەند رۆژێک (سۆفی عومەر)، (شەهید سەعید)ی بردەوە بۆ ماڵی خۆی لەناو گوندەکە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە بەباشی بایەخی پێبدات و چارەسەری قاچە شکاوەکەی و برینەکانی بکات [١].

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو

## چارەنووسی هەڤاڵە دەستگیرکراوەکان

لە کاتێکدا (شەهید سەعید) لەدوای دەرچوونی لەئەشکەوتی (باڤێ)ەوە بەدەست زامەکانی دەینالاند، (عەبدولڕەحمان شەنگالی) و ٣ هەڤاڵەکەی کە لەڕێگەی ناپاکی و غەدرەوە لەسەر ڕێگەی موسڵ لەکاتی هەوڵی ڕۆیشتن بۆ سوریا دەستگیرکران، بۆ ماوەی نزیکەی ٢ مانگ لە ژوورەکانی ئەمنی دهۆکدا بوون، لەدوای دەستگیرکردنی ئەو ٤ کەسە کە پێکهاتبوون لە (حوسێن ئەحمەد ئەحمەد، لێپرسراوی سەربازی مەفرەزەکەی دهۆک، عەبدولڕەحمان شەنگالی، لێپرسراوی سیاسی مەفرەزەکەی ئامێدی و هەردوو پێشمەرگە: (ڕەشید محەمەد عەبدولڕەحمان و عیزەت سدیق کەریم خورانی) بە مانگێک، ٢٥ کەس بە تۆمەتی هاوکاریکردنی مەفرەزەکەی (ئامێدی) دەستگیرکران، ئەو تۆمەتەی کەدەسەڵاتی عێراقی ئاراستەی کردبوون بریتبوو لە(پشتگیریکردنی تێکدەران بۆ بەرژەوەندی وڵاتێکی بیانی) لەوانەی بەهۆی بوونی ناویان لە دەفتەری تێبینییەکانی (عەبدولڕەحمان شەنگالی)دا هەبوو دەستگیرکران بریتیبوون لە: (مەجید لاوەند سەعید – ئەنجومەنی گوندی سەرگەلی، محەمەد سەعید کونجی، ئیسماعیل ئەحمەد، سدیق ئیسماعیل، ئەحمەد شاترا، فەریق حامید دۆسکی، کەریم دووکەری، سدیق دووکەری، ڕەجەب پاسی، ڕەشید کەنعان پاسی، حەسەن سیسۆ پاسی، هەر سێ برا کە خەڵکی گوندی غوڵدیان بوون: فەتحی

و یاسین و حوسێن عەبدوڵا، عەلی ئەحمەد باتوفی، خەلیل ئەحمەد باتوفی)، پاش مانەوەی (عەبدولڕەحمان شەنگالی) و ٣ هەڤاڵە پێشمەرگەکەی بۆ ماوەی ٢ مانگ و مانەوەی هاوکارانیان بۆ ماوەی مانگێک لەئەمنی دهۆک و تەواوبوونی لێکۆڵینەوە بەراییەکان، گواسترانەوە بۆ ئەمنی موسڵ، دوای یەک شەو مانەوە لەوێ گواسترانەوە بۆ (هەیئەی ئەمنی خاسە لە کەرکوک)، کە تایبەت بوو بە تۆمەتباران و دەستگیرکراوانی کورد، لەژووره تاریک و شێدارو گەرمەکانی هەیئەی ئەمنی خاسە، بۆ ماوەی سێ مانگ بەبێ هۆکارەکانی ژیان و ئاودەست و فێنککەرەوە مانەوە، بەدەیان کەس لە ژورێکدا دانران، لەو ٣ مانگەدا دوچاری ئەشکەنجەی دەروونیی بەردەوام دەبوونەوە، لەلێکۆڵینەوەکانی دهۆک و کەرکوکدا (عەبدولڕەحمان)و سێ هەڤاڵە پێشمەرگەکەی ئیعترافیان لەسەر هیچ کام لەوانە نەکرد کە بەهۆیانەوە دەستگیرکرابوون، بەڵکو بەرگرییان لێدەکردن، بەڵام سەبارەت بە خۆیان بەهەموو بوێریەکەوە، دانیان بەوەدا نا کە پێشمەرگەی یەکێتین و پەشیمان نین لە جێبەجێکردنی ئەرکی نەتەوەیی و دۆزە ڕەواکەیان کە بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کوردە[1].

ڕۆژێک زیندانییەکی نوێ هات بۆ هەیئەی ئەمنی خاسە، بەبینینی (عەبدولڕەحمان)و سێ پێشمەرگەکە تاسان، زیندانییە نوێیەکە (جاسم محەمەد ئەحمەد)ی پێشمەرگە بوو،

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کە یەکێک بوو لە سێ رزگاربووەکەی ئەشکەوتی (باڤێ)و (شەهید سەعید)ی هاوڕێی بەبرینداری بەجێهێشت و خۆی رادەستی رەبایەیەکی سەربازیی عێراق کرد، (عەبدولڕەحمان) بەپەلە پێیوت: «نەخەڵەتێی ئیعتراف لەسەر ئەوانە بکەیت کە هاوکارییان کردووین»، بەڵام ئەو نەیدەزانی (جاسم) پێشتر لەکاتی خۆڕادەستکردندا دانی بە هەموو شتێکدا ناوە، (عەبدولڕەحمان)سەبارەت بە چارەنووسی هێزە گەورە ٢٠ پێشمەرگییەکە بەسەرکردایەتی (عیزەت شەنگالی) پرسیاری لێکرد کە چووبوون بۆ گەڕان بەدوای مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ)، (جاسم)یش تەواوی رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە کە چۆن ناپاکیان لەگەڵدا کراوە و چۆن بەشێوەیەکی نامرۆڤانەو بێڕەوشتانە کۆمەڵکوژ کران. (عەبدولڕەحمان)و هەڤاڵەکانی بەرگەی ئەو هەواڵە ناخۆشەیان نەگرت و بۆ مەرگی هەڤاڵان و چارەنووسی شۆڕشە نوێیەکەیان دایان لە قوڵپی گریان و فرمێسک بەچاویاندا هاتەخوارێ [1].

دوای سێ مانگ هەموویان راپێچی دادگایەکی رووکەشی بەسەرۆکایەتی ئەفسەرێکی بەعەسی بە پلەی رائیدو بەناوی (عەبدوڵا)کران، یەک لەدوای یەک خرانە قەفەسی دادگاییکرنەوە، سەرەتا (عەبدولڕەحمان)و هەڤاڵە پێشمەرگەکانی بانگران، بەتۆمەتی (کاری تێکدەرانە بۆ بەرژەوەندی وڵاتێکی بیانی)

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بە لەسێدارەدان تامردن حکومدران[1]، دواتر بەتۆمەتی (هاوکاریکردنی تێکدەران بۆ بەرژەوەندی وڵاتێکی بیانی)هەر یەک لە: (رەشید کەنعان پاسی، محەمەد سەعید کونجی، ئیسماعیل ئەحمەد) بە ١٠ ساڵ زیندانی و هەر یەکە لە (فەتحی عەبدوڵا غولدی و خەلیل عەبدوڵا غولدی) بە ٨ ساڵ زیندانی و (مەجید لاوەند سەعید) بە ٧ ساڵ زیندانی و زۆربەی ئەوانی دیکەش بە ٥ ساڵ و مانگێک زیندانی حوکم دران. (یاسین عەبدڵاو مەلا حەسەن سادق بادینی)ش ئازادکران، لە هەموویشی سەیرتر ئەوە بوو کاتێک دادوەرە سەربازییەکە دوای راگەیاندنی حوکمەکان پرسی:"کێ حوکمەکەی خۆی نەزانی؟"، کەسێک بە دەنگێکی نزم بە (مەجید لاوەند)ی وت:"ناوم نەخوێندرایەوە، من عەرەبی نازانم، تکایە پرسیارێکی چارەنووسم بکە"..،

(لاوەند)یش دەستی هەڵبڕی و وتی «ئەم کەسە حوکمەکەی خۆی نازانێت»، دادوەرەکەش پرسیاری ناوەکەی کرد، لە وەڵامدا وتی: «ناوی عەلی ئەحمەد عەبدوڵایە»، دادوەرەکەش راستەوخۆ وتی: وەکو ئەوانی تر بە ٥ ساڵ و مانگێک زیندانیی حوکم درای!»، دادگاییەکە بەو شێوەیە رووکەشی بوو[2].

دوای ئەوەی سەرۆکی دادگا حوکمەکانی خوێندەوە، (عەبدولڕەحمان) لە دادوەری پرسی: «دەتوانین پیاهەڵچوونەوە بە حوکمەکەدا بکەین؟»، لەوەڵامدا سەرۆکی دادگا بە

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ م.خ.س هەمان سەرچاوەی پێشوو.
[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گاڵتەجارییەوە وتـی: «ئەمە حوکمی زاتییەکەی خۆتانە»، وەکو ئاماژەیەک بۆ حوکمی زاتییە کارتۆنییەکەی کە ساڵانی ١٩٧٠-١٩٧٤ بە کورد درابـوو، لێرەدا (عەبدولڕەحمان) وتی: «شانازی بەخەباتی خۆمەوە دەکەم، ئێمە هاتووین بمرین نەک بژین»دواتر بە دادوەرەکەی وت: «بۆچی ئەوانە حوکم دەدەی؟ ئەوان پێشمەرگە نین، ئەگەر من و هەڤاڵە پێشمەرگەکانم لەناکاو بەچەکەوە خۆمان بکردایە بەماڵتاندا ئایا تۆش هاوکاریت نەدەکردین و نانت پێنەدەداین؟ بێگومان لەترسی ژیانی خۆت و ماڵ و منداڵت ئەوەت دەکـرد»، (مەبەستی عەبدولڕەحمان ئەوە بوو پێداچوونەوە بە حوکمی ئەوانەدا بکرێت کە بەهۆی ئەوانەوە دەستگیراون[١].

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی هەمان سەرچاوەی پێشوو

## چـــارەنـــووســـی (ئـیــبراهــیــم عـــــەزۆ)و حەوت هەڤاڵەکەی[1]

بەهۆی دژایەتیکردنی قیادە موەقەتە بۆ بزووتنەوە کوردییە نوێیەکە بە رابەرایەتی (مام جەلال) و هەوڵە چڕەکانی بۆ هاندانی خێڵە کوردییەکانی باکوری کوردستان لە دژی مەفرەزەکانی یەکێتی کە کفنی خۆیان لەسەر دەست نابوو و قوربانیان بە هەموو شتێک دەدا بۆ سەرخستنی دۆزی کورد و هەڵگیرسانی شۆڕشی نوێ، هەروەها بەهۆی دژایەتیکردنی چوار مەفرەزەکە و پیادەکردنی ناپاکی و غافڵکوژیی قیادە موەقەتە لە بەرانبەریان، پلانی دۆزینـەوەی مـەفـرەزە ناوەندییەکەو رزگارکردنیان شکستی هێنا.

(ئیبراهیم عەزۆ) و حەوت هەڤاڵەکەی کە زۆربەیان کادر بـوون، دوای ئـەوەی لە ماڵی ئەنجومەنی گوندی (نیرۆەە)ی سنووری خێڵی (گویی)لە کوردستانی تورکیا دەستگیرکران و رادەستی چەکدارانی (قیادە موەقەتە)کران، لە ئەشکەوتێکی گـونـدی (حـەفـتـەنـیـن) نـزیـک سـنـوری تـورکـیـا لـە سـنـووری خێڵی سندی بۆ چەند رۆژێک دەستبەسەر بـوون، لە ترسی ئـەوەی نـەوەک دەمسپیانی خێڵە کوردییەکانی تورکیا بەدەم بانگەوازەکانی (د.د.ک.د[2])ەوە بچن بۆ ئازادکردنی (ئیبراهیم

---

[1] بەداخەوە چارەنووسی سێ لە هەڤاڵان بەنادیاری ماوەتەوە بۆمان ساغ نەبووەتەوە.

[2] (د.د.ک.د) کـورتـکـراوی نـاوی رێکخراوێکی سیاسی چەپە (رێکخراوی شۆڕشگێڕانی دیموکراتی کلتوری)، لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابردوو لەسەر

عەزۆ)و هەڤاڵەکانی، (قیادە موەقەتە) بۆ ماوەی سێ مانگ لە تەویلەی ئاژەڵان و ئەشکەوتەکانی سنووری هەردوو خێڵی (سندی – عێراق و گویی – تورکیا) دەستبەسەری کردبوون، ئەمە سەرەڕای ئەو نامانەی (مام جەلال) کە ئاراستەی قیادە موەقەتەی دەکردن و داوای ئازادکردنی مەفرەزەکەی دەکرد، بەڵام قیادە موەقەتە هەموو ئەو بانگەوازانەی رەتدەکردەوە [1].

لە گوندێکەوە بۆ گوندێکی دیکە[2]، وەرزی پایز کەشوهەوا هێدی هێدی ساردی دەکرد، رۆژانە هەر هەشت پاسەوانەکانیان دەیانبردن بۆ کۆکردنەوەی دارو سووتەمەنی بۆ بارەگای چەکدارانی قیادە موەقەتە، رۆژێک دوو لە پاسەوانەکان کە کوردی سوریا بوون، لەگەڵ (ئیبراهیم عەزۆ) رێککەوتن تاکو لە کاتی داربڕیندا ئازادیان بکەن، سیناریۆکەش بەم شێوەیە بوو: ( کە دەچن بۆ دار بڕین، هێرش دەکەنە سەر دوو پاسەوانەکە و قۆڵبەستیان دەکەن و چەکەکانیان دەبەن و هەڵدێن)، پلانەکە وەکو خۆی بەڕێوەچوو، کە دەرچوون بۆ دار بڕین (ئیبراهیم عەزۆ)و هاوڕێکانی هێرشیان کردەسەر دوو پاسەوانەکەو قۆڵبەستیان کردن و چەکەکانیان بردن و هەڵهاتن، بەڵام یەکێکیان رازی نەبوو لەگەڵیان هەڵبێت، (قادۆ) کە خەڵکی کوردستانی سوریا

---

دەستی ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆیی کورد لە باکوری کوردستان دروست بووە، ئەم رێکخراوە چەندین جار هاوکاری یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی کردووە لە گواستنەوەی کادرو پێشمەرگەو چەک بۆ ناو خاکی عێراق.

[1] نەوشیروان مستەفا ئەمین، ١٩٧٨، ل ل ١٢١-١٢٣.

[2] رێبوار ساڵح، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٣٢.

بوو بە پاساوی ئەوەی ناتوانێت رابکات و لە دەرئەنجامەکەی دەترسێت، پێیوتن کە شوێنەکە جێناهێڵێت، (ئیبراهیم عەزۆ) و هاوڕێکانی نەیاندەزانی کە (قادۆ) لەماوەی زیندانییەکەیاندا بۆتە سیخوڕی قیادە موەقەتە بەسەریانەوە، پاش ماوەیەکی کەم لە هەڵاتنی (عەزۆ) چەکدارانی قیادە موەقەتە پێیانزانی[1]، تا نزیکی سنوورەکانی خێڵی سندی لە ناوچەی (کیرانشێ)ی نزیک گوندی (حەفتەنین) لەسەر سنووری عێراق تورکیا دوایان کەوتن، لەوێ (ئیبراهیم عەزۆ) هەڵوەستەی کردو بڕیاری دا تامردن شەڕ بکات [2]، (سۆلاقا تۆما) پێشمەرگە کریستیانەکە لێیپاڕایەوە بەردەوامبن لە راکردن، چونکە شەڕکردن بە دوو چەک و چەند فیشەکێکەوە ئاکامی باش نابێت، بەڵام (عەزۆ) سوور بوو لەسەر شەڕکردن و بە (سۆلاقا)و ئەوانی دیی وت: «ئێوە هەڵبێن، من دەوەستم و شەڕ دەکەم و دوایان دەخەم، تا ئێوە دوور دەکەونەوە، من زەلیلی دەستی ئەوانەم چێشتووە، تا تۆڵە نەکەمەوە لە شوێنی خۆم ناجووڵێم» (سۆلاقا) یەکێک لە چەکەکانی بردو لەگەڵ (خەڵەف حامید) ناسراو بە (عادیل میرانی) لە شوێنەکە دوور کەوتنەوە [3]، (ئیبراهیم عەزۆ و مستەفا موحسین) مانەوە، لەوێ لەنزیک (کیرانشێ) (ئیبراهیم

---

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سدیق مستەفا ئیبراهیم (مەلا سدیق) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[2] چاوپێکەوتن لەگەڵ لەشکر عەبدوڵآ ئەحمەد ناسراو بە (لەشکر بادینی) ٢٠١٨/٥/١ لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات لە شاری دهۆک.

[3] چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد ، سەرچاوەی پێشوو.

عەزۆ) لە شەڕێکی نابەرانبەرو بوێرانەدا تادوا فیشەک جەنگا، بەوپەڕی ئازایەتی و جوامێرانە خۆی و (مستەفا موحسین) شەهید بوون [١].

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## چارەنووسی سۆلاقا و خەڵەف

(سۆلاقا تۆما و خەڵەف حامید)خۆیان گەیاندە شاری جزیرەی بۆتان لە باکوری کوردستان، لەوکاتەدا یەکێتی مەفرەزەیەکی سێ کەسی (سوسەکردن)ی بچووکی ناردبوو بۆ کوردستانی عێراق بۆ سۆراخی چوار مەفرەزەکە، یەکێک لە ئەندامانی مەفرەزەکە (مەلا سدیق) بوو، مەفرەزەکە رۆیشتن بۆ سنووری خێڵی سندی و چەند رۆژێک لەوێ مانەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەوتنە سۆراخی پێشمەرگەکانی یەکێتی، بەڵام هیچیان دەستنەکەوت، دووان لە ئەندامانی مەفرەزەکە گەڕانەوە بۆ کوردستانی تورکیا، (مەلا سدیق) بەتەنیا مایەوەو بەرەو سنووری خێڵی دۆسکی کەوتەڕێ بۆ بەدواداچوونی زیاتر سەبارەت بە چارەنووسی چوار مەفرەزەکە، لە گوندی (کەمەکا) پێیانڕاگەیاند کە هێزێکی یەکێتی لە گوندی (ئەحمەد سمی)ی نزیک گوندی (برجین) لەکاتی نانخواردندا هێرش کراوەتە سەریان و دوای شەڕێک لەگەڵ چەکدارانی قیادە موەقەتە دووانیان لێ شەهید بووە، دوای کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە چارەنووسی پێشمەرگەکانی یەکێتی، (مەلا سدیق) گەڕایەوە شاری جزیرەی بۆتان، لەوێ برادەرێکی کە لە خێڵی (گویی) بوو پێیوت کە (ئیبراهیم عەزۆ) لەکاتی هەڵهاتنی لە زیندانی چەکدارەکانی قیادە موەقەتە شەهید کراوە[1].

دوای مانەوەی بۆ چەند رۆژێک لە جزیرەی بۆتان، (مەلا

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سدیق مستەفا ئیبراهیم (مەلا سدیق) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

سدیق) ئەوەی زانی کە دوو لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ) توانیویانە هەڵبێن و لە ئێستادا لە ماڵی (عەبدولحەمید حاجی)ن کە لێپرسراوی لیژنەی ناحیەی زوماری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لەسەروبەندی شۆڕشی ئەیلولدا، دوای هەرەسی شۆڕشیش بووەتە لایەنگری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، دوای بیستنی هەواڵەکە راستەوخۆ (مەلا سدیق) رۆیشت بۆ ماڵی (عەبدولحەمید) لە جزیرەی بۆتان و چاوی بە (سۆلاقا تۆما و خەڵەف حامید) کەوت، پاش دوو رۆژیش توانییان بیانگوازنەوە بۆ شاری قامیشلۆ لە کوردستانی سوریا و رادەستی سەرکردایەتی یەکێتییان بکەن[١].

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سدیق مستەفا ئیبراهیم (مەلا سدیق) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

## مام جەلال.. خەمباری و ڕەخنە لەخۆگرتن

سەرکردایەتی یەکێتی بە چارەنووسی (ئیبراهیم عەزۆ)ی سەرکردەی هەر چوار مەفرەزەکەو هەڤالانی لە مەفرەزە ناوەندییەکەیان زانی، ئەوەش زۆر کاری تێکردن، بەتایبەتی (مام جەلال)زۆر خەمبار بوو بە شەهید بوونی (ئیبراهیم عەزۆ) و پۆلێک پێشمەرگەی یەکێتی بە ڕادەیەک لە زۆر بۆنەدا (مام جەلال) وتوویەتی: «بەداخەوە ئەو برادەرانە، چوونەناوەوە، پەیوەندییان لەگەڵ ئێمە پچڕا، جێی داخ و ئەسەفە ئەوکاتە نەمانتوانی بێسیمێکیان بدەینێ، بۆئەوەی بتوانن لەگەڵ ئێمە پەیوەندی بکەن و ئاگامان لێیانبێت. ئەگەر پەیوەندیمان لەگەڵیان هەبوایە، توشی ئەو گیروگرفتانە نەدەهاتن، بەهیچ جۆرێک چاوەڕێی بەربەرەکانیمان لەوانەوە نەئەکرد (مەبەستی پارتییە) چونکە ئێمە نەماندەزانی ئەوان شەڕمان لەگەڵدا دەکەن، برادەرانی ئێمە هێشتا جێیخۆیان نەگرتبوو، ئەوان بەفێڵ کۆمەڵێکیان گرتن و کوشتیانن. لەجیاتی ئەوەی یارمەتی و هاوکاری و پشتیوانیان لێبکەن، کەچی دەستیانکرد بە کوشتن و لەناوبردنی ئەو تێکۆشەرە قارەمانانەی چوبوونەوە شۆڕش هەڵگیرسێننەوە، لەو کارە ناجوامێرانەدا هاوکاری تەواویان لە ئاغاو دەرەبەگە خائینەکانی کوردستانی تورکیا وەرگرت. بەداخەوە زۆر هەوڵماندا دۆستایەتی لەگەڵ مەسعود و ئیدریس بارزانی دروستبکەین، بەڵام بێ ئەنجام بوو»[١].

[١] مام جەلال، دیداری تەمەن، بەشی دووەم، هەمان سەرچاوەی پێشووتر، ل ٥٥-٥٧

سەرکردایەتی یەکێتی لە سوریا چارەنووسی (ئیبراهیم عەزۆ)و هەڤاڵە پێشمەرگەو کادرەکانی لە مەفرەزەی بانگەشەی چەکدارییان زانی، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی و کۆمەڵە لە پارێزگای سلێمانی، تەنها لە سەردانی یەکەمی وەفدە نهێنییەکەی کۆمەڵە بۆ دهۆک چەند زانیارییەکی پشتڕاست نەکراوەیان لە (غەنی شاباز)ەوە دەزانی، بۆیە جارێکی دیکە (ئارام) داوای لە (مەلا بەختیار)کردەوە بچێت بۆ دهۆک، پاش چوونیشی بۆ دهۆک و بینینی (غەنی شاباز)، بەوەی زانی کە (جەلیل شاباز) دەستگیرکراوەو هەموو ئەو زانیارییە زۆرانەشی پێدا کە سەبارەت بە (عەزۆ)و هاوڕێکانی لای بوو، ئەویش گەڕایەوە بۆ سلێمانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی لە چارەنووسی مەفرەزەکەی بادینان ئاگادار کردنەوە[١].

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، چاوپێکەوتن لەگەڵ غەنی عەبدوڵا شاباز.

## چارەنووسی ناپاکێك

دوای ماوەیەکی کەم لە گەڕانەوەی (سۆلاقا تۆما و خەڵەف حامید) بۆ سوریا، دەسەڵاتی ئەمنی سوری (خەڵەف)یان بە تۆمەتی سیخوڕیکردن بۆ بەرژەوەندی عێراق دەستگیرکرد، دواتر لە چوارچێوەی رێککەوتننامەی سیخوڕ گۆڕینەوەی نێوان عێراق و سوریا ئازادکراو پاش ماوەیەک چووە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە[1].

(قادۆ)ی خەڵکی کوردستانی سوریا کە لەگەڵ هاوڕێیانیدا هەڵنەهات و ببووە سیخوڕی قیادە موەقەتە بەسەر (ئیبراهیم عەزۆ)و هاوڕێکانیەوە، بە فەرمانی قیادە موەقەتە گەڕایەوە قامیشلۆ، بۆ تیرۆرکردنی (حوسێن بابە شێخ) سەرکردەی یەکێتی، لە بەرانبەر بڕێکی زۆر لە پارەو ئیمتیازات، لە قامیشلۆ بە سەرکردایەتی یەکێتیی وت کە دوای شەهیدکردنی (ئیبراهیم عەزۆ) توانیویەتی لە چنگی چەکدارانی قیادە موەقەتە هەڵبێت و هاتووە بۆ سوریا تا لە ریزەکانی یەکێتیدا درێژە بە خەبات بدات، هەرچەندە سەرکردایەتی یەکێتی بڕوایان پێینەبوو، بەڵام وەریانگرتەوەو خرایە ژێر چاودێرییەوە، (قادۆ) برایەکی دیکەشی لەگەڵ پێشمەرگەی یەکێتی بوو، قەناعەتی پێهێنا هاوکاری بێت لە جێبەجێکردنی پلانی تیرۆرکردنی (حوسێن بابە شێخ)، بەڵام پێش جێبەجێکردنی پلانەکە، ئاشکرابوون و

[1] چاوپێکەوتن لەگەڵ سدیق مستەفا ئیبراهیم، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەستگیرکران، پاش ماوەیەیەک دەستبەسەربوون ئازادکران، (قادۆ) ڕۆیشت بۆ کوردستانی تورکیاو لەوێ سیخوڕی بۆ عێراق دەکرد، ناوبەناو خۆی دەگەیاندە ڕەبایە سەربازییەکانی پاسەوانانی سنوری عێراقی و زانیارییەکانی پێدەدان، تا ڕۆژێک مینێک پێیدا دەتەقێتەوەو دەستبەجێ دەمرێت[١].

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سدیق مستەفا ئیبراهیم، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# نامەیەکی کاریگەری (عەبدولڕەحمان شەنگالی) بەر لە سێدارەدانی بۆ (مام جەلال)

سەبارەت بە چارەنووسی (عەبدولڕەحمان شەنگالی) و چوار هەڤاڵەکەی کە لە هەیئەی ئەمنی خاسەی کەرکوک بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچـوو، گواسترانەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندی موسڵ و لە ٣٠ی ئاداری ساڵی ١٩٧٧ لە قاوشی لەسێدارەدانی بەندیخانەکەدا بڕیاری لەسێدارەدانیان جێبەجێکراو گەیشتنە کاروانی سەرەتایی شەهیدانی مەفرەزەکانی بانگەشەی شۆڕشی چەکداری یەکێتی، پێش جێبەجێکردنی حوکمەکەش بە چەند کاتژمێرێک، (عەبدولڕەحمان شەنگالی) نامەیەکی بۆ (مام جەلال) نووسی کە ئەمە دەقەکەیەتی: -

**«کوردستان یان نەمان**

**دوای ئـاگـادارکـردنـەوەمـان لـە جێبەجێکردنی حوکمی لەسێدارەدان بە سێ کاتژمێر**

**مامۆستای تێکۆشەر جەلال تاڵەبانی بەڕێز**

**سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە:**

**لەکاتێکدا لە سایەی ئامانجەکانی کۆمەڵەدا روحی خۆم دەکەمە قوربانی دۆزی گەلەکەم، تکام وایە شەرەفی ئەندامێتیم**

**پێببەخشن و دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە کوردستانی عێراقدا بۆنەیەکی شایستە بۆ یادکردنەوەمان سازبکەن و بایەخ بە خێزانەکانمان بدەن، هەروەها حوکمی مردن بەسەر ئەو ناپاکانەدا جێبەجێ بکەن کە بوونە هۆی دەستگیرکردنمان، ئەوەی دەینووسم لەبەرانبەر لەسێدارەدانم نییە، بەڵکو بەخشینی روحم لە پێناوی دۆزی گەلەکەم، هەڵقوڵاوی بڕوامە بەو پرەنسیپە پیرۆزانەی کە لە پێناویا خەبات دەکەین.**

**دڵسۆزتان**

**عەبدولڕەحمان حەسەن حوسێن شەنگالی**

**لە بەندیخانەی ناوەندی نەینەوا – قاوشی لەسێدارەدان**

**١٩٧٧/٣/٣٠».**

## چارەنووسی (شەهید سەعید) دوای چوار ساڵ لە میوانداری (سۆفی عومەر)دا

دوای ئـەوەی (شەهید سەعید) لـە گـونـدی (هەتریشێ) جێگیربوو، لەماڵی (سۆفی عومەر)و لەسەردەستیدا چارەسەری وەرگرت، پاش چەند مانگێک بە بینینی (ئیبراهیم خەلیل فەقێ) کە یەکێک بوو لە هەڤاڵە پێشمەرگەکانی واقی وڕما، کە ئەویش دوای هەڵسانەوەی لە نێو تەرمی پێشمەرگەکانی ناو ئەشکەوتی (باڤێ)خێرا خۆی گەیاندبووە گوندی (هەتریشێ)، (شەهید سەعید) بەسەرسوڕمانەوە لێیپرسی: «چۆن لە ئەشکەوتەکە رزگـارت بـوو؟»، لە وەڵامـدا وتی: «یەکەم کەس بووم دوای گولله بارانکردنەکە بەهۆش خۆم هاتمەوەو پەنام بۆ ئەم گوندە بردووەو خەڵکی گوندەکەش یارمەتیان داوم و تائێستاش لە چەکدارانی قیادە موەقەتە خۆم حەشارداوە، دوای چەند مانگێک لە خۆشاردنەوە، ناچار بوو خۆی رادەستی قیادە موەقەتە بکات و ببێتە پێشمەرگەیان، بەڵام چەکدارانی قیادە موەقەتە متمانەیان پێی نەبوو، پێیانوابوو هەر لایەنگری یەکێتییە، بۆیە دوای چەند مانگێک لە چوونی بۆ ریزەکانیان، رۆژێک راپێچی (زنجیرە چیای سپی)یان کردو لەوێدا کوشتیان.

دوای مـاوەیـەک لەکوشتنی (ئیبراهیم فەقێ)چەکدارانی قیادە موەقەتە کەوتنە راوەدونانی (شەهید سەعید)، بەتایبەتی پاش ئەوەی شوێنەکەیان بۆ ئاشکرا بوو، چەندینجار هەوڵی

تیرۆرکردنیاندا، بەڵام خەڵکی گوندی (هەتریشێ)و بەتایبەتی (سۆفی عومەر)و براو ئامۆزاکانی، رازی نەبوون رادەستی بکەن و بەدرێژایی ئەو چوار ساڵە لایان مایەوە، پارێزگارییان لێکرد [١].

لە ماوەی دوو ساڵی یەکەمی مانەوەی لەماڵی (سۆفی عومەر) دا، (شەهید سەعید) نەیدەتوانی بەشێوەیەکی سروشتی رێبکات، دوای باشبوونی وەک یەکێک لە کوڕەکانی، کەوتە یارمەتیدانی (سۆفی عومەر) لە راپەڕاندنی کاروباری ماڵ و رەزو باخەکانیدا. رۆژگار تێدەپەڕین و ئەو هەر بیری لای کەسوکارو ئایندەی خۆی بوو، ئەو وایدەزانی یەکێتیەکەی و شۆڕشە نوێیەکەیان شکستیهێناوە، تاکو لە ساڵی ١٩٨٠ بەتەواوی ئارامی لێبڕا، بەتایبەتی دوای نەمانی قیادە موەقەتەو شوێنگرتنەوەی لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بڕیاریدا گوندەکە بەجێبهێڵێت و بڕوات بۆ کوردستانی سوریا..،

بەڵام لەوە دەترسا پێشمەرگەکانی پارتی رێی پێبگرن، بۆیە پەنای بۆ (سۆفی عومەر) بردو داوای لێکرد رێگەی پێبدات بڕوات و یارمەتیشی بدات لەگەیشتن بە کوردستانی سوریا، (سۆفی عومەر) بە داواکەی رازی بوو و لەگەڵ دەمسپیانی گوندەکەدا چوون بۆلای لێپرسراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکەیان، رێگەپێدان و رێڕەوێکی ئارامیان لە

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

گوندەکەوە تاناو سنووری تورکیا بۆ دابین کرد[١].

(شەهید سەعید) بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە ماڵئاوایی لە (سۆفی عومەر)و کوڕو کەسوکاری کرد کە لە ماوەی چوار ساڵدا لە جێگەی باوک و دایک و برا بوون بۆی و چارەسەریان دەکردو نان و ئاویان پێ دەداو لە دەستی بکوژانی هەڤاڵەکانی دەیانپاراست، بۆیە بەجێهێشتنی گوندەکە زۆر سەخت بوو بۆی، بەڵام ناچار بوو بڕوات و جارێکی دیکە بە بینینی کەسوکارەکەی شادبێتەوە. ژمارەیەک لە گەنجانی گوند هەتا پەڕینەوەی بۆ ناو سنووری تورکیا و گەیشتن بە گوندی (تاقینان)کە خاڵوانی لێنیشتەجێبوون، هاوەڵی (شەهید سەعید)یان کرد، دوای دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی، گەنجەکان گەڕانەوە بۆ گوندەکەی خۆیان و (شەهید سەعید) لە چاوەڕوانی دەرفەتێکدا بۆ ڕۆیشتن بۆ کوردستانی سوریا، ماوەی شەش مانگ لەو گوندەدا مایەوە، پاش ئەوە بە هاوکاری خاڵەکانی ڕێنیشاندەرێکیان دۆزیەوەو پێکەوە کەوتنەڕێ، لەدوای کاروانێکی سەخت و پڕ لە مەترسی و پیادەڕۆیی چوونە ناو خاکی کوردستانی سوریاوەو گەیشتنە ناوچەی (شۆڕشیێ) کە خزم و کەسی لێنیشتەجێبوون، لەوێ بە بینینی پێشمەرگەکانی یەکێتی و ئەو هەموو بارەگا زۆرەیان شاگەشکە بوو، هەروەها خزموکەسەکانی بە بینینی (شەهید سەعید) سەرسام بوون و هۆکاری دیارنەمانیان بۆ ئەو ماوە زۆرە لێپرسی، ئەویش تەواوی چیرۆکە خەمناک

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو

و جەرگبڕەکەی بۆ گێڕانەوە، ئەوانیش پێیانوت: «هەرچەندە یەکێتی لەسەر دەستی قیادە موەقەتەو هەندێک لە خێڵەکانی باکوری کوردستان گورزی کوشندەی بەرکەوت، بەڵام ورەی سەرکردەو کادرو پێشمەرگەو لایەنگرانی زۆر بەرزەو رۆژانە بە دەیان کورد پەیوەندییان پێوەدەکەن و دەچنە ریزی پێشمەرگەوە تابگەڕێنەوە بۆ کورستانی عێراق و ئەرکە حیزبی و سەربازییەکان جێبەجێ بکەن»، بە بیستنی ئەم هەواڵە خۆشانە فرمێسک لە چاوەکانی (شەهید سەعید) دەهاتەخوارێ و لەبەر خۆیەوە وتی: «ئەگەر ئەمە دۆخی یەکێتی و شۆڕش بووە، ئەی من چیمدەکرد ئەو ماوە زۆرە لەو گوندە؟! ئەگەر بمزانیبا زۆر زووتر دەگەڕامەوە [١].

دوای چەند رۆژێک لە پشوو، (شەهید سەعید) سەردانی بارەگای سەرەکی یەکێتیی لە قامیشلۆ کردو بە لێپرسراوانی وت: «من سەعیدم پێشمەرگەی مەفرەزەکەی دهۆک بەسەرکرایەتی (ئیبراهیم عەزۆ)، بەڵام بڕوایان پێنەکرد، چونکە یەکێتی پێش چوار ساڵ وەکو شەهیدێکی مەفرەزەکە رایگەیاندبوو، هەروەها پۆستەری (سەعید)یان لەگەڵ شەهیدانی مەفرەزەکەی (ئیبراهیم عەزۆ) هەڵواسی بوو، بۆیە داوایان لێکرد بە وردی بەسەرهاتەکەی بگێڕێتەوە، ئەویش تەواوی وردەکاری رووداوەکەو رزگاربوونی لە چنگی چەکدارانی قیادە موەقەتە لە کوشتارگەی ئەشکەوتی (باڤێ)ی بۆ گێڕانەوە، لێپرسراوانیش

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بەخێرهاتنەوەیان کردو گەڕاندیانەوە بۆ خزمەتی پێشمەرگایەتی و ناویان لێنا (شەهیدی زیندوو) هەروەها ناردیان بۆ دیمەشق بۆ چارەسەرکردنی برینە کۆنەکانی قاچی [١].

---

[١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد هەمان سەرچاوەی پێشوو.

# وێنەی هەندێك لە
# شەهید و پێشمەرگەكانی
# مەفرەزەكەی ئیبراهیم عەزۆ


□ وەرگێڕان و داڕشتنەوە: **بورهان حاجی سلێمان**



ئاڵای دەستمان بەخوێنی هاوڕێیان سوورە ئەڕۆین... گەرچی ڕێگای شۆڕش یەکجار دوورە
المجد والخلود لشهيد الثورة النقيب المهندس ابراهيم عزو ورفاقه الشهداء الأماجد
عاش التضامن الكفاحي بين الشعوب الثورية المناضلة من اجل التحرر الوطني والديمقراطية الشعبية
AFTER THE SURRENDER OF TRIBAL AND RIGHTIST LEADERSHIP OF THE KURDISH ARMED-MOVEMENT IN IRAQ AS THE RESULT OF THE TREACHEROUS AGREEMENT BETWEEN IRAQI AND IRANIAN GOVERNMENTS, A GROUP OF YOUNG, PROGRESSIVE AND REVOLUTIONARY MEN ( FROM PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN ) UNDER THE LEADERSHIP OF IBRAHIM AZO ( A MILITARY ENGINEER ), ROSE IN JUNE 1976 TO ORGANIZE ONE OF THE FIRST REVOLUTIONARY NUCLEUS IN IRAQI KURDISTAN IN PREPARATION FOR THE MASS ARMED STRUGGLE.
IN JULY AND AUGUST 1976, A BLOODY PLOT WAS PLANNED BY THE KURDISH REACTIONARY FORCES WITH THEIR AGENTS AND THE HELP OF TURKISH FASCISTS INTELLIGENCE OFFICES AGAINST THESE REVOLUTIONARY MEN. THEY WERE ARRESTED AND MURDERED IN THE MOST BARBARIC WAY. THIS WAS CARRIED OUT TO SUPPRESS THE KURDISH REVOLUTION AND TO IMPLEMENT THE IMPERIALISTIC, ZIONIST AND REACTIONARY PLANS IN THE AREA.
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
الاتحاد الوطني الكردستاني
PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN «P.U.K.»
(مظفر النواب)




PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
19
75
شەهید /محمد حاجی محمد


الشهيد عبالرحمن شنكالي





الشهيد نوري مراد علي



شهيد/يونس زكرى عبدال




الشهيد مصتو محسن عمر




شەهيد/ عزت اسماعيل هەبێ



شەهید/ ابراهیم خلیل فقی



الشهيد ابراهيم عزو



جليل شهباز



شەهید/ طه عمر سعید



الشهيد عبدالجبار عبدالغني سندي



شەهید/ عمر ابراهیم رشید



شهيد سعيد




الشهيد سولاقا توما شمعون



الشهيد حسين تمر قاسم




شەهید/ احمد محمد احمد



الشهيد عبدالحميد عمر تعلو



شەهید/ صابرعرب عبدی


الشهيد عزالدين صديق كريم خوراني


PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
19
75
شەهيد/ ياسين حامد يوسف


PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN
19
75
شەهيد/ جاسم محمد احمد

# سەرچاوەکان

**کتێب:**

**کتێبە عەرەبییەکان:**

١- عادل موراد، الانطلاقه من طليطله الى بغداد.. خواطر بعد ثلاثين عاما، دهۆک.

٢- صلاح الخرسان التيارات السياسية في كردستان العراق، قراءة في ملفات الحركات والاحزاب الكردية في العراق ١٩٤٦ – ٢٠٠١، بيروت مؤسسة البلاغ للطباعة والتوزيع ط١/ ٢٠٠١

**کتێبە کوردییەکان:**

١- ئاشنا، کورتەک ل دۆر سیاسەت و مێژوویا ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، ٢٠١١

٢- ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم بەرگی یەکەم، ٢٠١٦

٣- ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، چاپی سێیەم بەرگی دووەم، ٢٠١٦

٤- ڕێبوار ساڵح، ڕێگایەک بۆ ئازادی، ٢٠٠٦

٥- ڕەهبەری سەید ئیبراهیم، سایەی هەیبەسوڵتان، ٢٠٠٨

٦- مام جەلال، دیداری تەمەن/ لە لاوێتیەوە بۆ کۆشکی کۆماری ئا: سەلاح رەشید، بەشی دووەم

٧- نەوشیروان مستەفا ئەمین، لە کەناری دانۆبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ.. دیوی ناوەوەی رووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٥-١٩٧٨

**چاوپێکەوتنە کەسییەکان:**

١- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئیبراهیم عەبدولکەریم محەمەد، ٢٠١٨/٥/٤ لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات - دهۆک.

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ جەلیل عەبدوڵا شاباز، ٥ / ٣ / ٢٠١٨ لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات لە شاری دهۆک.

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ سعود عەلی خالد ناسراو بە (شەهید سەعید)، ٢٠١٨/٦/١٢، لە بینای کەناڵی ئائاسمانی بادینان سات لە شاری دهۆک.

٤- چاوپێکەوتن لەگەڵ سدیق مستەفا ئیبراهیم (مەلا سدیق)، ٢٠١٨/٦/٢٠ لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان سات - دهۆک

٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ عەدنان موفتی سەرکردە لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، ٢٠٢٠/١١/١٢ماڵەکەی خۆی لە شاری هەولێر

٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ غەنی عەبدوڵا شاباز، ٢٠١٩/٧/١٥ بە ماسنجەر

٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ لەشکر عەبدوڵا ئەحمەد ناسراو بە (لەشکر بادینی)، ٢٠١٨/٥/١ لە بینای کەناڵی ئاسمانی بادینان

سات لە شاری دهۆک.

٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ م.خ.س، ٢٠١٩/٥/٢٩، لە ماڵی لەشکر عەبدوڵا ئەحمەد (لەشکر بادینی) لە شاری زاخۆ.

٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ مەجید لاوەند سەرگەلی، ٢٠١٩/٣/٢٥ لەماڵی خۆیان لەگوندی مێرستەک – قەزای ئامێدی.

١٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلا بەختیار، ٢٠١٩/٥/١٤ لە بنکەی روناکبیری گەلاوێژ – شاری سلێمانی

١١- چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلام ئەحمەد محەمەد، ٢٠٢٠/٥/١٣ لە بینای کەناڵی دەزگای میدایی بادینان سات - دهۆک.

پێگەکانی ئینتەرنێت

1- www.algardenia.com. Terath-watareck/15228-1975.html1-

2- https/www.pukmedia.com/ar_kitab.aspx?jimara124330=

هێڵکارییەکان:

نەخشەڕێی مەفرەزەکان لەلایەن موقەدەمی روکن نزار ئیبراهیم شاڵی، فەرماندەی فەوجی یەکی لیوای چواری سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەوە هێڵکاری بۆ کراوە.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
PATRIOTOC UNION OF KURDISTAN
مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هۆشیاری